سەلام عومەر

# لەقینی بەردەکان

## ڕۆمان

**ناوی کتێب- لەقینی بەردەکان**
**بابەت- رۆمان**
**نووسینی- سەلام عومەر**
**پیت چنین- نووسەر**
**دیزاینی بەرگ‌و ناوەرۆك- هێرش مەغدید**
**چاپخانە**: **تاران**
**نرخ**: 3000
**تیراژ**:500
**چاپی یەکەم** 2020

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان-
هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی ((531
ساڵی 2020 ی پێدراوە

تـاوێره بەردەكـانی كێـوی سـەفین رەگیـان بەنێـو جەسـتەیەكی پـتەودا چەقیـوەو بە ئامـان‌و زەمـان هەڵناقەنـدرێن، لەوەتەی دنیا دنیـایە پشـتی هەولێری گرتوەو وەك قەڵایەكی ئاسنین پارێزەری ئەم شـارە دێـرینەیە، چـاوی لەسـەر هەڵنـاگرێ و لەهەمـوو سـەردەمە كـۆن و نوێیەكانـدا وەك هەڵـۆیەك ئەو دەشـتە كاكیبەكـاكیەی خسـتۆتە ژێـر چـاودێری خـۆیەوە، بنـاری ئەم چیـا سـەختە دەیـان گونـدو شـارۆچكەی پێـوە هەڵواسـراوەو ئـاوی سـەفینە شێتیان بەناودا دەڕژێ، زستانان لەباوەشی هەوردا دەخوسێ و بەهارانیش هێندە سەوزە چاوی لەبەر هەڵنـایە، شـەوانەش تـابلێی بەرز دیـارە بـۆتە هێلانەیەكی گەورەو ئەستێرەی لەسەر دەنیشنەوە، خـۆ بەرۆژیـش كە بەتەنیشـتیدا رەتـدەبی تەم باوەشـیان لێداوەو باشـوو و باڵنـدە بەرزە فڕەكـان چریكەیـان دێـت هەر جـوڵەیەك لەم چیـایە هەبێـت ئەوان وەك نێچیر دەیبینن و هەردوو باڵیان جووت

دەکەن و وەک موشـــەک خـــۆ بەنێـــو تاوێرەکانـــدا دەکەن .

سـەفین بەقەد ژمـارەی تاشـەکانی تـۆپ و گـوللەی بەسەردا باریوە کەچی هەرلەجێی خۆی وەستاوەو نەلەقیـوە، کاتێـک جەنـگ هەڵدەگیرسـێ ئەو نـرکەی دێ، گـــرمەیەک لەنێـــو تاوێرەکـــانییەوە دەردەچـــێ چـــۆکی دوژمـــن بەزەویـــدادەدا، نـــاڵەیەک کە کەس نازانێ لەکوێوە دێ وەک هەور دەگرمێنێ و خورپە دەخـــاتە دڵـــی داگیـــرکەرانەوە، ئەوێ ســـەنگەرێکی گەورەیەو ورە بە جەنگاوەرەکان دەبەخشێ و پێیـان دەڵێ ئەمن پشتێکی ئەستوورم و دەتوانن لە دامێنی مندا نیشانەکانی سەر دڵی دوژمن بپێکن، منتـان هەم و قەڵایەکـــانی ئەوان بەقەت گـــابەرێکی مـــن نـــابێ، لانەی هەڵۆیەکانم لەنێو بیشەڵانەکانمدا قایم کردوەو ئێوەش دەتـوانن لە لوتکەکانی مندا ببـنە شـەهێن، لە تولە رێکانمدا ببنە پڵنگ و لەنێو بیشەڵانەکانمدا شێر، تـامن هەبـم ئێـوە دەمێـنن و تـا ئێـوەش بمێـنن مـن پەناگەتـانم، جێپێی ئێوە بە هەورازو بـزنە رێیەکـانی منەوە نوسـاوەو بۆ هەمیشـە دەیپارێزم، نسـارم بـۆ خەوتانەو لوتکەم پەناگەتان.

ئێرە پەنای هەزاران ریشن بووە، گوللەی ناکـاوی رۆژە ماندووەکان چەنـدین جـار جەسـتەی سـمیون،

ئێستا من هەر لەجێگەی خۆمدام و هەزاران یادەوەری پیاوە ریشن و چڵکنەکانم لەنێو سەنگەرەکانمدا حەشار داوە، لە یەک بە یەکی ڕێبوارەکان دەڕوانم، دەزانم پۆشتەکانی ئەمڕۆ کە کلکی دوژمنانیان لە خۆیان بەستووە ناوێرن بێرەدا بێن، ئەوان لەنێو دامێنی ژنەکانیان بچوک بوونەتەوەو ئیدی دامێنی من بەخۆیان ناگرێ، بۆیە بەدەم ڕێبوارە نوێیەکان پێدەکەنم، دەبمە چیمەن بۆ ریشدارەکان و دەبمە گۆڕیش بۆ کلکدارەکان.

سەفین لە جەنگدا پەنایەو لە سەردەمی ئاشتی و وەرزی سەیرانیشدا بناری ئەم چیایە هەموو هەولێر لەخۆدەگرێ، جیهانێکە لە سەوزایی و تەواوی کانییەکانی بۆ گەشتیاران دەتەقێنێتەوە، خێزانەکان بەجلی ئاڵووالاوە بناری ئەم چیایە دەکەنە سابات و خوانی لێ دەڕازێننەوە، دەنگی دەهۆڵ گەشتیاران هەر لەجێی خۆیان بە هەڵپەڕین دێنێ، دوکەڵ لە پەنای بەردەکانەوە دەچێتە تاقی ئاسمان، بۆن دۆڵمەو بریانی و گۆشتی برژاو هەموو سوچێکی ئەم چیایە دادەپۆشێ، هەر منداڵەو تۆپی لێ خلۆر دەبێتەوە، ئەوەندەنا قوتابیانی کۆلیژەکانی کشتوکاڵ و جیۆلۆجی بەو چیایەدا وەردەبن و خەریکی توێژینەوەکانیان دەبن، لەوێدا گیا دەگمەن و بەردە

بەتەمەنەکان دەخەنە ژێر چاودێریانەوەو نمونەی لێوەردەگرن.

ئاخر لەوێ بوو ئەوساڵەی کە بەفرێکی ئەستور کێوی سەفینی قورس کردبوو، لە هەموو لاکانییەوە لەنێو شیو و کەندەڵانەکانییەوە بەفر دادەخزی و لەگەڵ بایەکی وەک مووس هەولێری دەتەزاند، ئەو ساڵە هەتا دوای نەورۆزیش بەفر لەسەر لوتکەو دیوی نساری سەفینی مابوو، ئیدی هەرئەو ساڵە دەیان قوتابی زانستە جیۆلۆجیەکانی هەولێر، گەشتی دووەمیان بۆ چیای سەفین کردبوو و خەریکی توێژینەوە بوون، خەریکی وردکردنی بەرد بوون و لەسەریان دەنووسی بەخۆیان و چەکوچە باریکەکانیانەوە لەو بەردە رەق و پتەوانەیان دەدا کە وەک ئاسن بوون، بەڵام بەهۆی ئەو تەڕوتوشیەی ئەو ساڵە سەفینی گرتەوە ژێریان شل ببۆوە، دواتریش پێیان دەگوت ساڵی بەفرە ئەستوورەکە.

قوتابییەکان خەریکی توێژینەوەی خۆیان دەبن، دەیانەوێ نمونەی هەموو جۆرە بەردەکان وەرگرن و بیبەنەوە تاقیگەکانیان و راپۆرتی خۆیان بدەنە مامۆستا کە نمرەیەکی باشی لەسەر دەبێت، ئا لەوکاتانەدا بەردێک لە جێی خۆی دەلەقێ و دواتر

دەخـــزێ، لە بـــن ئەو بەردەدا کانیـــاوێکی کـــۆن، لە ســـــەفین کـــۆنتر دەتەقێـــتەوەو ئەو تـــاوێرە بەردە بەجۆرێـــک هەڵـــدەتەکێنێ، وەک ئەوەی گرکانێـــک لە ژێریەوە دەرچێ، کانییەک نا ئەتۆبڵێ روبارێک لەژێر ئەو بەردە زەبەلـــلاحەدا هـــاژەی دێ و بەبنـــاری سـەفیندا بەخـورِ دەرژێتە دەشـتاییەکانی هەولێرەوە، ئەو کـانییە دواتـر چەنـدین بەیـت و بـالۆرەی بـۆ درووستدەکرێ، پیاوە بەتەمەنەکانی بناری سەفین دەسـتە دەسـتە بۆ سـەیرکردنی دەچـن و تەماشـای دەکەن، دەیانگوت:

ئەوە پەرجویە رویداوە پێشتر هەرگیز لەو قەمچانە ئاوی وا زۆر بەسەفینیدا نەڕژاوە، بەتایبەتیش ئەوەتا دەڵـێن لەگەڵ تەقینـی کانیـاوەکە ســەرەتا ئـاوەکە سوور سوور بووە دواتر روون بۆتەوە، هەندێکیش دەیانگوت:

نا لەسـەردەمە زۆر دوورەکانی باپیرە گەورەمان ئەو کانییە هەبووە بەڵام بەو ئاستە زۆرەی ئێستای نا، لەشکری بێگانان هاتوون و ئەو تاوێرەیان لەسەر ئەو کـــانییەی دانـــاوە هەتـــا ســـەرچاوەی ئـــاوی جەنگاوەرەکان ببڕن، هەش بوو دەیگوت:

نەخێـر بەفـرە ئەسـتوورەکەی ئەمسـاڵ سـەفینی پڕکـردووە لەئـاو و پفـی دابـوو، ئەگەر ئەو قوتابیانە

دەستیان تێوەر نەداباو هەڵیان نەکۆڵیبا ئەوە دوور نەبوو سەفین بتەقێتەوە و گوندو شارۆچکەکانی ئەو بنارە هەمووی ژێر ئاو کەوتبان.

ئیدی تەقینەوەی ئەو کانییە ببوە باس و خواس و هەر دەشتی هەولێری نەگرتەوە بەنێو چیاکانی خۆشناوەتیدا رەت بوو و خۆی گەیاندە باڵەییان و باڵەکایەتی و چۆمانیشی بەجێهێشت، بەولایەیدا خلۆر بۆوە سماقولی و کۆیەو خۆی گەیاندە دووکان، هەر لەوێ بازیدایە سلێمانی و چۆڕایە بیتوێنەوە بە دەربەندیشدا تێپەڕی و لە قەڵادزێ گیرسایەوە، ئالەوێ لەهەموو شوێنەکان زیاتر باس لە ئەفسانەی تەقینەوەی کانیاوەکەی سەفین دەکرا، خەڵکی ئەو پشدەرە تەواویان بەهۆی ئەم روداوە ناکاوەوە بەرگی رەشیان پۆشی، ئاخر بۆ ئەوان هەر ئاو نەڕژا خوێنیشی لەگەڵ پڕژا، یەک لەو قوتابییانەی جیلۆجی کە لە بناری سەفین خەریکی توێژینەوە دەبێت ناوی رزگارەو یەکەم ساڵی کۆلیژیەتی، ئەو تاوێرە نەعلەتییە بەسەر ویدا دێ و دەیکاتە هەنجیر، هەر لەوێ گیانی لە دەست دەدات و قوتابییەکان لە خەمان چەکوچ و تورەگەکانیان فڕێدەدەن و چاو بەگریان دەگەڕێنەوە.

ئیدی بەرد لە پشدەرێ زیندوو دەبێتەوە، ئەفسانەی خۆشەویستی نێوان نازدارو رزگار وەک حیکایەتەکانی شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنوون دەماودەم دەڕۆن، پەردە نهێنیەکانی ئەم دوو عاشقە هەڵدەدرێتەوەو ئەو بەردە تیژو بچوکەی نازداری کوشت دێتەوە نێو باس و خواسان و تاوێرەکەی سەفینیش ئەفسانەیەکی نوێتر هەڵدەداتە ئەو دەفەرەوە.

ئەو کچانەی بەبەرد هەڵماقۆیان دەکرد بەردەکانیان شاردەوەو ساپساپێنی منداڵان کۆتایی هات و گەنجەکانیش ئیدی کەلابەردیان درووست نەکردەوەو دارلاستیکەکان سوتێنران و قۆچەقانیەکانیشیان بەیەکجاری لەبیر خۆیان بردەوە، ژنان نەیاندەتوانی بەردە یاپراغەکانیان فرێدەن بۆیە لە بن کەندووە نان و فەردە گەنمانیان تەقەت دەکرد، خۆ شەڕە بەردی کۆڵانان بۆ هەتاهەتایە نەماو خەڵکی وەک شەیتان تەماشای بەردیان دەکرد.

پیاوێکی دیندار دەیگوت خودا لەخۆڕا تەیرەل ئەبابیلی نەناردە سەر سوپای کافران و هەر بەبەرد هەمووی تەفرو توونا کردن، ئەوەتا دوو بەردیشی بۆ ئەو دوانە ناردوو کردنییە پەندی زەمانە.

یەکی دی دەیگوت:

نـا ئەوانە هەردووکیـان بەهەشـتی بـوون خـودا لە جیابوونەوەیـانی ژەوانەو عاشـقەکانی لە بەهەشـتێ بەیەکتری شاد کردوونەوە.

پیـــاوێکیش کە لەگەڵ جەنـــازەی رزگـــاری لە هەولێرەوە هاتبوو دەیگوت:

نارە ناری بەردەکە گەیشتۆتە هەولێرێ و روبـاری بەستۆرە هەستاوەو لە هەینێوە نەنیشتۆتەوە، وارێـن هەوکەش قیچەک خینی سۆر سۆر بە بەردەکانەوە هیشک بویتەوە.

پیاوێکی بەردتاش کە لەخەمی پیشەکەی خۆیدابوو دەیگوت:

هەمـوو ئەو باگردێنـانەی درووسـتم کـردوون لە بەرد تاشـیوومن و تـا ئێسـتا یەکیـان بەسـەر روح لەبەرێکدا نەخزیوە، پیاوی چابن ئەگەر بەرد ئەوەندە شـووم بێت بانەکانمـان هەمووی دڵۆپەی دەکـات و بەسەرماندا دەڕمێ، ئاخر رسقی من لە بەرددایە بە فەخـری عـالەم ئەوەم نەمێنێ لەبرسـا دەمرم، باشـە قوڕمساغێک بە کەریەتی بەرد بەکار دێنێ و خەڵکی پێدەکوژێ بەرد چبکا، ئەوجا باشە پیاو بچتە حەجێ بەچی شـەیتانی رەجمکـا؟ ماڵتانخەرانەبێت ئەرێوەڵڵا خـۆ کێـوی پیـرۆزی عەرەفـاتیش هەر بەردە، خـۆ

پێغەمــبەری عەرەبــانیش لە ئەشــکەوتێکی بەردیــن پەیامی بۆهات و تەواوی ئەشکەوتەکەش بەردە، بابە لەوەش گەڕێن پیاو بیەوێ سێبەردەی لە مستی ژنێ بنێ چبکاوچبلێ؟.

یەکیدی دەیگوت:

باشــە خــۆ ســەدان کەس گــردان بنکــۆڵ دەکەن و وەبــن گڵێنجــانی دەکەون و دەمـــرن، ئەمەش کە دەمـــرین هەر دەنـــخەنە نێـــو گڵـــی و بەبەرد دەمانشـارنەوە، خەتـای بەرد چییە ئەدی بـۆ باسـی گڵی ناکەن؟

یەکیدیش هەڵیدایەو گوتی:

راستدەکا ئەدی لافاو چەند گوندو شـاری رامـاڵیوە چەند گەنج و جەوانی قوتداوە بۆ باسی ئاوێ نـاکەن ئـاو؟ ئەو خەڵـکە هەر لەبەردی داهێنـاوە بە فەخـری عـالەم ئـاگر لە وانیش زاڵمترە، کوڕە ئەگەر بۆخـۆن چـــیلکەی لە هـــێلانە زەردەواڵان وەرنەدەیـــن قەت پێمانەوە نادەن، کابرا دەچێت گڵەبانی بێنـێ گردێکـی زەبەلـلاح بنکـۆڵ دەکـاو دواتـر بەسـەریدادێ دەڵـێن وەبـن گڵنجـانی کەوتـووە، ئەو کـوڕەش ملـی وەبەر ملـی تاشـە بەردێکـی سـەفینی نـاوە، بـابە خـۆ ئەتـۆ فەرهـاد نـی بـزانە چـی بەسـەر خـۆی هێنـا، کـوڕە هەمووی خەتای خۆنە.

هەمــوو ئەو بــاس و خواســانە لە کــاتی بەخــاک ســـپاردنی رزگـــاردا دەگـــوتران، لەوێ شـــین و رۆرۆیەک بــوو ئەوســەری دیــار نەبــوو، هەر کەســە نزیکەکــانی رزگــار نــا بەڵکــو تەواوی ئــاوایی فرمێســکیان دەڕشــت، قەنــدیلی هــاوڕێی رزگــار کە هەموو جەستەی خوێن بوو هەر لە چیای سەفینەوە نەیهێشت کەس رزگار لە باوەش کات خۆی نەبێ، ئەگەر جار جار بیدابایە وەلی هاوڕێی ئەوە هەرزوو لێـی وەردەگـرتەوە، لە کـاتی شاردنەوەشـی سـوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێت لە تەنیشت نازدار بنێژرێ، هەموویــانی ناچــاری رایەکەی خــۆی کــردو هەر نەختێـک لەولای نـازدارەوە ناشـتیان، لەم نێوەنـدەدا نوری ددانسازی باوکی نازداری جوانەمەرگ هەر لە هاتوچۆدا بوو دەتگوت ماخۆلانی گرتـووە بۆیە هـیچ قســەی نەبــوو، گــۆڕ هەڵکەنەکــان هەر بەتەنیشــت نــازداری جـوانە مەرگەوە رزگاریـان هاویشـتە نێـو دوو بەردی کوشندەوەو بەخاکیان سپارد، دولبەرو دایکـــی نـــازدار بەکەس رانەدەوەســـتان، ئەحەی بۆیـاخچی بـاوکی رزگـار بەدەنگـی پیـاوانەو بەکـوڵ دەگریـا، بـاوکو بـرای نـازداریش کوڵمەیـان تەڕتەڕ ببوو، وەلی هاوڕێی کۆلیژی کە لەهەولێرەوە هـاتبوو تەواوی چیرۆکی تراژیدی رزگاری هـاتەوە بەرچـاو،

بــۆیە بە جلــوبەرگی خوێنــاویەوە ئــاگر لە چــاوی دەبــاری، خــۆزگەی دەخواســـت قەت نەیناســـیبا، قەندیلی برادەریشـی وشـک وشک ببۆوە، لالـیش کە دەمێک نەبوو ببووە برادەری سەری بە کێلی رزگـار کردبــوو بەجۆرێــک دەگریــا هەمــوانی سەرســام کردبــوو، ئەم دیــمەنە نــاخ هەژێــنە فرمێســکی بە هەمــوان وەرانــد، ئیــدی وەک هەمیشــە بەیەکەوە لە کەشێکی ماتەمدا کە جگە لە نووزانەوەو دەنگی پێی ئامـادەبوان کەس ورتەی لێوە نەهـات و بە بێدەنگی گەڕانەوە قەڵادزێ.

دوای ســـێ رۆژ پرســـــە دانـــــان، قوتـــــابی و مامۆســـتاکانی جیۆلـــۆجی گەڕانەوە هەولێـــر، بەڵام وەلـی هـاوڕێی کۆلیژیـان مـایەوەو بڕیاریـدا قەنـدیل بەتەنێ جێنەهێڵێ، مامۆستاکەیان زۆر بەدڵتەنگییەوە کە دیار بوو هەرگیز خەمی وا قورسـی نەخواردبـوو دەســـتی لە جانتـــاکەی راکـــردوو دووا راپـــۆرتی رزگاری دایەوە دەست قەندیل و گوتی:

رزگار راپۆرتی گەشتی یەکەمی سەریرەشی دایە مــن، ئەم راپــۆرتە ئەدەبــی و زانســتییەو رســتەی کـاریگەرو زۆر تـایبەتی تێدایە، سـەرەتا منـی خسـتە گومانەوە لە چۆنییەتی نووسینی راپۆرتێکی ئەوهـا، بەڵام ئێسـتا توشـی شـۆکی کـردووم، دانەیەکـم لای

خۆم کۆپی کردوەو ئەوەش کەدەیدەمە تۆ خەتی خۆیەتی تکایە بیپارێزە.

قەندیلیش تەنها سێ ڕۆژ بوو گوێی لە دەنگی رزگار نەبوو بوو، تەواوی دیمەنە شیرن و تراژیدیەکانی هاتەوە بەرچاو، راپۆرتەکەی لە مامۆستا وەرگرت و روخسەتیشی لێوەرگرت کە لەگەڵ وەلی چەند رۆژێکی دی دەگەڕێنەوە، ئیدی بە دەرفەتی زانی و لەگەڵ وەلی دەستی بە خوێندنەوەی کرد:

راپۆرتی زانستی

**چیا سەخت و دڵرفێنەکەی سەریرەش (بەرد)بەنموونە**

**رزگار ئەحمەد حوسێن**

(بەرد لە ریزی کەرەستە بێگیانەکانە بەڵام دەتوانێ گیان ببا، بەرد پەیوەستە بە دیاریکردنی جۆرەکانی بەردو دابەشبوونیان و هۆکارەکان کە کاریگەریان هەیەو چۆنیەتی دروستبوون و گەشەکردنیان لە رێگەی کارلێکە موگناتیسیەکانی زەویەوەیە، زەویش پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەو هێڵکارییە زانستیەکان کە راستەوخۆ چیاکان و دەشت و بیابانەکان

لەخۆدەگرێت و ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەری خۆی جێدەهێڵێ کە زانستی جیۆلۆجی پێمان دەناسێنێ بەڵام من لە روانگەی خۆمەوە دەمەوێت لەسەرکەڤر بدوێم چونکە کەڤر کاریگەری گەورەی لە ژیانی تایبەتی خۆم جێهێشتوەو دەخوازم لە یەکەم راپۆرتدا کەڤر وەک ئەوەی من دەیبینم پێناسە بکەم، خۆ دەزانم بەبێ شیکاریەکان و تاقیکردنەوە کیمیاییەکان ناتوانین تەمەن و پێکهاتەی ئەم کەڤرانە بنووسینەوە، بەڵام لەدەرەوەی پێکهاتەکانی بەردوو پێناسەکان جۆرە ناساندنێکی دی هەیە پێویستە هەموو بیزانین، وەک ئەوەی من دەیڵێم:

ئەگەر خاوەن گیانێک روح وەبەر بەرددا نەکا، ئەگەر هێزی سرووشت بەرد نەجوڵێنێ، واتە هێزێک هێز بەبەرددا نەکا بەرد هیچی پێناکرێ نەدەجوڵێ نەدەلەقێ نە دەکرێتە مرۆڤ و گیاندارو کەرەستە جۆراو جۆرەکان، هەموو جۆرە بەردەکان بایی خۆیان مەترسیان هەیە بەڵام بەردی تیژ و ورد هەن جگە لە گیاندارەکان مرۆڤیش دەکوژن، هەروا بەردی گەورەش هەیە ترسناکە، بەتایبەت ئەوانەی لە چیاکانەوە دادەڕمێن، بەردێکی بچووک دەتوانێ کارەساتێکی گەورە درووستکا، بەردیش هەیە زەبەلاحەو بۆتە پەناگەی بوونەوەرەکان، ئەوە

ئەشکەوتە بەردینەکان بوون مرۆڤیان لە کارەساتە سرووشتیەکان دەپاراست و هەر ئەو بەردانە بوون دەبوونە پێداویستی رۆژانەیان، هەتا ئێستاش تەواوی گیاندارە بەبەرد بوەکان و نیشانەو وێنەکانی سەر بەردی ئەشکەوتەکانن چیرۆکی هەزاران ساڵی ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، چاخی بەردین نمونەیەکی زیندووی ئەوکاتە کە بەرد هەیبەتی خۆی پیشانی مرۆڤ داوەو پێی گوتووە تۆ دەبێت منت هەبێ، بێ من گیاندارە سەر ئاسنینەکان بەکەڵبە تیژەکانیان ونجڕ ونجڕتان دەکەن، لەهەمان سەردەم و کاتدا هەر بەرد بووەتە هۆکاری کوشتن و رەشکردنەوەی ئەوانی دی و هەر بەکەرەستەی بەردین مرۆڤەکان کەوتوونە نێو گیانی یەکترەوە و خەریکبووە بوونی مرۆڤایەتی بخەنە مەترسیەوە، کەواتە چیرۆکی بەرد لە چیرۆکی مرۆڤ درێشترە، تەمەنی لە تەمەنی مرۆڤ درێژترەو بەردەوامتریش دەبێت، ئێمە نەشمێنین ئەوان هەردەمێنن، بۆیە هەرگیز لەو بەردانە مەترسن کە لەنێو شیویکدان و هەندێجار لافاو یان روداوێکی سروشتی دەیلەقێنێ کێلی گۆڕەکان چەند پتەو و زەبەلاح بن، چەند ناوی گەورەو مێژووی گەورەو بەردی دانسقە بن هەرچەندی بەنێو زەویدا رۆچوبن، یان شڕوشەپڕێو

و خــاوەنی بەهێزیــان هەبــێ، لە لەقینــی ئەوانــیش مەترســن، ئـاخر ئەوجـۆرە بەردانە(هەڵنـاگیرێن بـۆ هاویشـتن) هەروا(لەشـوێنی خۆیـان سـەنگینن) بـۆیە نەترســی بەرکەوتنتــان هەبــێ نەشــێلانی جەســتە، نەخلۆر بوونەوەو زیاد بوونی لاشـەیان ئەو بەردانە ئەگەرچـــی گۆڕانکـــارییە جیۆلۆجیەکـــانی زەوی دروســتی کــردوون، بەڵام هەڵیــداونە شــوێنێک کە دەکـرێ ببـنە سـەنگەر یـان بەربەسـت و هەنـدێجار سـێبەر و کێـل، ئەگەر بشـلەقن دواجـار دەکەونەوە شوێنی خۆیان، بەڵام ئەو بەردانەی لە لوتکەدان یان لەبەرزیـدا خۆیـان نمـایش دەکەن و بەهەڵـدێرێکەوە نووســاون، ئەو بەردانەی سروشــت فڕێــی داونە شــوێنە خزەکـان و لەقەدپاڵێـک لەبـری ئەوەی چـاو لەهەورازکەن هەر ســەرنجیان لەخــوارەوەیە، ئەوانە جێگەی مەترسین چونکە کە خلۆر دەبنەوە هەندێ جــار هەپــڕون بەهەپــڕوون دەبــن و دەبێــت بە گســکوبێڵ کۆیــانکەیەوە، خــۆ هەنــدێ جــاریش گاشـــەیدی لەگەڵ خۆیـــان دەهێـــنن و ئافـــات دروســتدەکەن، دووریــش نیــیە بەســەر ئاوایییەکـدا بـڕمێن و ببـنە هۆکـاری لەنـاوبردنی گونـدێک یـان شـارێک و وڵاتێک، ئالەوکاتـانەدا لەقینی ئەو بەردانە ترسـناکن چـونکە شارسـتانیەتێک تێکوپێـک دەدەن

بەخۆیانەوە هەموان لەناو دەبەن، بەردی لوتکەکان ئەوانەی لە هەڵدێرو شوێنە خزەکانن چەند گەورە بن هێندە مەترسیدارترن، ئەو بەردانەی کە هێشتا نەچوونەتە دۆخی چڕی تەواوەوە زوو خۆیان دەردەخەن و سرووشتیش بەئەنقەست لەبەرزی جێی هێشتوون و ئەوانە هەر بەلەقینێک وردووخاش دەبن و هەرگیز توانای بەریەککەوتنیان بەو بەردانە نییە کە لەنزمیدا جێگەی خۆیان چێکردوەو روو لە هەورازن، خۆ بەردە پتەو و ئاسنینەکان ئەگەر لە بەرزییەوە خلۆر ببنەوە وەک هەور دەگرمێنن وناڵەیان لەنێو کەندەکاندا دەنگ دەداتەوە، ئیدی ئەم بەردانە جێگەی مەترسین، چونکە دوور نییە جێگەی بەردە چەقیوەکانیش لەقکەن و بەسەریاندا بازدەن یان لەهەر بەریەککەوتنێکدا خۆیان و ئەوانیش وردوخاشکەن دواتر لافاوێک یان کارەساتێکی سرووشتی هەموان بەیەکەوە، بەردەکانی چیا بەرزەکان و ئەوانەش کە لەنێو شیوەکاندان رابماڵدرێنە نێو ئەو زێ و ئاوانەی روەو دەریان، ئیدی بۆیە لەو بەردانە مەترسن کە لەنزمیدان، بەڵام بەردە کەللە رەقەکانی بەرزی ترسناکن خلۆر ببنەوە بەتەنیا نایەن وەکو رەنوو چیایەک لەگەڵ خۆیان دادەماڵن، دێن و مەگەر خۆ بە کەللەی تاشەیەکی

نەلەقیودادەن تا هەپڕوون بەهەپڕوونیانکا ئەگەرنا بەخۆیانەوە هەموان دەبەن.

بەردەکان لە ئەژمار نایەن راستە گەورەکانیان ترسناکن بەڵام هەندێ جار بە بچوکەکانیان کەڵەکی لێدرووستدەکەن ئەو کەڵەکە بەردانە بۆ جیاکردنەوەی تخوبەکانە بۆ پاکردنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکانە هەندێ جار ئەو بەردانە بەسەر خاوەنەکەیدا یان رێبوارو منداڵاندا رمیون و کارەساتیان درووستکردووە، خۆ هەندێجاریش بوونەتە مۆڵگەی یان شاری مارو دووپشکەکان و زەویە دێمی و بەیار و خەڵکی ئاواییان هەراسان کردووە، ئەو کەڵەکانە دەسکردی مرۆڤن دەسکردی ئەو جوتیارو خاوەن زەویانەن کە ژیانی خێزانێک یان چەندین خێزانی لەسەرە، خۆیان هەر بەدەستی خۆیان سنوور بۆ یەکتری دادەنێن هەر بەدەست و ئارەقەی ماندووبوونی خۆیان لەسەر یەکی دادەنێن و ناویشی دەنێن وشکەکەڵەک، ئەو وشکە کەڵەکانەش مەترسی زۆریان هەیە ئەگەر خڕکە بەردێک لە ناوی یان لەبنی بخزێ ئەوە دارمان رودەدات و ئەوەی لەبنیەوە بێت دەیشێلێ، ئاخر هەر لەخۆوە باسی بەردتان بۆناکەم بەچاوی خۆم کەڵەکە بەردم دیوە بەسەر خاوەنەکەیدا رمیوە

نانی لەتنەکردۆتەوە، بەسەر منداڵاندا هاتووە هەموو جەســـتەی شــێلاون، ئەدی بـــۆ شـــەڕە بەردی گەڕەکەکـــان نـــاڵێن چەنـــد منـــداڵ هەر بەبەردی قۆچەقـانی و دارلاسـتیک سـەریان شـکاوەو کـوێر بـوون؟ چەنـد بەردی گەورە کە دەڵـێن(نیشـانەی پێدانەدانە) هاویشتراوەو هەناسەی لە بەر بڕیون، نا هەرلەخـۆوە باسـی بەردتـان بۆنـاکەم هێشـتا لەنێـو مۆزەخانەکاندا بەردی تاشراوهەن کراونە شمشێر و تیـر و رمـب و جۆرەهـا چەکـی دی کە یەکتریـان پێکوشـــتوەو بـۆ راویـش بەکاریـان هێنـاوە، بەرد هەرچەنـدە سـوودی زۆری بۆمـان هەبـووە ئەدی نـابینن خـانوە کوردەواریەکـان هەر بەبەردو قـوڕ درووسـتکراون ئەشـکەوتەکان لەبەر داتاشـراون و تەنانەت ئەهرامەکانی میسر هەتا ئێستاش سەیرترین شـــتێکن کە وەک خۆیـــان مـــاونەوە، بەڵام زۆر جـارانیش کارەسـات درووسـتدەکا، کەواتە بەرد لە پـێش ئـێمە درووسـت بـوەو لەدوای ئێمەشـەوە هەردەمێنـــی، ئەگەرچـــی زۆر کەرەســـتەی وەک ئاسـنمان لەبەرد دەرهێنـاوەو بەرد دوای مرۆڤـایەتی کەوتــووە، بەڵام زانسـت پێمانـدەڵێ رۆژێـک دێـت ئێمەش بەبەرد بین ، یان( بۆ هەر تاکێک بەردێک دەبێت سەری خۆی پێبشکێنێ) وەک ئەو روداوەی

بەردێکــی بچــووک درووســتی کــردو کارەســاتێکی گەورەی بەدوایخۆیدا هێنا، ژیانی منی کردە دۆزەخ و دواتــریش لە نێــو بەرددا گیرســامەوە، لەنێــو زانســـتەکانی بەرداو هەڵزنـــان بەســـەر بەردو شــکاندنیان و راپــۆرت نووســین لەســەر بەردوو چــۆنیەتی درووســتبوون و کــارلێکە فیزیــای و کیمیاییەکانی، ئیدی بەرد لەمن نابێتەوەو وەک گوتم:
ئـێمە نـامێنین بەڵام بەرد هەر دەمێنـێ دوور نیـیە منـیش نەمێـنم بەڵام چیرۆکــی بەرد کە ژیــانی بەم رۆژە گەیاندم کەسێک دەبێت بۆتان بگێڕێتەوە)
1987\3\11

قەنــدیل کە راپــۆرتەکەی رزگــاری تەواو کــرد موچوڕکێک لەبنی پێیەوە هات و لە تەپڵی سەری دەرچوو،
وەلی سەری لەو رێکەوتە سەیرە سوورماو چاوی تەڕ تەڕ بوو، قەندیلیش هەروا بۆیە بڕیاریدا خۆی و بەردو رزگار بە چیرۆککا، تا هەمیشە ئەم عاشقانە بــزر نەبــن و بخوێنـدرێنەوە، تـا تەواوی مامۆسـتاو قوتابیەکـانی جیۆلـۆجی ئاشـنای ژیـانی رزگـار بـن، هات و بەر لەوەی بگەڕێتەوە زانکۆ خۆی کردە ئەو

کەسە نەناسەی خەونی رزگار بوو، لەبری راپۆرتی زانستی ئەویش چیرۆکێکی راستەقینەی نووسیەوە.

***************

هێشتا منداڵ بووم یاریم بەبەرد دەکردوو لە چۆلەکەو نێو دارەکانم دەگرت، مانای گەورەیی بەردم نەدەزانی چیرۆکی بەردێک ماڵەو ماڵ دەڕۆیشت، ئێمەی منداڵیش بەناچاری بەردەکانمان

لە دەســت کەوتە خــوارەوەو ئیــدی ببــڕای ببــڕ نەمانهاویشــتەوە، ئــاخر دەترســاین ئــێمەش ببیــنە بکوژو وەک ئەو منداڵە خەڵکی پێمان بڵێن دۆزەخی، یــان دووچــاری کێشــەیەکی ئەوەنــدە گەورەبــین خانەوادەکەمــان ســەرگەردان و دەربەدەر بــن، ئەو چیــرۆکە هەر لە ئــاواییەکەی ئــێمە دەنگــی نەدایەوە گونداو گوند رۆی تا گەیشتە ئەودیوی سنوورەکان و ئەوجــار پــۆلیس و پیــاوانی حکــومەتیش هــاتن و منــداڵەکەیان راپــێچ کــرد، دواتــر هێنایــانەوەو ترســی لێدەباری، هەربۆیە دوای ئەم روداوە ئێمەش لەبەرد دەترســـاین چـــۆلەکەو شوشـــەی پەنجەرەکـــان و هەمـــوان کەوتـــنە پشـــوو، لێـــرەدا دەمەوێ ئەو بەسەرهاتەی بەردتان لەنێو هەزارەها روداوی دیدا بــۆ بگێــڕمەوە کەراســتەوخۆ پەیوەنــدی بەبەردەوە هەیە:

(کۆمەڵێک منداڵ پێشبڕکێی بەرد هاویشتن دەکەن تــا بــزانن کــێ دەتــوانێ بــۆ دوورتــرین شــوێن هەڵیدا، لەم نێوەنــدەدا بەردێــک بەدەســت منــداڵێکەوە دەبــێ، بەڵام چتــۆ بەرد، بەردێکــی تیــژ تیــژ، رێــک وەکــو ئەوبەردانەی مرۆڤـــی نیانـــدەرتاڵ بەســـەری رمەکانیــانەوە دەخســت، یــان وەک چەقــۆ بەکاریــان دەهێنــا، دووریــش نیــیە هەر ئەو بەردانە بێــت و

دەســت ئەو منــداڵە کەوتبێ، بەنیــازی ئەوەی بــۆ دوورترین شوێنی هەڵداو ماسولکە ناسکەکانی خۆی پێتــاقی بکــاتەوە، تفێکــی لە بەردەکە کــردو بەهەمــوو هێزی خۆی دەیهاوێ، دەگێڕنەوە ئەو بەردە بەســەر دووماڵـــدا رۆشـــتوەو ونەی هـــاتووە، هەنـــدێک گوتوویانە گیفەی ئەو بەردە رۆژەرێیەک رۆیشتووە، جیرانەکانی بەرامبەریان گوتبوویان نا ئەوە پارچەی نیازگێک بوەو لە ئاسمانەوە هاتووە، هەر باش بــووە ئەســتێرەکە بەســەر ئاواییدا نەڕژاوە دەنــا هەمــووی دەکـــردینە خـــۆڵەمێش، گەڕەکەکەی تەنیشـــتیان کە دواتــر کەتنــی بەردەکە دەبیســتن دەڵــێن تەوژم و خێرایـــــی ئەو بەردە گەڵاو گـــــوڵی ماڵەکـــــانی هەڵوەراندوەو جلکی لە رستان کردۆتەوە، باڵندەکانی بەرزەفڕ کردوون و هەندێکیان ئەوە بۆ چەند ساڵێک دەبێت هەر نەگەڕاونەوە نــاو هێلانەکانیــان، کــوڕێکی عاشــق کە دواتــر دەگەڕێــمەوە ســەری گوتبــووی پێشــتر گــوێم لە دەنگــی نــاڵەیەک بــوو لەئاســمانەوە دەهـــات بـــایەک کە هەر لەزریـــان دەچـــوو کەزی خۆشەویســتەکەمی بەلایەکــدا بــردوو خــرمەی لێــوە هێنــا، ئیــدی پڕوشــکی خــوێن بەســەرمدا بــاری و خۆشەویستەکەمی لولداو لەنەکاوێک هەر ئەوەندەم زانی لەسەر سوێبانەکە تەپەی هات دواتر بەنەرمی

شۆِبۆوە خوارێ ئەمن گرتمەوە بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر قــورس بــوو پشــتاو پشــت هەردووکمــان بەربووینەوە.

چیرۆکــی ئەو بەردە هەر لەم شــاۆچکەیە خــۆی عاســێ نەکــرد، پەڕیەوە گونــدەکانی دەوروبەر، لە یەک لە گونــدەکان وەک ئەفســانە دەیــانگێڕایەوە دەیانگوت:

شــەیتان حەســوودی بە دوو دڵــدار بــردووە بەردێکــی تیــژی لە دووری چەنــدین فرســەخەوە هاویشتووە لە کەللەی کچێکی جحێڵی داوەو لایەکی ســەری بــردووە، دواتــر لاشــەی کــچەکە کەوتــۆتە باوەشــی دڵــدارەکەی و هەر لەوێ تەواو بــووە، لە گوندێکی دوورتــری ســەر سنوور پیاوێــک هەمــوو جحێڵــی ئــاوایی کۆدەکــاتەوەو دەڵــێ پەرجــوو رووی داوە وەرن بــزانن خــودای تــاک و تەنیــا لە هــیچ غــافڵنییە ئەوەتــا هەفــتەی رابــردوو لەشــارۆچکەیەکی هاوزمانمان کچ و کوڕێک بەیەکەوە دەبن بەردێکی نــامۆ کە کەس نــازانێ لەکوێــوە دێ کەلــلەی ســەری کــچەکە دەبــات و هەر لەوێ لەباوەشــی دڵــدارە ناشــەرعیەکەی گیان لە دەستت دەدات و لاشــەکەشــی بەبــێ ســەر دەنێــژرێ، ئەوەتــا هەفــتەیەکە لە ســەری کچەکە دەگەڕێن و بۆیــان نــادۆزرێتەوە، هەمــوو ئەو

بەیت و بالۆرانە لە پرسەی ئەوکچەدا باس دەکرێن کە بەردەکەی وێدەکەوێ و دواتر گیانی لە دەستدەدا، روداوەکە دەماودەم دەڕواو دەبێتە سەرباسی هەموو دانیشتنەکانی شەوانەی بەرئاگردان و مزگەوت و کۆبوونەوەکانی کانییە ژنان و پیاوان.

جا بابێینەوە سەر چیرۆکی بەردەکە، ئەومنداڵە گوناحە هەروەک گوتمان تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی هێزی ماسولکەکانی ئەو بەردە داوێ، بەڵام بۆ نەگبەتی بە چاوی کچە بەدەو و نازدارەکەی جیرانیان دەکەوێو هەر لەوێ چاوی دەڕژێ، دواتر کوڕێک کە هەموو گیانی خوێن دەبێت بە هاوکاری جیرانەکان دەیگەیەننە نزیکترین نوژدار کە کاری چاکردنەوەی برین و شکان دەبێت، ئەو شوێنە شکاوەکانی بۆ دەبەستێت و بەڵام هەرچیدەکات برینە قوڵەکەی چاوی پێ تیمار ناکرێ دواتر چەندین نوژداری پێدەکەن هەریەکەو بە کەیفی خۆی جۆرە هەتوانێکی تێهەڵدەسوێ و تا لێی پیس دەکات و هەفتەیەک نابا دەمرێ، کە لەپرسەکەشدا کەسوکاری کچەکە ئەو هەموو چیرۆکە سەیرو سەمەرانەیان گوێ لێدەبێت، بەدووی هاتنی بەردەکە دەکەون و هەر لەمنداڵی گەڕەک گوێیان لێدەبێت و

منداڵەکە دەدۆزنەوە، دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر، لە گرتن و شکات و حکومەت، دواجار ریش سپی و پیاوماقوڵی ئاوایی دێنە ناو کێشەکەوە و دەزانن نە دووژمنایەتی هەیەو نە منداڵەکەش بە ئەنقەست ئەو کارەی کردووە، هەر بەخوانێکی ئێوارە کە پیاو چاکێک بۆ دامرکانەوەی ئاگر سازی دەکات لەماڵی منداڵەکە خۆش دەبن.

ئەم روداوە لەنێو ئاوایدا خەریکی لەبیر چوونەوە دەبێ، بەڵام بێئاگان لەوەی کوڕێک یان شەیدایەکی ونی ئەو کچە کە ئاگای لەهەموو روداوەکان بووەو بەچاوی خۆی دیویەتی چی رووی داوەو هەر خۆشی گەیاندوویەتییە نوژدار، هەرخەریکی گریانەو لەناخەوە دارِماوە، ئەو عاشقە لەلای قەندیلی برادەری گوتوویەتی:

لەگەڵ سوور هەڵگەڕانی چاوی نازدارەکەم، کە هەربەراستیش ناوی نازدار دەبێت، چاوی منیش خوێنی لێدەتکێ، ئێستا جیهان لای من سوور سوورە، چاوم لەنێو گۆمێک خوێندا مەلەدەکاو هەرگیز گیفەی ئەو بەردە لەمێشم دەرناچێ کە لەتەنیش منەوە چاوی ژیانی منی رژاندە سەر سوێبانەکەو منیش تەنیا ئەوەندەم پێکرا کە کردم، ئێستا لەوساتەدا کە بەردێکی وێڵ دڵی منی هەلاهەلا

کـردوەو منـیش تەنیـایم هەڵبـژارد لەنـاخەوە ئـازار دەچێـــژم، خەوم دەزڕێنـــێ و مێشـــکم دەخـــوا، حەزمـــدەکرد ئەو بەردە یـــان هەر بەردێکـــی دی بەمنـیش کەوتبـاو ئەو کارەسـاتەم نەدیبـا، ئـاخر دەگـونجێ لەبەر چـاوی مـن هەمـوو ژیـانم بكـوژن نەتوانم رزگاریکەم یان تۆڵەی بکەمەوە، ئالەوكاتەی من و ئەو نەخشەی ئایندەمان دادەنا پرشکی خوێنی جەسـتەی نـازدارەکەم بەسـەرمدا ببـارێ و دواتـر جەســـتەیەکی بێگیـــان لەو بەرزیەوە بکەوێـــتە خوارەوەو هەر لەبەر چاوی من تێک بشکێ و منیش هیچم پێنەکرێ؟

بەردێـک ژیـانی منـی پێکـاوەو خـۆزگە بەر مـن کەوتبـــاو ئەو هەمـــوو ئـــازارە ژیـــانی هەراســـان نەکردبـام، ئێسـتا مـن و بەرد دووژمنایەتیمـان هەیە، هەر بەردێـــک دەبیـــنم پیمـــوایە دووژمنێکـــی سەرسەختمەو دەبێت وردووخاش بکرێ، ئەو منداڵە چەتوونەش کە بەبەردێک ئایندەمی برد دێت و وەکو جـاران وەک هـیچ روینەدابـێ گەمـانی خـۆی دەکـا، ئێسـتا لەدیدی منـدا ئەو منـداڵەش لە بەردێک زیـاتر نیـیە، بـۆیە حەزدەکەم وردوخـاش بێـت بەردێکـی زەبەلاح بە تەپڵـی سـەری کەوێ و ئەوسـا منـیش کەمیک خەمەکانم سووک دەبن.

ئەو کوڕە داماوە لە ئەژمەت و توڕەیی ناخی بیر لە تۆڵەو مردنی ئەوانیدی دەکاتەوە ئەگەرنا کوڕێکی برنجیەو ناخێکی پاکوبێگەردی هەیە، هەروا جگە لە هەندێک کەسی زۆر نزیکی کە بەروداوەکەو سووتانی ناخی دەزانن زۆرینەی خەڵکی ئاوایی بێئاگان، رۆژانە سەردانی گۆڕستان دەکات و بەچاوێکی سووررداگەڕاوەوە دەگەڕێتەوە ئاوایی، لەماڵێش بە تەنیاو زۆرینەی کات لە تەنیشت کەنتۆرەکەی فرمێسک دەڕێژێ، وەک ئەوەی شتێکی لەنێو کەنتۆرەکە حەشار دابێ و نەیەوێ کەس پێی بزانێ، رۆژێک لەو رۆژانە کە کوڕەکە چۆتە گۆڕستان و خۆی بەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەیدا شۆڕ کردۆتەوەو پڕ بەدەنگی دەگریاو دەنووزێتەوە، رێک لەو ساتەی لە هەناویدا هەموو یادەوەریەکان دێن و دەچن و ئەویش خۆی بەتەنیایی دەبینێ، فرمێسک دەڕێژێت و هەناسەو دەنگی هەنسکەکانی تۆز لە گڵکۆی خۆشەویستەکەی هەڵدەستێنێ، رێک لەم کاتانەدا دایک و خوشکێکی خۆشەویستەکەی کە ناوی دولبەر دەبێت، لەسەرسەری و بەگریانەوە دەردەکەون، ئەو دیمەنە هەرسێکیان تووشی شۆک دەکا، چونکە لەنێوان دوو کەسی نزیک و نەناساوێک لە دەوری گۆڕی پاکیزەیەک سێ دەنگی

جیاواز تێکەڵ دەبن، سێ جۆرە گریان سێ جۆرە فرمێسک ئاوێتەی یەکتری دەبن و دەچۆڕێنە سەر گڵکۆی پاکیزەیەک، دیمەنێکی دڵتەزێن هەرسێکیان دەڕژێنێتە سەر گڵکۆیەک کە هێشتا بۆنی نازدارەکەیان لە درزی کێل و هەناوی گۆڕەکەوە بۆ دێ، تاوێکی باش بەدیار یەکتریەوە بەبێ شەرم دەگرین و بێدەنگی هەڵدەبژێرن، بەڵام نیگا گۆڕینەوەکان هەزاران پرسیاری لەلای دایکە جەرگ سوتاوەکە درووستکردووە، لەناخی داکو خوشکێکدا کەمێک لەخەمەکان بەهۆی نامۆیی لاوێکەوە پەراوێز دەبن، هەروەک ئەوەی کەسێک بێت و بەشێک لە ئازارەکانی خێزانێک بۆ خۆی ببا.

سێ کەس لەسەر گۆڕێک دەگرین و هەرسێکیان ناتوانن لەو بێدەنگییە ترسناکە خۆیان قوتار کەن، سێ جوڵە سێ سەر بەسەر گڵکۆی پاکیزەیەکەوە شۆڕ بوونەتەوەو لە چاوەڕوانی تەقینەوەی نهێنیەکی گەورەدان، نهێنییەک دوور نییە ترازان درووستکا، یان بە پێچەوانەوە نزیکبوونەوەی زیاتر لە دایک بێت و ئارامییەک ببێتە سێبەری ئەو دۆخە ماتەمە، فرمێسکەکان ناوەستن وەک چۆن نیگاکانیش هەر لە جوڵەدان تا ئەوکاتەی لاوە هەناو گڕ

تێبەربووەکە دەیەوێ ماڵئاوایی بکات بەڵام داکو کچ نایەڵن و پێی دەڵێن ئەتۆ کێی؟

ئەویش کەنایەوێ خۆی بناسێنێ بەڵام کچەکە تەماشایەک دەداتە کوڕەکە و بەداکی دەڵێ:

ئەمن دیومە بەڵام نازانم کێیە، کوڕەکەش لەنێو ئەم دۆخە دژوارەدا بەتایبەت نیگای دولبەر کە هەم لەچاویدا خەندەو لەسیمایدا ماتەم ناچاری بەتاڵ کردنی خەمەکانی دەبێت، بۆیە لەوکاتانەی نیگاکان لە گۆڕینەوەدا بوون لە ناخەوە بڕیاری خۆی دابوو، ئەو دەیزانی دایکو خوشک وەک پیاو نین باشترین پارێزەری نهێنیەکانی یەکترن، هەروا ئیدی کار لەکار ترازاوەو بە ئاشکرابوونی کێشەیەک درووستنابێ جگە لەوەی باری سوک دەبێ ئەویش دەتوانێ خەمەکانی دابەشکا، بەتایبەتیش هەمیشە بەتەنیاو بەبێ قەندیلی برادەری دێتە گۆڕستان بۆیە دەڵێ:

من ناوم رزگارە کوڕی ئەحمەدی بۆیاخچیم ماڵمان لەوبەری ئاواییەکەیەو شەشە مانگ پێش ئەم روداوە جەرگ بڕە نازدارم ناسی، ریزێک فرمێسک بە چاوانیدا دەچۆڕێتەوەو بەردەوام دەبێت:

جگە لەنامەو هەندێ جار قسەکردنی خێرا هیچیدی لە بەینمان نەبووە، دواتر خەریک بووین دوا رۆژی خۆمان دیاری بکەین، ئەوکاتەش کە

روداوەکە رویدا لەسەر سوییبانی ماڵی سەید خالیدی جیرانتان بەیەکەوە قسەمان دەکرد، بەردێکی نەعلەتی هات، رینگەی لە نازدارەکەی ئێمەوە هێنا، جەرگی تۆی سوتاند و منیشی خستە ئەو دۆزەخەی دەیبینی.

ئەم چەند رستەیەی کوڕەکە درکاندی بووە گێژەڵوکەیەک و جارێکی دی تەقینەوەی گریان دەستی پێکردەوە، ناخی سێ مرۆڤ لەسەر گۆڕێکی وشک دەکولا، رابردوو بەنێو مێشکی دایکو کچێکدا زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین، ئەگەرچی کوڕەکە بەشێک لە خەمەکانی دابەشکرد، بەڵام گریانی ژن واینەدەگوت چۆکی کوڕەی شل کردوو ئەویش هەر بەدەنگەوە گریانێکی پیاوانەی ئاوێتەی دوو دەنگی ناسک کرد، دایکە بەدەم نووزانەوە دەیگوت:

کچە خێر لەخۆنەدیوەکەم نەگەیشتە مەرامی خۆی، هیچی نەدی تا بیگێڕێتەوە، دەبێت چەند ئومێد و خەونی لەگەڵ خۆی بردبێ؟ دەک هەلا هەلا بم نۆبەرەکەم.

دولبەر بەدەم گریانێکی ناسک کە بەردی دڵڕەقی دەتواندەوە لە دایکی وەردەگرتەوەو دەیگوت: بەتەنیا جێی هێشتم ، منیشی رەشپۆش کردوو ئیدی رازەکانی خۆم بەکێ بڵێم؟ ئەوەتا هەموو نهێنیەکانی

خوشکە شیرینەکەم لەسەر گڵکۆکەی کەوتوون، بەخودای دایە ئەگەر رزگاری خۆشەویستی نەیدرکاندبا منیش ئەو نهێنیەم دەبردە گڵەوە، بەدەم نووزانەوە خوشکەکەی فرمێسکی دەوەراندو چیرۆکێکی دوورو درێژی هەر بەچەند وشەیەک گوت.

ئیدی سێ کەس لەسەر گڵکۆیەک دیسانەوە کەوتنە بێدەنگیەکی قوڵەوە، سێ نیگا لە نێوان سێ برینداردا پێچاوپێچی دەکرد، وشە دڵتەزێنەکانی هەرسێکیان لەنێو بێدەنگیەکدا جار جار هەڵدەفڕین و بەرەو ئاسمان گمەیان دەهات، سێ جەستە لار ببونەوە خەریکی کەوتن بوون بەڵام بەش بوونی خەمەکان جارێکی دی راستی دەکردنەوە، تا ئەو کاتەی دایکی جەرگ سووتاو بێدەنگی و نیگاکان و نامۆ بوونی رزگاری تێکشکاندو توند لەباوەشی کردوو پێی گوت: کوڕەکەم خۆزگە کچەکەم بە جلی بوکێنی و تۆشم بە زاوایی دیبا، خۆزگە نەوەکانی خۆم لە باوەش کردباو ئەم خەمە قورسە هەڵی نەدەتەکاندین، ئای چ خوێناوێک لە جەرگم دێت، ئای چ ئازارێک هەلا هەلای کردووم؟.

ڕێک لەم کاتەدا رزگار بەدەنگێکی پڕ لەگریان یەخەی مرادخانیەکەی کردەوەو پەڵەی خوێنی نازداری پیشاندان و گوتی:

ئەوە پەڵە خوێنەکانی نازداری منە، ئەم کراسەش جلی زاوایەتیمەو بۆ هەمیشە دەبێت بەجەستەی منەوە بێت، ئیدی لار بۆوەو کەوت، دایکەش بەدیتنی ئەم دیمەنە بەتایبەتیش کە رزگاری لە باوەش گرت بۆنی نازداری کردو پەڵە خوێنەکانیش رەشکەوپێشکەی هاویشتە نێو دیدەکانیەوە، چۆکی شل بوو لرخەیەکی لێوەهات و لەگەڵ کۆمەڵێک قسەی خنکاودا شۆڕ بۆوە، دولبەریش بەدیتنی خوێنی خوشکی هەردوو پێڵوەکانی بەنیوە کراوەیی مانەوەو سپێنەی چاوی بەدەر کەوتن و لەگەڵ وان چۆڕایە سەر گڵکۆیەک، دیسانەوە کەشێکی ماتەم دایپۆشین.

ئێستا سێ گیان لەسەر گڵکۆیەکی وشک بەبێ هێزی وردە وردە دەتوێنەوە، نە زەوی دەتوانێ ئەوان هەستێنێتەوەو نە ئاسمانیش هیچی پێدەکرێ، نەهەورێک سێبەریان دەداتێ، نەرێژنەیەک بەسەریاندا رەتدەبێت و دەیانبینێ، لەنێو غەم و ئازارێکی تاقەتپڕوکێندا خەریکی هەڵکەندنی گۆڕی خۆیانن، تادێ لێویان وشکترو سپیتر دەبێ و

برژانگ و برۆشیان وردە وردە تۆزی گۆڕستانی لەسەر دەنیشێ، باڵندە گۆشتخۆرەکان وەک پەروانە بەئاسمانی گۆڕستاندا دەسووڕێنەوە، شلبوونەوەی سێ لاشە بۆتە چەقی بینینی ئەو باڵندانەو قیژەیان دەگاتە سەر زەوی‌و چی نێچیری ناو گۆڕستانە لەترسان چوونەتەوە ناو کون‌و کەلەبەرەکانی خۆیان، بۆنێک وردە وردە دەچۆڕێتە نێو شارە مێروەکانەوە ژێر زەوی جوڵەی تێدەکەوێ کەچی سێ کەس، نا ئەتۆبڵێ سێ لاشە بەجۆرێک باوەشیان لە گڵکۆیەک داوە پێناچێ هەرگیز هەستنەوە، ئاخر نەجوڵەیان ماوەو نە نووزەنووز، شل شل بوونەتەوەو دەڵێی گوڵی ئاونەدراون وەک شۆڕەبی بەسەر گۆڕێکدا شۆڕبوونەتەوەو گڵکۆکان دەڵێی شەپۆلی روبارن پێچاوپێچ دەکەن.

پێناچێ بەردیش خۆ لەبەر ئەم دیمەنە بگرێ، یان بتوانێ هەڵەکانی خۆی راستکاتەوەو چیدی خۆی نەهاوێتە نێو دەستی بکوژەکانەوە.

سێ کەس لە تەواوبووندان جەستەیان نەرم بۆتەوەو مێرو لەسەر کوڵمەو دەست و کراسەکانیان لە هاتوچۆدان، بۆنێکی سارد کە هەر لە بۆنی مردوو دەچێ گۆڕستان دادەگرێ، لە خشەی گەڵایەکان بترازێ سرتەیەک نایە، سێبەری کێلەکان

لە درێــژ بوونــدان، تــاریکی وردە وردە خەریکــی بارینەو نەرم نەرم باڵەکانی دەکاتەوە، چراکان لەنێو شاردا خەریکی بریسکانەوەن  چەند ژاوەژاوی شـار ئـارامتر دەبێـت هێنـدە هـاژەی روبـارەکە سەرشـێتر دەبیَ، جریوەی باڵندەکان لە کزبووندان، خۆر زەرد زەرد بــووەو تەم و دوکەڵە ژەهراویەکـان خەریکــی بزر کردنیەتی، تەنیا با کەزی دولبە  هەڵدەداتە سـەر لارومەتێکــی و لچکــی دایکــی دەجــولێنیَ، هەر بــا فرمێسکەکان وشک دەکاتەوەو کراسە خوێناویەکەی بەر رزگاریش جوانتر بەدەردەخا ئەگەرنا هەر دەڵێی پارچە جلێکن بە گۆڕێکدا دراون.

****************

ئەحمەدی بۆیاخچی لە بێڵڵایە تەسکەکەی خۆیان هەر لەهاتوو چۆدا دەبێ جگەرەی بە جگەرەی دادەگیرسێنێ کوڵەگێکی ئەستوور کە پێدەچێت سپیدار بێت تەواوی بێڵڵایەکەی خستۆتە سەر شانی خۆی، ئەحمەدی بۆیاخچیش شەپیلکی پێدەدات و هەموو قورساییی و فشارەکان دەکەونە سەری و ئەژنۆیەکانی دەست بە لەرزین دەکەن، چاوی دەچێتە سەر تیرو دڵێک کە لە شیپانەکە هەڵکەندرابوو، ئیدی هەر ئەوکات زانی عیشق دڵی رزگاریشی هەڵکۆڵیوە.

دنیا بەرەو تاریکی دەڕواو هێشتا رزگاری کوڕی نەگەڕاوەتەوە، سەدان خەیاڵ و غایلەی ناخۆش

بەمێشکیدا دێن و دەچن، ئەو دەیزانی کە کوڕەکەی عاشق بوەو کارەساتێک لێکیکردوون، هەروا دەمێک بوو هەستی بەلاوازی و تەنیایی کوڕەکەی کردبوو هەر بۆیە عەجمینی لەبەر بڕابوو، جارێک لەجاران داکی رزگاری گوتبووی کوڕەکەی ئێمە بەرگەی ئەو خەمە قورسە ناگرێ، با دایمەزرێنین یاخود لەگەڵ خۆت بیبە دووکان، بەڵام بابی بەپێی ئەزموونی خۆی وەڵامی دابۆوەو گوتبووی: لێیگەڕێ لەبیری دەچێتەوە هەروەک چۆن ئێمەش بەچاوی خۆمان مردنی ئازیزانمان دیت و لەبیرمان کرد، ئەم وەڵامە لەنێو مێشکی ئەحمەدی بۆیاخچی هەمیشە ئامادەیی هەبوو، ترسی روداوێک کە تەنانەت نەیدەوێرا بیریشی لێبکاتەوە عۆقرەی لەبەر بڕیبوو هەر لەهاتوچۆ دابوو، جگەرەی دەستی نێوانی هەردوو پەنجەی دەسووتاند کەچی ئەو نەیدەزانی پەنا بۆ کوێ ببا؟

داکی رزگاری ناوی بەسێ دەبێ ئەویش کێچ کەوتۆتە کەوڵیو ئارامی لێبڕاوە، بە بابی منداڵان دەڵێ: لەجیاتی ئەوەی ئەوەندە دێیت و دەچی و خەریکی جگەرە کێشانی بچۆ سۆراغێکی کوڕەکەمان بکە باشترە، ئاخر قەت ئاوا دووا

نەکەوتووە، بەخودای دڵم خەبەری داوە شتێک هەر روویداوە.

ئیدی ئەحەی بۆیاخچی بەخۆ دەکەوێ و ناچاری چوونە دەرێ دەبێ دەچێتە دووکانی جیرانەکەیان تا پاکەتێک جگەرە بکڕێ لەوێ قەندیلی برادەری رزگار دەبینێ، پێیدەڵێ: رزگارت نەدیوە؟

ئەویش دەڵێ: چۆن نەمدیوە تا عەسر بەیەکەوە بووین ئەو چۆ سەرقەبران و زۆر هەوڵمدا لەگەڵی بڕۆم بەڵام نەیهێشت چونکە هەمیشە حەزدەکات بەتەنیا بڕوا، ئەوە یەکەمجاریشی نییە هەموو رۆژێک دەچێتە وێ و تا ئێوارە ناگەڕێتەوە، بۆ هێشتا نەهاتۆتەوە؟

ئەحەی بۆیاخچی دەڵێ: نا هێشتا نەهاتۆتەوەو دڵمان هەر لایەتی،

قەندیلیش بەبابی رزگاری دەڵێ: دەبڕۆ خۆت بگۆڕە تا بەیەکەوە بچین سۆراغێکی بکەین.

ئیدی ئەحەی بۆیاخچی هەرزوو دەگەڕێتەوە ماڵ و بەهەڵەداوان خۆی دەگۆڕێ و لە گەڵ قەندیلی برادەری کوڕەکەی بەڕێ دەکەون.

قەندیل و رزگار دوو هاوڕێی گیانی بەگیانین، هەردووکیان شەشی ئامادەییان تەواو کردوەو چاوەڕێن ناویان لە کۆلیژێک دەرچێتو هەر

بەیەکەوە ئەویش تەواو کەن، ئەوان هیچ نهێنییەک لە نێوانیـان نیـیەو هەمیشـە بەیەکەوەن، ئەم روداوەش زیاترپێکیەوە گرێداون.

رێـی مـاڵی رزگـارو گۆڕسـتان ئەگەر بە قەدبـڕدا بـڕۆن بەپێ هەر بیست خولەکێک دەبێت، روبارێک ئـاواییو گۆڕسـتانەکە لێـک جیادەکـاتەوە بەڵام بە بەردەبازێـک دەتـوانن بـپەڕنەوە، سـەرەتای بەڕێکەوتنیان قەندیل بە بابی رزگاری دەڵێ:

خەمـت نەبێـت خـۆی لەبیـر کـردووە ئێسـتا دەیبیینینەوەو دەیهێنینەوە خۆت تەنگەتاو مەکە، بەڵام لەناخی قەندیلدا شتێکی دی هەیە ئەو تەواوی قسـەو بیرکـردنەوەو یادەوەریەکـانی رزگـاری دێـتەوە یـاد، بەتـایبەتی ئەوکاتـانەی هەمیشـە گوتـوویەتی (لەدوای خۆشەویسـتەکەم ئیـدی ژیـان تـاڵە، جگە لەو چـاوم کەسیدی نابینێ، ئـاخر لەبەرچـاوی خـۆم خـوێنی پژا کەچـی نەمتـوانی رزگـاری کەم) هەمـوو گوتەکـانی رزگار زۆر بەخێرایی بە مێشکی قەندیلدا رەتدەبوون کەچی هێشتا دڵخۆشی باوکی دەدایەوە.

ئەحەی بۆیـاخچیش دڵـی خێـرا لێـی دەداو زۆر بەپەلەش هەنگـاوی دەنـا، ئەو هەمیشـە پەردەیەکـی رەش بەری چـاوی گرتبـوو لاوازی کـوڕەکەیو گـۆڕانی هەڵسـوکەوتی لەدوای مردنـی

خۆشەویستەکەی جێگەیەکیان نەهێشتبۆوە تا ئومێدێکی تێدا بەدیکا بەڵام جارجاریش دڵە ماندووەکەی پێی دەگوت ژیان خۆشەویستە هەموو کەس توانای خۆ لەناوبردنی نییە بەتایبەت کە هێشتا کوڕەکەی تۆ سەرەتای لاویەتییەتی‌و دەکرێ گۆڕانی بەسەردابێ وەک هەموو ئەوانەی ئازیزانیان لە دەستداوەو کەچی ژیانیش بەردەوام بووە.

دووکەس لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختا بەخێرای‌و بەبێ چرپە بەرەو گۆڕستا دەڕۆیشتن، جگە لەدەنگی هەنگاوەکانیان هیچی دیت بەرگوێ نەدەکەوت، لێدانی دڵیان خێراو هەناسەیان لە دوورەوە دەبیسترا، هەردووک مێشکیان دەگوشی‌و دەیان بیرکردنەوەی ناخۆش بەرچاوی لێڵ کردبوون، ئەستێرەکانیش سەرەتای بەدەرکەوتنیان بوون، ژنان لە بانەکان خەرکی رشاندن‌و دانانی پەردەو کولله رەنگاوڕەنگەکان بوون، گۆزە ئاویان دەبردنە بانی تا بای شەماڵیان بگاتێ و فێنک ببنەوە ، هێشتا لە رۆخی ئاوایی بوون هاژەی روبارێک بەرگوێیان کەوت و نزیکی گۆڕستانەکەی پێگوتن، مەستەکان دەمێک بوو بەلاکەلاک نێو باخچەکانیان جێهێشتبوو و بەرەو ماڵەوە دەڕۆشتن، هەموو ئەوباڵندانەی کە لەسەر چڵوپۆپی دارەکان بوون گەڕابوونەوە

هێلانەکانیان و جریوەیان بڕابوو، قازو مراویەکان وەک پیشەی هەمیشەییان دەمێک بوو ئەوانیش چوبوونە نێو کۆلێتەکانی خۆیان بەڵام هێشتا جێپێی تەڕیان لەسەر تووله رێ خۆڵاویەکە بەدی دەکرا، گاوان گاڕانەکەی بەناو ئاوایدا بڵاو کردبۆوەو گامێش‌و مانگاکان چووبوونەوە نێو گەوڕەکانیان، سەرەتای بەدەرکەتنی بۆقەکان بوو لێرەو لەوێ قیڕەقیڕیان بێدەنگیەکەی دەشڵەقاند.

ئەو دووکەسە چەند لە روبارەکە نزیک دەبوونە هێندە خوڕەی زیاتر دەهات، بایەکی فێنک ماندوویەتی لەبیر دەبردنەوەو سیمای سارد دەکردنەوە، بەڵام دەروونیان وەک تەندوور داگیرسابوو، لە گەڵ گەیشتنیان بەو تولە رێیەی دەچۆوە سەر بەردەبازەکە دەنگی چەند پێیەک و تارمایی دوو کەسیدی بەدیار کەوت، هەرچواریان بەیەکەوە گەیشتنە بەردەبازەکەو سڵاویان لەیەکتری کرد، بەڵام هەر کەیەکتریان ناسی خورپەیەک کەوتە نێو دڵی ئەحەی بۆیاخچی باوکی رزگارو بەر لەوەی دەمی تێکئاڵێ قەندیل هاتە دەنگ و گوتی:

بەم درەنگ وەختە بۆکوێ؟

باوکو برای نازداری کۆچکردوو هەمان پرسیار لەمێشکیاندا بوو بەڵام قەندیل دەسپێشخەری کردوو

هەر زوو درکانــدی و بە ســڵاو ناســینەوەیەکی شــارەزایانە پرســیارو گومانەکــانی لە لایەک دانــاو ناچاری تۆقەی کردن.

باوکی جوانەمەرگ ناوی نوری ددان ساز بوو گوتی:

وەڵا داکی منداڵانو دولبەری کچم لە عەسرەوە چــوونەتە گۆڕســـتان نەگەڕاونەوە، ئەدی ئێـــوە چدەکەن؟

ئەحەی بۆیاخچی هاتە دەنگو گوتی:

رزگاری کوڕی منیش بەهەمان شێوە هەرگیز وا دوانەکەوتــووە تەواوی ئــاوایی گەڕاویــن تەنهــا گۆڕســتان مــاوە، بەراســتی دڵــم زۆر لە لایەتــی و دایکیشی شێت بووە لەتاوان.

ئەم وەڵامــانە جــگە لەوەی بێــدەنگی شــەق کــرد، ســەدان پرســیاری بێــوەڵامی لەلای هەرچواریــان درووســتکرد، دڵەکوتەکــان کە لەنێــو چــوار قەفەزەی سینگەوە دەردەچوون دەنگی خــوڕەی روبــارەکەی کەمتر دەکردەوە، چەنــد ســاتێک بێــدەنگی باشــترین وەڵام بــوو بــۆ یەکتــری، چاوەکــان وردە وردە تەڕ دەبــوون، لەنێــو ئەو بولێڵەشــدا کەچــی نەیانــدەتوانی رەنگــی دەموچاویــان کــۆنترۆڵ بــکەن، ئاڵەوکاتــانەدا دەبــوو فریــاد رەســێک هەبێــت و بێــدەنگی و

وەســـتانەکانیان تێکبشـــکێنێ چـــونکە لەنێـــو پرسیارگەلێکدا چەقیبوون، نەیاندەزانی بەکام ئاواز بەرز یان نزم نەرم یان رەق پرسیارەکان هەڵڕێژن، هەموو ئەوانە تەنیا لەچەند چرکەیەکدا بە مێشکیاندا رەتدەبوو، تا قەندیل هاتە دەنگ و گوتی:

با زیاتر دوانەکەوین شەودادێ بچین بزانین چی روویداوە ئیشاڵڵا هیچ نەبووەو هەموان سەلامەتن.

ئەم رستەیە وەڵامی هەموو پرسارە شاراوەکان بوو دەرفەتێک بوو بۆ جوڵەو زیاتر بەخۆ کەوتن، هەربۆیە هەموان روویان لە بەردەبازەکە کرد، هەندێ لە بەردەکان تازە ئاو رژابۆ سەریان چونکە دەڵێن شەوانە ئاو زیاد دەکات و ئەو بەردەبازانە بزر دەبن، یان تەڕدەبن و زۆر لووسن کەسی زۆر شارەزا نەبێت ناتوانێ بە ئاسانی بەسەریاندا بازدا، هەربۆیە قەندیل یەکەم کەس پێی هەڵدایە سەر یەکەم بەردوو بەغاردان بەسەریاندا پەڕیەوە، ئیدی ئەوانیدیش یەک یەک پەڕینەوە، دواتر هەرچواریان بەیەکەوە و بەبێـــدەنگی بەڕێکەوتـــن رویـــان لەو هەورازە کـــرد کە گۆڕســـتانەکەی لەســـەر بـــوو، تولەرێیەکی باریک کە پێیدەڵێن بزنەڕێ هەموانی ریز کرد، قەندیل لە پێشەوەو ئەوانیدیش بەدوایدا، ئێستا لە هزری ئەوانیدیدا تەنیا مەترسی مانەوەو

نەمـــانەوەی خۆشەویســـتانیان بـــوو بەڵام لە هــزری قەندیلـــــدا ئەوانەو زۆر شـــتی دی، ئەو دەترســـــا ونبووەکان لەســەر گۆڕی نازدار خۆیان کوشتبێ، یان یەکتریان زامدار کردبێ؟ یاخود کارەساتێکی نەزانــراو روویــدابێ و گرفتــی گەورە بــۆ ئەم دوو بنەماڵە بەرێزە درووست بێت، ئەویش لەم نێوەندە دووچاری کێشەیەک بێت کە دوورونزیک پەیوەندی بەوەوە نیـیە، ئەوانەو دەیــان خەیــاڵی دی قەنـدیلی هەراسان کردبوو.

کە گەیشـــتنە کەڵەکە بەردەکـــان واتە ســـنووری گۆڕستان، دەنگی هەناسەیان رۆژەڕێیەک دەڕۆی، ترســێکی شــاراوە رەنگــی گۆڕیبــوون، پرســیارو وەڵامەکــان لەشــوێنێک عاســێ ببــوون و زۆری نەمابوو ئازاد بن.

قەندیل یەکەم کەس بوو بەسەر کەڵەکەکان کەوت و ئاودیو بوو ئەوانی دیش بەدوایدا، بەڵام چونکە ئەحمەدی بۆیاخچی زۆر بەپەلە بوو ریزێک بەرد لە ژێر پێی خزی، خلۆر بوونەوەی بەردوو ساتمەی ئەحەی بۆیاخچی ئاوڕی بە هەموان دایەوە، ئیدی کەزانیـــان هـــیچ روویـــنەداوە، بەردەوام بـــوون لە رۆیشتن و بەنێو گۆڕەکاندا چەند پێچێکیان کرد، ئێوارەکە هێندە درەنگ ببوو بەزەحمەت بەرپێی

خـۆت دەدی، سـنەوبەرو داری سـەر گۆڕەکـانیش هێنـدەی دی رێـیەکەی بەر تەسـک کردبـۆوە، بەڵام ئەوان دەڕۆیشتن و تەواوی بەربەستەکانیان بڕی تـا گەیشـتنە سـەر گـۆڕی نـازداری جـوانە مەرگ، چـی ببینن؟

سـێ کەس یـان باشـترە بڵێـین سـێ تارمـایی وەک پەڕۆ بەسـەر گۆڕێکـدادراون ، وەک بەفـر خەریکـی تـوانەوەن و دەچـۆڕێنە نـاوی، سـێ کەسـی بێجـوڵە سـێ مـرۆڤ لەسـەر گڵکـۆیەک کەوتـوون مەزەنـدە دەکرێت زیاتر لە هەزار ساڵە لەوێن، بۆنی مـردوو بەر لـوتی هەمویـان کەوت، تـرس زۆر بەخێرایـی داگیـری کـردن و خەریـک بـوو چـۆکی هەمویـان لە زەوی بچەقێنـێ، هەناسـەکان دەتگـوت دەنگـی کـونە باکانن و تەماشاکانیش لە گۆڕێک چەقیبوون.

یەکێکیـــــان هەردوو دەســـــتی شـــــۆڕبۆتەوەو دەستێکیانی کەوتۆتە ئەودیوی گۆڕەکەو ئەویدیشـی لە دیـوی لایخـۆیەتی وەک ئەوەی تونـد باوەشـی لە گڵکۆکە دابـێ، لایەکـی روومەتـی لەسـەر خـۆڵەکەیەو نێـوچەوان و بـرۆو بژانگەکـانی تـۆز داپۆشـیوەو کراسـێکی خوێنـاوی لە ژێـر مرادخـانیەکەیەوە دەرکەوتووە، ئەوە رزگاری کوڕی ئەحەی بۆیاخچی بـوو، یەکێکـی کەیـان پرچەکـانی ئـاوەڵا بـوون و

دەستێکی لەسەر سەری بوو ئەویدیشی کەتبووە سەر کەسەکەی تەنیشتی عەبایەکەی هێشتا لەسەر شانی نەترازابوو بەڵام لەنێو خۆڵ و تۆزدا بۆر بۆر ببوو، ئەویش دایکی نازداری جوانەمەرگ بوو، دولبەریش کە زۆر باش دەناسرایەوە چونکە کراس و تەنوورەیەکی رەشی لەبەر بوو هەردوو لاقی کەوتبووە لایەکو لەسەر لاکەلەکەی بەسەر گۆڕەکەدا شۆڕ ببۆوە، رووی دەم و چاوی لە دایکی بوو لارومەتێکی ئەگەرچی ئەویش خۆڵی کەوتبووە سەر بەڵام وەک مانگ دەدرەوشایەوە، هەرسێکیان بەسەر گۆڕەکەدا کەوتبوون وەک ئەوەی بیانەوێ لە رەگەوە دەریبێنن و بەڵام نەتوانن، وەک ئەوەی گوێ لە رازو نیازەکانی ناو گۆڕەکە بگرن و بەڵام نەیبیستن، وەک ئەوەی هەوڵی چوونە ناو گۆڕەکە بدەن و بەڵام نەتوانن، یان بیانەوێ بۆ هەمیشە هەر لەوێ بن.

چوار کەسیش گەیشتوونە سەریان خەریکە دڵیان لەنێو قەفەزەی سنگیانەوە دەردەچێ، دیمەنێکی تراژیدی کە پێشتر هیچ کامیان نەیاندیوە رەنگییان زەرد زەرد دەکا، دەنگێک لە ناوەوەی خۆیان دەناڵێنێ و هەرچی دەکەن دەرناچێ، کۆمەڵێک چاو بۆ یەک چرکەش ناتروکێن، ئاراستەی بینینیان

کردۆتە سەر گڵکۆیەک کە بەدوو کێلی بەردین چوار تەرمی لەنێو خۆیدا گرمۆڵە کردووە، موچوڕکێک هەموو جەستەیان سڕ دەکات، بیرکردنەوەکانیان هێندە ئاڵۆز دەبێت نازانن لە کوێوە دەستپێبکەن، قەندیل کە لەم رووداوەدا هەمیشە دەستپێشخەرە، هاوار دەکات و پڕدەداتە رزگار و هەڵیدەگێڕێتەوە دەبینێت دەمو چاوی یەکپارچە خۆڵی سەر گڵکۆکەیە کەفێک بە دەمیەوە وشک بۆتەوەو وەک قوڕ پێیەوە نووساوە، بابی دەمێک دەبێت ناڵەیەک لە ناوەوەی قەتیس مابوو بەرەڵای دەکات و بەهەموو دەنگی هاوار دەکات دەڵێ ماوە؟ پەنجەکانی بە نەرمی دەخاتە سەردەمی تابزانێ هەناسە دەدا، قەندیل هاوار دەکات دەڵێ ماوە ئاو بێنن، رێک لەهەمان کاتدا باب و برای نازداریش پڕیان دەدەنێ و رێک وەکو رزگار هەردووک شل بوونەتەوەو دەم و چاویان لەنێو فرمێسک و خۆڵ و کەفی دەمیان قوڕاوی بووە، کە دەست دەخەنە سەر دەمیان هەردووک هەناسە دەدەن، ئەحەی بۆیاخچی کوڕەکەی لەباوەش دەگرێت و قەندیلیش بەهەڵەداوان رادەکاتە سەر حەوزی گۆڕستانەکەو یەک تەنەکە ئاو دەهێنێ لەگەڵ شوشتنی دەم و چاوی هەرسێکیان بەهۆش خۆیان دێنەوەو بەڵام

هەرسێکیان واقیان وڕ دەمێنێ، رزگار لەنێو کۆشی باوکیدا تەنیا چاوی دەگێڕێ نوقەی لێوە نایا، بەڵام دیمەنێکی نامۆ لە نێو بولێڵی ئێوارەدا دووچاری سەر سوورمانی دەکا بۆیە هیچی پێنابێت بۆ گوتن، بەتایبەتیش قوڕگی وشک بۆتەوەو چاوەڕێیە قومێک ئاو بیهێنێتەوە سەر باری ئاسایی.

دایکە لەباوەشی کوڕەکەیدا بەدەنگێکی نووساو تێکەڵ بەگریان دەڵێ چ بووە؟ بەڵام وەڵامەکەی دەستناکەوێ، کچەی داماویش کە چاو دەکاتەوە سەری بەکۆشی باوکی کردوەو باوکیشی بە پشدێنەکەی خەریکی سڕینەوەی دەم و چاویەتی هەوڵی هەستان دەدات و دەڵێ تینوومە.

ئەم دیمەنە لەنێو تاریکو روونی ئێوارەدا دەبێت، چوارپیاو وردە وردە تەمی ترس لەسەر سیمایان دەتەکێ بەڵام دەیان پرسیاری بزر دێن و دەچن، دایک و کچەکەش سەرەتای ترس دەبێت بۆیان و ناتوانن هیچ بڵێن، رزگاریش کە تەواو بەهۆش خۆی دێتەوەو دوو قوم ئاو دەخواتەوەو دەڵێ بابە چیمان بەسەر هاتووە؟

بابیشی دەڵێ: هیچ نییە کوڕم شوکور بۆخوا هەمووتان سەلامەتن.

لەنێــو شوشــتنی دەم و چــاوی هەرســێکیان و ئاوخواردنەوەو شوکرانە کردن، بێدەنگی دەسەڵاتی خــۆی دەســەپێنیو هیچکامیــان جــورئەتی پرســیار کردنیــان نیــیە، چــونکە تــازە هەناســەکان ئــارام بوونەتەوەو هەموانیش شتێ لەبارەی ئەم روداوەوە دەزانــن، بەڵام تــاکە پرســیاری بێــوەڵام لای بــاوکو بــرای نــازدار دەبێــت، ئەگەرچــی ئەوانــیش لەگەڵ گەیشــتنیان بەیەکتــری هەر لە نزیــک بەردەبازەکــانی ناو روبار چەند ئەگەرو پرسیارو وەڵامێکیان لەنێو هــزری خۆیــان گەڵاڵە کردبــوو، بــۆیە بێــدەنگی لەم کاتــانەدا باشــترین وەڵامــی پرســیارەکان دەبێــت و ئیدی بڕیاری گەڕانەوە دەدەن بۆنێو ئاوایی.

قەندیل لەم نێوەندەدا باشترین رۆڵی دەبێت چونکە تەواوی وەڵامەکـــــان لای ئەون و لەمکاتانەشـــــدا قورســترین ئەرک دەکەوێتە ســەر شــانی، بەخــاتری ئەوەی لەنێو وەڵامی پرسـیار گەلێکدا دۆخەکە ئـاڵۆز نەبێ یەکەم کەس بوو گوتی:

مــادام هەمــوو ســەلامەتن و هــیچ روداوێکــی خــراپ رووی نەداوە، بــابگەڕێینەوە چــونکە دوو خــانەوادە چاوەڕێمان دەکەن و دڵیان زۆر تەنگ بووە شوکر بوورابوونەوەو ئێستا هاتوونەوە هۆش خۆیان.

پێدەچوو هەموویان چاوەڕێی قسەیەکی وەها بن، بۆیە راستبوونەوەو بە هێواشی بەرەو ئاوایی خۆیان سووڕاند، دایکی نازدار کە تەواو هاتبووەوە هۆش خۆی دەستێکی بە گۆڕەکەدا هێناو بەتیلەی چاویش نیگایەکی لە رزگار گرت، وەک ئەوەی پێی بڵێ ئیدی خەمەکان بەش دەکەین و تێدەگەم لە چ ئازارێکدای.

ئەم نیگایە زۆر بەخێرایی بەنێو تەواوی ئامادەبواندا دەسووڕێتەوەو لەسەر سیمای مێردەکەی هەڵدەنیشێت و ئەویش هەڵیدەگرێت و خۆی دەزانێ کەی دەیداتەوە.، لەهەمان کاتدا ئەو نیگایە بەر دولبەریش دەکەوێ، ئەویش هەروەک دایکی نیگایەک دەهاوێ هەڵدەبەزێتەوەو لەگەڵ نیگای رزگار بەریەک دەکەون، بەریەککەتنی ئەم دوو نیگایە روناکیەک دەخزێنێتە نیو ناخی هەردووکیان، کەمێک لە خەمەکان دەسووتێنێ و پرسیاری زۆر قورس درووستدەکات کە زۆر بەزەحمەت وەڵامەکان دەستدەکەون، بەڵام هەرگیز نەیتوانی پەڵە خوێنی سەر سینگی رزگار رەشکاتەوە، هەموان خەریکی نیگا گۆڕینەوە دەبن بەڵام ئەم سێ نیگایە زۆرترین ماناو نهێنی لەنێوان

خۆیاندا حەشار داوەو لە هەمانکاتیشدا زۆرترین خەم دەوەرێننە سەر گۆڕی نازدارو جێی دەهێڵن.

حەوت کەس پشت لە گۆڕستان و روو لەئاوایی بەگردێکی لێژدا دێنە خوارێ، حەوت کەس جگە لە دەنگی پێیان سرتەیان لێوە نایە، حەوت تارمایی نێو ئێوارەیەکی درەنگ وەخت دەگەنە بەردەبازێکی ناو روبار بەڵام چونکە زۆربەی بەردەکان ئاو دایپۆشیون بۆیە تا چۆکیان هەڵدەکەن و دەپەڕنەوە، تاریکی خەریکی نمایشی خۆی دەبێت، بەڵام حەوت کەس بەرەو روناکیەکانی ئاوایی بە تولەرێیەکی باریکدا دەڕۆن و هەرگیز نەئاوڕ دەدەنەوە نە دەنگێکیشیان لێوە دێت، بەڵام تێکەڵ بوونی دەنگی حەوت هەناسە رۆژەڕێیەک دەڕوا، جێپێی تەڕی حەوت کەس دەکەونە سەر جێپێی قازو مراویەکان و بەتەواوی رەشیان دەکەنەوە، جلتە جلتی ناو پێڵاوە قوڕاویەکانی حەوت کەس دەنگی بۆق و سیسرکەکان دادەپۆشێ.

دەگەنە ناو ئاوایی و دووڕیانێک دوو خانەوادە لێک جیا دەکاتەوە، جگە لە ماڵئاوایی لەیەکتری هیچ قسەیەکیان نەبوو بۆ گوتن، قەندیلیش بەباشی زانی هیچ نەڵێ بۆیە دەستی لە کەمەری رزگار دەرهێناو تۆقەیەکی توندی لەگەڵ باوک و برای نازداری

جــوانە مەرگ کــردوو بە دەنگــی ماڵئــاوایی حەوت کەس کەلەیەک کاتـدا گـوترا جیـابوونەوە، هەریەکەو بەرەو ماڵێکی پڕ لە چاوەڕوانی ڕۆیشتن.

*************

ئێسـتا دەچیـنە نێـو دیمەنـی مـاڵی رزگـار، دوایـی بەهەمان ڕێدا دەگەڕێینەوە نێو خـانەوادەی نـازدار و بـزانین چـۆن دەگەنەوە مـاڵێ؟ لەگەڵ گەیشـتنەوەی رزگـارو بـاوکی بـۆ گەڕەکـی خۆیـان خێزانەکەیـان لەبەر دەرگـا بـوون، بەسـێی دایکـی تونـد رزگـاری لەباوەشــی گـرت، لەنێـو نـووزە نـووزو گریـانێکی

بەکوڵــدا بەتــایبەتیش کە فرمێســکی دایــک زۆر کـاریگەرە، ئەحەی بۆیـاخچیو قەنـدیلی برادەریشـی بەگریان هێنا، بەڵام لەلایەکەوەو کەمێک دوور لەوان فرمێسکیان دەڕشت، خوشک و براکانی رزگار یەک یەک خۆیـان پێـوە هەڵدەواسـی، بەبـێ ئەوەی کەس پرسـیار بکـات چـونکە هەمـوو وەڵامەکـان هەبـوون، دوای چـوونە ژوور ئـاوێکی سـاردیان خـواردەوەو نەیانهێشت قەندیلیش بڕوا و نانی ئێوارەیان لە نێو کەشێکی پڕ لەقسەی خۆشدا بردە سەر، رزگار لە کـاتی نـان خـواردن چوبـۆوە نێـو خـۆی تەواوی دیمەنەکانی دەهاتنەوە یاد بەتایبەت باوەش لێدانی دایکــی نــازدار، ئەو لە دوورەوە بــۆنی نــازداری کردبوو بەڵام ئەمجارەیان هەر لەنزیکەوە بۆنی بۆ دەهــات و بەســینگیەوە نووســابوو، هەر بــۆیە لەخۆشیان بوو یان لە خەمێکی قوڵ بێهۆش دەبێت، بەڵام ئێسـتا حەزیـدەکرد هەمیشـە هەر لەباوەشـی ئەوباو بۆنی نازداری بۆهاتبا، ئاخر چاوەکانی زۆر لە چـاوی نـازدار دەچـوون، پێسـتیو پرچـی رێـک نازدارێک بوو بۆ خۆی، هەستی دەکرد ئەمڕۆ کە بەتەنیا نەبوو بەشـێک لە خەماکانی بەجێمـاون، نـا لەنێو خۆیدا دەیگوت:

دایکی لێی ستاندم هەندێ جاریش نەوەڵڵا ئەدی نیگا پڕ لە فرمێسک و کەمەر بڕەکەی خوشکی؟ دەتگوت تەزووی کارەبایەو بە دەمارەکانمدا رەتدەبوون، ئاخر گەلێک مانای تێدابوو هەم لە پاراستنی نهێنیەکان و هەم لە سۆزێک بۆ ئەو خەمە قورسەی لە ناخمدا بوو، رزگار هەستیدەکرد دولبەر ئێستا دوو خەمی هەڵگرتووە هەم لە دەستدانی نازدارو هەم لاوێک کە بۆ نازدار دەسووتێ، بۆیە لەنێو خۆیدا و لەسەر نانخواردن سینگی کەمێک فراوان ببوو، بەڵام سوعبەتەکانی قەندیلی برادەری کە جار جارە پەنجەیەکی لە رانی رزگار دەکوتا بەهۆش خۆی دەهێنایەوەو، سەرلەنوێ دەچۆوە نێو بیرەوەریەکانی چەند سەعاتێک پێشتر، نیگایەک بەنێو خواردن و هەناویدا دەهات و دەچوو، باوەشێک کەبۆنێکی بەهەشتی دەهێنا ئیشتیای خواردنی زیاتر دەکردەوەو بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت، چەندین نیگا لە باب و خوشکو براکانیەوە بەری دەکەوتن و ئەویش تا ئەوان بەهیچ نەزانن و پرسیاری لێنەکەن قاپێک ئاوی هەڵدەگرت و دەیگوت زۆر تینووم بووە، لەگەڵ خواردنەوەی ئاو چاوێکی بەهەموانـدا دەگێڕا، هەستی دەکرد بەهاتنەوەی ئەو هەموویان دڵخۆشن، بەڵام تارمایی

ترس هێشتا بە سیمایانەوە بوو، ترسی ئەوەی نەکا رزگـار شـتێ لە خـۆی بکـات و دوای نـازدار مـردن هەڵبژێرێ، ئـاخر دەیـان ئەفسـانەو چیرۆکـی جۆراو جــۆری کــوردەواری هەن کە دوو عاشــق دوای مردنی یەکێکیان ئەویدیش هەمان رێی هەڵبژاردووە، ئەو ترسەی سیمایان هێشتا بزر نەببوو بۆیە رزگـار بەچەنـد وشـەیەکی شـیرین کە جیـاوازتر لە رۆژانـی رابــردووی، بەتــایبەتیش دوای ئــاوخواردنەوەکەی هەموویـانی بە گەشــی دیـت، دەیویسـت پێیـان بڵـێ: ئیدی مەترسن ئەمن لە بیری خۆکوشتن دەرچووم و بەچاوی خـۆم دیـتم کەسـانی دی هەن بەشـێک لە خەمەکانیان لێوەرگرتووم، ئەمڕۆ بەنێو ئەزموونێکی نوێدا تێپەڕیم، روداوێکی نەویستراو نـازداری لەمـن کرد، بەردێک ژیانی تاڵ کردم، منداڵێک ئومێدەکانی بـردم، بەڵام ئەمـڕۆ تێگەیشـتم کەنـازدار بەتەنیـا هـی مـن نەبـووە، ئەوەتـا دولـبەرو دایکیشـی وەک مـنن، راسـتە نیگاکـانی دولـبەر کـاریگەرن، بەڵام خـوێنی نـازدار بەکراسـەکەمەوە نووسـاوەو رەنگیـداوەتەوە سەر دڵم، بەقوڵایی ناخمدا رۆچووە، نیگاکـانیش هەر تەنیـا جەسـتەی رونـاک کـردومەوەو نەگەیشـتۆتە نــاخم، روداوەکــانی ئەمــڕۆ جوڵانــدویانم بەڵام نەخلیسکاوم.

رزگار لەنێو تەماشاکاندا لەنێو بیرکردنەوەکاندا خەریک دەبوو خۆشی لەبیرکا بەڵام دوای تێربوونی لەنان خواردن کشایەوە دواوەو بە قەندیلی برادەری گوت پێدەچێ ئەمڕۆ زۆر هیلاکم کردبی؟

قەندیلیش ئەو قسەیەیەی زۆر پێخۆش بوو وەڵامی دایەوەو گوتی:

نا ئەمن ماندوو نەبووم بەڵام خانەوادەکەت تووشی دڵەراوکێ کرد.

ئیدی باب و دایک و براو کەسەکانی وێکڕا هاتنە دەنگ و تێیان گەیاند کە ئەوان بە دۆزینەوەی تەواوی خەمەکانیان بیرچۆتەوەو، ئیدی ئەویش دەبیت ئاگای لە خانەوادەکەی بێت و ئاگاشی لەخۆی بێت،،

قەندیلیش بە رستەیەک کۆتایی بە گفتوگۆکان هێناو روی لەهەموان کردوو گوتی:

هەمووومان کە لەدایک دەبین مردنێک قەرزارین و دواجار دەبێت بیدەینەوە.

**************

ئێستا كاتی ئەوە هاتووە بەرێگەی خۆماندا بگەڕێینەوە ئەو دوو ریانەی خانەوادەی رزگار و نازداری لێكجیا كردنەوە.

لە دووریانەكەوە بۆ ماڵی نازدار دەخولەك رێ بوو، دەبوو یەك دوو كۆڵان ببڕی تا دەگەیە گەڕەكەكەیان، چوار كەس بە هەناسەبڕكێوە بەنێو تاریكی ئێوارەیەكی درەنگ وەختدا دەڕۆیشتن، دەنگی پێیەكانی چواركەس ئارامی ئەو ئێوارەیەی دەكوشت، بەبێ ئەوەی هیچكامیان ورتە لە دەمیان بێتە دەرەوە بەناوەڕاستی شەقامەكەدا هەنگاویاندەنا، لەنێو هزری باوكو برای نازداردا پرسیارێك دەهات و دەچوو، وەڵامەكەیان لابوو چونكە ئەم كوڕەی لەسەر گۆڕی كچەكەیان بورابۆوەو لەوان زیاتر بۆ مەرگی نازدار دەسووتا، نەخزمیان بوو نە ناسیاو، نەباوكی برادەری بوو نەبرادەری كوڕەكەیان، بۆیە وەڵامەكە هەبوو بەڵام دڵنیا بوونەوەی دەویست.

چواركەس لە رۆیشتن بەردەوام بوون و لەماڵ نزیك ببوونەوە بەڵام بەبێ ئەوەی هیچكامیان ئاگاداری یەكتری بن هەر چواریان لە بەردەمی ماڵێك هەڵوێستەیان كردوو راوەستان، هەرچواریان ئاوڕیان لە دەرگایەكی داخراو دایەوەو چوار

هەناسەی قوڵ دەماری نێوچەوانی چوارکەسی رەق کرد، لەنێو بیرەوەریەکانیاندا گیفەی بەردێک بە بنگوێی هەرچواریاندا دەرچوو رۆیشت و رێک بە بەختەوەری ماڵەکەیان کەوت و کوشتی، منداڵێک لەو ماڵەدایە تەواوی رەنگە ئاڵووالاکانی ماڵێکی دی لەخم هەڵکێشاو دواتر لەگەڵ خۆی برد، نوکتەو قسەخۆشەکانی ئەم خێزانەی هەڵگرت و ریشی بەباوکی هێشتەوە، چی خەندەی سەر لێوی خێزانەکەیە هەڵیلوشی، تارایەکی رەشی نمایش کردوو چاوی ئاواییەکی تەڕکرد، بەردێک ئێستاش لەو گەڕەکە گیفەی دێت.

ئیدی هەرچواریان بەبێ ئەوەی سرتە لەدەمیان بێتە دەرێ گەیشتنەوە بەردەمی ماڵی خۆیان و بەڵام لەماندوو بوون و خەمی ناوەوەی خۆیان تەواو بێهێز ببوون، هەرچواریان تینوو و برسی، دەرگای حەوشەیان کردەوەو چوونە ژووریَ، فەرمان تاقە کوڕەکەیان کە لە وانیدی باشتر بوو دۆلکەیەک ئاوی هێناو دایکو باب و دولبەری تاقانەی ماڵ تێر ئاویان لێخواردەوە، خۆشی ئاوی خواردەوەو ئیدی دولبەرو دایکی چاوەڕێی کردنەوەی بوخچەی پرسیارەکان بوون، بەڵام دولبەر خۆی لەم ساتە دژوارە رزگار کردوو گوتی:

دەچم شتێ حازر دەکەم بۆ خواردن، دایکیشی بەدوایدا رۆشت و تەنیا باب و کوڕ مانەوە، کوڕە بەبابی گوت:

خۆش بەختانە هیچ رووی نەدا، ئێوارێ زۆر ترسم لێنیشتبوو بەڵام لەبەر دڵی تۆ نەمدەدرکاند، ئێستا هەموو شتێ ئاساییە بەڵام ئەوەی گرێیە لەنێو دڵمدا بوونی ئەو کوڕەبوو لە سەر گۆڕی نازداری خوشکم، منی توشی شۆک کرد؟

باوکە کە دەمێک بوو چاوەڕێی قسەیەکی وەهابوو گوتی:

ئەو سەرسوڕمانەی تۆ جێگەی خۆیەتی منیش دەبێت بە دووی ئەو نهێنییە بکەوم. کوڕەکەشی گوتی:

بڵێی دایکم و دولبەری خوشکم نەزانن؟

باوکی گوتی: دوای نانخواردن هەموو نهێنیەکان روون دەبنەوە، لەو مشتومڕە دابوون، دولبەر خوانی راخست و دایکیشی بە سینیەک نان و ماست و پەنیرەوە هاتە ژوورێ، دولبەر هەرزوو پرسارەکانی دەم و چاوی باب و برای خوێندەوەو رۆیشتە دەرێو چایەکەشی لەگەڵ خۆی هێنا، ئیدی هەر چواریان دەستیان بەنانخواردن کردوو بێدەنگی جارێکی دیکە دەسەڵاتی خۆی سەپاندەوە، بەڵام

لەنێو هزری هەرتاکێکیاندا جۆرە پرسیارێک هەبوو، بـاب و کـوڕ خۆیـان بـۆ کـردنەوەی بـوخچەی نهێنیەکـان ئامـادە کردبوو، دایک زۆر شلوێ نەببو چونکە هەر ئەم ئێوارەیە ئەو کوڕەی دیبوو، بەڵام خوشـکەکەی ترسـی ئەوەی هەبـوو هەمـوان رووی پرسـیارەکانیان لەو کەن، ئـاخر دولـبەر و نـازدار هەمیشـە بەیەکەوە بـوون، نووسـتن و خـواردن و تەنانەت چوونە دەرو جل کڕینیشان وەکو یەک بوو، بـۆیە هێشـتا تەواو نـانی نەخواردبـوو خـوانەکەی جێهێشـتو چـۆ حەوشـەی، بەفیڵـی کاروبـاری مـاڵ خـۆی دابـۆ بەر ئیشـان، بەڵام لە گومـانێکی تەواو دابـوو هەمیشـە گوێقـوڵاغی ئەوە بـوو لە هەر چرکەیەکدا بێت لە ژوورەوە وەبەر پرسیارانی دەن، ئاخر دولبەر باش دەیزانی لە سەر گۆڕی نازداری خوشـکی شـتێکی درکانـدووە، ئەگەر دایکـی باسـی بکات ئیدی تەواوی پرسـیارەکان لەو دەکرێن، بۆیە لەنێو خۆ ئامادەکردن بۆ پرسـیارەکان خۆی لەبیر کردبـوو، هەنـدێ جـار ترسـی تاوانبـار بـوون گسـکەکەی لەدەسـت دەخسـتە خـوارەوە، هەنـدێ جـاریش بە ئەسـپایی خـۆی لە ژوورەکە نزیـک دەکردەوە تـا گـوێی لە قسـەکانیان بێت، بەڵام هیچـی بەرگوێ نەدەکەوت، تا ئەوکـاتەی دایکی هـاتە دەرێ

و خـــوانەکەی بە کـــۆکراوی بەدەســـتەوە بـــوو، دوولـــبەریش لێـی وەر گـرت و چـوونە چێشـتخانە، دولبەر بەترسەوە بەدایکی گوت:

بابم و وان هیچیان نەگوت؟

دایکیشی گوتی:

نـا بەڵام هەر دەیلـێن چـونکە بێـدەنگیەکەیان ئەوە پیشـاندەدا، نـابینی بـوورانەوەی ئێمەیـان هەر لەبیـر نەمــاوە ، بــۆیە پێمــوایە ئەو بێــدەنگیە زۆر نهێنــی تێدایە.

دولبەریش زۆر بە پەرۆشەوە بەداکی گوت:

بە قوربانت بم نەڵێی دوولبەر بە شتێکی زانیوە.

دایکیشی گوتی:

خەمت نەبێت کچم بۆ پێتوایە ئەمن منداڵم ئەوجار بشـتزانیبێ خـۆ خەتایەکـت نیـیە، ئەوەی بـۆ دایکـی خۆت جێبهێڵە.

بەم وەڵامە دولــبەر زۆر ئاســوودە بــوو، تەواوی وەڵامـی پرسـیارەکانی کە لەمێشـکی خـۆی بەریزێـک درۆ حـــازری کردبـــوو فڕێیـــدایە نـــاو تەنەکەی خۆڵەکەوە، لەناخەوە شادمانییەک کولمەکانی سـوور کـردەوە، وەک تیسـکەی تفەنگـیش نیگـای رزگـاری هــاتەوە یــادو تاوێــک بەبــێ جــوڵە لەناوەراســتی حەوشـەکەیان وەسـتا، دەیویسـت هەر لەوێ دیمەنـی

رزگار کە لەسەر گۆڕەکە بەتەنیَ خەریکی گریان بوو، باوەش لێدانی دایکی و کەوتنی هەرسێکیان لە هەزری خۆیدا ببوژێنێتەوە، بەڵام هەر لەوکاتەدا گوێی لە دەنگی بابی بوو گوتی:

ریزێک چایدی بێنن و وەرن دانیشن.

لەوکاتەدا دولبەر راچڵەکی، ئەم دەنگە جگە لەوەی بیرەوەریە نەرمەکەی تەفروتوناکرد، هەولێدا هەرچی زووە وەڵامی پرسیارەکان هەڵگرێتەوە کە تازە فڕێی دابووە نێو تەنەکە خۆڵەکەوە، دایکی هەستی کرد دولبەر دەترسیَ دڵخۆشی دولبەری دایەوەو گوتی:

ئەتۆ هەقت نەبیَ هەرچیان گوت من وەڵام دەدەمەوە، ئیدی چوار چایان لەسەر سینیەک داناو چوونە ژوورەوە، هەر لەگەڵ دانیشتنیان بابی نازدار گوتی:

ئێستا تێمگەیەنن ئەو کوڕەتان دەناسی؟

دایکی یەکسەر هاتە سەر خەت و گوتی:

نەخێر بەڵام لەسەر گۆڕی نازداری جوانە مەرگ ناسیمان.

بابی نازدار: چۆنتان ناسی درێژەی مەدەیەو بۆم باس بکە؟

دایکی نازدارگوتی:

کەچووینە گۆڕستان ئەو کورە لەسەر گۆڕی نازداری جوانە مەرگ بوو دەگریا، راستی ئەمن و دولبەری کچت تووشی شۆک بووین، ماوەیەک بێدەنگیمان هەڵبژاردوو دواتر پێمگوت ئەتۆ کێی؟ ئەویش بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە دەنگێکی تێکەڵ بە هەنسکو گریان کە دیاربوو زۆر پێش ئێمە لەوێ بوو گوتی:

شەش مانگ دەبێت نازدار دەناسم بڕیار بوو بەم نزیکانە بێمە خوازبێنی و دووا رۆژی خۆمان دیاری کەین، بەڵام بەردێکی نەعلەتی هەموو بەختەوەریەکانی لێستاندم، ئەوەی تەواو هۆشی ئێمەی بردوو توشی شۆکی کردین، هێشتا ئەو کراسە خوێناویەی لەبەر بوو کەنازداری پێ گەیاندبووە نوژدار، ئیدی بەم وەڵامە و دیتنی خوێنی نازدار گریانی من و دولبەرو ئەو کورە تێکەڵ بوو هەرسێکمان شل بووینەوەو ئاگامان لە خۆمان نەما تا ئێوە هاتن و بەهۆش خۆمان هاتینەوە.

بابی نازدار بەم وەڵامە راسگۆ و بێ پیچ و پەنایە گرژی دەم و چاوی خاوبۆوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو نەیتوانی یەک پرسیاری دی بکات، لەراستیشدا لە هزری خۆی وەڵامێکی هاوشێوەی

هەبوو بەڵام بۆ دڵنیا بوونەوە و بەتایبەتیش گومانی پەیوەنـــدی دوولـــبەر لەگەڵ ئەوکـــوڕەو هەنـــدێ بیرکردنەوەی لاوەکی تر پرسیارەکەی کردوو زۆر بەخێرایش وەڵامەکەی وەرگرتەوەو خاڵی کۆتایی بۆ بیرکـــردنەوەی زیـــاتر بەجـــێ هێشـــت، بەڵام هێشـــتا برایەکەی پرسیاری مابوو بەدایکی گوت:

کەواتە ئاگات لەم پەیوەندیە نەبووە؟

دایکیشی گوتی:

یەکەم جارم بوو ئەو کوڕە ببینم ئێستاش بیبینم نایناسمەوە، بەڵام بەهەرحاڵ کوڕی شیرینم ئەگەر خوشکت هەرشتێکی هەبووبێ مافی خۆیەتی بەدڵی خۆی شوو بکات، دواتر کوڕەکەتان دیت چۆن بۆ خوشکتان دەسووتا، ئەویش لە هەناویدا ئاگرێکی بێئامان کرابۆوە، جگە لەوەش بڕیاریان دابوو هەر ئەم مـــانگە بێـــنە پـــێش ئەگەر ئەم کارەســـاتە رووی نەدابا، ئەوجار رووی لەبابی نازداری کردوو گوتی:

پیـــاوەکە تـــۆش دڵـــی خـــۆت تەنـــگ مەکە ئـــێمە تولفەیەکمـــان لەدەســـت داوە کە هەرگیـــز قەرەبـــوو نـــاکرێتەوە ئەو کـــوڕەش کە بەو شـــێوە دیتتـــان دەیســـــەلمێنێ کە بەراســـــتی خۆشـــــی ویســـــتووە، هەروەک خۆشەویســـتی مـــن و تـــۆ ئەدی ئـــێمەش ساڵونیوێک بەیەکەوە نەبووین، خۆزگە نازدار ماباو

هەردووکمان لە زەماوەندەکەی هەڵپەڕیباین، ئیدی کاتێک دایکی ئەم قسانەی دەکرد وردە وردە فرمێسک لە چاوی هەرچواریان دەهاتە خوارەوە، دایکی بەردەوام بوو و گوتی:

کچە نۆبەرەکەم هیچی نەدی تا بیگێڕێتەوە ئەوەتا ئەو لەناو قەبرەو ئێمەش باسی دەکەین دەک داکت هەلا هەلا بێت کچم خۆزگە ئەمنبام و ئەتۆ هەر ژیابای ئێستا دەبێت چەند حەزو ئاواتت لەگەڵ نێژرابێ؟

بەم قسەیەی دایکی کە بەگریان و فرمێسک رشتنەوە کردی بەتایبەتیش لاوانەوەی دایک زۆر کاریگەرە هەرچواریان لە پڕمەی گریانیانداو وەک یەکەم رۆژی پرسەکەیان لاوانەوە دەستی پێکرد، ئەم دیمەنە چەند خولەکێکی خایاندو دواتر بێدەنگی جارێکی دی دەسەڵاتی خۆی سەپاندەوەو وەڵامی پرسیارەکان درانەوەو نهێنیەکانیش هەر هەمووی ئاشکرابوون، بۆیە ماندوو بوونی ئەو رۆژەو ترس و دڵە راوکێ هەرچوارییانی هاویشتە نێو بیرکردنەوەیەکی قوڵ تا خەو هەرچواری خستنە بن نوێنەکانیانەوە.

*****************

لە ناخی رزگاردا ئارامییەک سەرەتاتکێی دەکرد، بەڵام کەدیمەنی کەوتنی نازداری دەهاتەوە یاد ئارامییەکە بزر دەبوو، ئەو لە گۆشەیەکی ژوورەکەی خۆی پاڵکەوتبوو خەریکی هەڵدانەوەی پەڕەی بیرەوەریەکانی ئەمڕۆی بوو، هەستی دەکرد ئەو ئارامیەی زوو زوو خۆی پیشاندەدا دەیەوێ بێتە ژوورەکەیەوە، هەستیدەکرد قورسایی سەر دەروونی دابەش بووە، چونکە ئەمڕۆ بەچاوی خۆی کەسەکانی خۆی و نازداری دی خەم بۆ ئەم کارەساتە دەخۆن، گرنگی پێدەدەن و بەشێک لە خەمەکانی بۆ خۆیان دەبەن.

رزگار لە سوچێکی ژوورەکەیدا بەچاوی خۆی سێبەری ئارامییەکی دەدی دەهات و دەچوو، هەر

لەوێ ئەو دوو نیگایە خۆیان پیشاندەدا کەلەسەر گۆڕەکەی نازدار لە هات و چۆدابوون، هەر بەخەیاڵ هەردوو نیگای هێنابوونە ژوورەوە لەوێ وەک پەپولە بەدەوری رزگاردا دەسوڕانەوە، هەندێ جار لەسەر دەروونی هەڵدەنیشتن و ئارامیان دەکردەوەو هەندێ جاریش یادەوەریەکانی ساتی کارەساتەکە هەڵیدەفڕاندن، بەڵام هەرگیز پەپولەکان جێیان نەدەهێشت، چونکە یەک لەو پەپولانە نیگای دولبەر بوو، ئەو بەتەنیا نیگایەک کە لەناو چاوی رزگاردا هەموو نهێنیەکانی دڵی هەڵڕشتە نێو رزگارەوە، پێی گوت:

تۆ بەتەنیانی ئەوەتا منیش چەند بۆ نازداری خوشکی گەورەم دەسووتێم هێندەش خەمی سووتانی تۆمە، نیگاکە پێی گوت:

هەرتۆی بەتەنیا جێنەهێشت ئەوەتا منیش گوێم لە رازو خەندەکانی خوشکم نابێ ئیدی چیدی گوتە ناسکەکانی تۆو نامە نهێنیەکانم بۆ ناخوێنێتەوە، ئەوەتا چیدی من لەبەر دەرگا نابینی تا هەواڵی هاتنی تۆی پێڕابگەیەنم، ئیدی سەربانەکەی ئێمە نە سێبەری ئەوی بەردەکەوێ، نە شەقامیش دەنگی پێیەکانی تۆی لێوە دێ.

ئەو نیگـــایە پەپـــولەیەک بـــوو هەمیشـــە لەســـەر دەروونــی رزگــار لە هــاتوچۆدا بــوو، نیگــای دایکــی نــازداریش باوەشــێنی رۆژێکــی ســەختی رزگــاری دەکـرد، هەرچەنـدی نیگـاو باوەشـە دایکـانەکەی بیـر دەهاتەوە هێندە ئارامتر دەبۆوە، ئاخر لەنێو باوەشـی دایکیـدا بـۆنی نـازداری کـرد، لەنیگاکەشـیدا چـاوی نـازداری دیـتەوە، بـۆیە رزگـاری برینـدار لەنێـو ئەم بیـرەوەریە تـاڵو شـیرنانەدا هەر خەریکـی جینگڵـدان بـوو، هەنـدێجار تەواوی نیگاکـانی بەخیـانەت دادەنـا دڵــی دەیگــوت: نیگاکــان هەرچەنــدی کــاریگەر بــن چەندێک تیژ بن، بەڵام نـاتوانن نازدارم بیربەرنەوە، دڵی دەیگوت: من داگیـر کـراوم نەهێرشـی نیگاکـان و نەهەڵرشتنی قسەکانو نەباوەشە بۆناویەکەی دایکان ناتوانن بمگۆڕن، من تیری یەکەم نیگا کە لەرۆژێکی بەفرانبـاردا بەرم کەوت لەبـری ئەوەی بـرین لە دڵـم بکا سارێژی هەموو ئازارو زامەکانم بوو، ئێستا کێ دەتـوانێ پەڵە خوێنەکـانی نـازدار لەسـەر کراسـەکەم بســـڕێتەوە، جـــێگەی ئەو هێنـــدە گەورەیە بەکەس پڕنابێتەوە.

جینگڵـدانی رزگـار لەنـاو جـێگەدا هەر خەتـای دڵـی نەبـوو ئـاخر نەنـازدار لە دیدەکانیـدا بـزر دەبـوو نە نیگای دولبەرو دایکی، کاتێک خەندەو پێکەنینەکانی

نـازداری دەهـاتەوە یـاد، نامەکـانی هەڵـدەدانەوەو لە گـوڵەوە بـۆ دڵـی دەدی، وەفـا دەرژایە نـاوخوێنیەوە خۆشەویستی مەجنونـانە بەئاگـای دێنـایەوە، بڕیـاری دەدا بـۆ هەمیشـە نـازدار دووا هەڵکەنـراوی نێـو دڵـی بێت، ئەگەر حەزەکانی ژیان بیەوێ فێڵـی لێبکات ئەو دەستەوەســتان نابێــت، بە هەمــوان دەڵێــت پەڵە خوێنەکــانی نــازدار گەیشــتونەتە خــوێنم و ژیــان ناتوانێ وشکم کاتەوە.

لەم نێــوانەدا حەزی بەردەوام بــوون لەژیــان و دەسپێکێکی نوێ رزگاری هەراسان کردبوو، تـا خەو ئەویشی بە تەواوی ئارام کردەوە.

*************

ئەو شــەوە رزگــار خەونــی دی، خەونێـک پێشــتر هەرگیــز خەونــی وا روونــی نەدیبــوو، ئــاخر هەر بەیانییەک کە هەڵدەستا لەخەو تەنیا چەند دیمەنێکی کورتی ئەو خەونانەی بیر دەما کە دیونی، یان چەند رۆژێک دواتر دەهاتەوە بیری ئەویش بە پچڕ پچڕی بەڵام خەونی ئەو شـەوەی جیـاواز بـوو وەک فیلمـی دیبێ وابوو.

لە خەونیـدا نـازدار تەنەکەیەک ئـاوی بەدەسـتەوە بـوو گۆڕەکەی و هەرچواردەوری خۆی دەڕشـاندو پاکـدەکردەوە، هەر لەتەنیشـت خـۆیەوە خەریکـی

چاندنی گوڵە پایزەو لالۆ عەباس بوو، ڕێک لەو گوڵانەی داکی هەموو ساڵێ تۆوەکەی دەگرتن و دەیچاندن، لەم کاتەدا رزگار بە ئاسمانی گۆڕستانەکەدا دەسووڕایەوەو بەڵام چەقی تەماشاکانی لەسەر نازدار بوو، هەوڵیدەدا بنیشێتەوەو هاوکاری بکات بەڵام بایەک وەک کۆلارە دووری دەخستەوە، نازداریش بە دەستی خۆڵاویەوە، ئاگای لە رزگار نەبوو کە چاودێری دەکات، خەوەکە زۆری نەخایاند هەر لەتەنیشتی ئەو دار سنەوبەرێکی بەرز زۆر بەرز هەبوو رزگار خۆی بەویوە هەڵواسی، لەمکاتەدا چەندین باڵندە فڕین و گمەی باڵەکانیان سەری نازداری بەرزکردەوەو بەدیتنی ئەم دیمەنە دەموچاوی گەشایەوە، ئیدی نەیزانی نازدار چۆن گەیشتە لای و هێنایە خوارێ هەر لە تەنیشت خۆی دایناو یەک یەک گوڵەکانی پیشاندەدا، هەر بەپەنجەی ئەو شوێنەی پیشاندا کە پاکی کردبۆوە و پێی گوت: ئیدی لێرە ژوان دەبەستین.

لەوکاتەدا رزگار خەوەکەی پچڕاو بەئاگا هاتەوە ترسێکی ئەستووری لێنیشت، بڕیاریدا ئەم خەونەی بۆ کەس نەگێڕێتەوە تەنانەت بۆ قەندیلی هاوڕێشی،

ئیدی ئەو شـەوە تا بەیانی رزگار جینگلّیداو خەوی لێنەکەوت.

ئەو ئێــوارەی ئەم روداوە تێیــدا رویــدا بــووە درێژترین شەو بۆ دوو خێزان، بەڵام بۆ بابی رزگار جیاواز بوو تەواوی رۆژانی رابردووی هاتەوە یاد بەتـایبەت گـوتەکەی دایکی رزگـار کە پێی گوتبوو پێویســتە رزگــار دامەزرێنــی یــان دووری خەیەوە، بۆیە بڕیاریدا لە نزکترین کاتدا بیباتە دووکانەکەی خــۆی کە بۆیــاخی دەفرۆشــت، ســبەی کە لەخەو هەسـتان ئەو پێشـنیارەی خسـتە بەردەمـی رزگـار، پێشی گوت:

ئەمــن لەخەمــی تــۆ دەگەم بەڵام راســتگۆ دەبــم لەگەڵــت ئەم روداوە کــاریگەری زۆری لەســەر جێهێشـــتووی، تەمـــی ئەم روداوە لەســـەر خانەوادەکەشت دیارە، پێویستە بەهەموان ئاگامان لێت بێت، بۆ ئەوەی هەمیشە بیر نەکەیەوەو لەنێو ئەم کارەساتەدا نقوم نەبی باشترە بێی لە دووکانە شـڕەکەی خۆمــان هاوکــاریم بــکەی، ئــاخر منــیش حەزدەکەم جــار جــار ئــازاد بــم و ئەوەنــدە بە دووکــانەکەوە نەبەســترێمەوە، خــۆت دەزانــی کە سەفەری شـارە گەورەکـان دەکەم بۆ هێنـانی بۆیـاغ، دووکـان دادەخـرێ ئیـدی ئەوەش نـامێنێ و دوکـان

بەکراوەیــی دەمێنێــتەوە هەروا تــۆش دەتــوانی هەم خوێندنی خۆت بکەی و هەم یارمەتیشم بدەی ئەگەر کارێکیشت هەبوو دەتوانی بڕۆی، بەڵام من بەباشی دەزانــم بێــی و دەســت بەکــاربی، ئیــدی نەمــن و نەدایکت و نەخانەوادەکەت دڵیان لات نابێ، کوڕەکەم باشترە ئەم پێشنیارەم رەت نەکەیەوە.

رزگـــار هەمـــوو لەشـــی کردبـــووە گـــوێ، ئەم پێشــنیارەی بــابی بەلاوە پەســند بــوو، بەڵام رێگــر دەبوو لە چوونە سەرقەبران‌و پیاسـەیەکی ئێوارانی گەڕەکــی خۆشەویســتەکەی، بەڵام بەبــێ دوو دڵــی بەبابی گوت:

پێشنیارەکەت بەهەند وەردەگرم و دێم بەڵام یەک دوو رۆژ لەســەرم راوەســتە تــا ئــارام دەبــمەوەو دێمەوە سەرخۆ، ئیدی بابی هەستاو توند رزگاری لەباوەش گرت پێی گوت:

کوڕی بابی خۆتی، بەڵێن بێت منیش هەمیشە وەک بابێکی باش بم بۆتان، ئەگەر لە رابردووشدا بەهۆی ســەرقاڵیمەوە بە کاروبــاری دووکــان و خێــزانەکەم کەمتــر پــڕژابمە ســەر تــۆی گەنــج ئەوا ئیــدی بــۆ لەمەودوا هەرچــی خواســتەکانتە بــۆت جێبەجــێ دەکەم.

لەورۆژەوە ئارامییەک کەوتەوە ناو خێزانی ئەحەی بۆیاخچی، بەسێی دایکی لە خۆشیان عۆقرەی نەدەگرت خەندەو قسەی خۆش گەڕایەوە سەر سیمای تەواوی خێزانەکەیان، رزگاریش تەنها یەک رۆژ چاوەڕوان بوو ئیدی کلیلەکانی لە بابی وەرگرت و بەیانییەک پێش ئەو چوو دووکانەکەی کردەوە، تەماشایکرد شەپڕێویەک بە دووکانەکەوە دیارە، سەرنجی چووە سەر قوتووە بۆیاخەکان و تەماشای کرد هەر قوتویەک پەڵەیەک لە رەنگی خۆیانیان لەسەرە، نرخەکان دیاری کراون و بەڵام تۆزێکی زۆری لەسەرە، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە بە قەندیلی هاوڕێی بڵێت هاوکاری بکا، هێشتا لەو بیرکردنەوەو سەرنجانەدا بوو قەندیل پەیدا بوو، دوای سڵاو رزگار گوتی: چۆنت زانی لێرەم؟

قەندیلیش گوتی: چومە ماڵ و گوتیان ئیدی دەستبەکاربووە، منیش هاتمە لات.

هێشتا کەمترین دوکان کرابوونەوە کە هەردووکیان دەستیانکرد بە دوکان خاوێنکردنەوە، رزگار لەو کاتەی خەریکی سڕینەوەی قوتوەکان بوو پەڵەیەکی سووری بەسەر قوتوێکی گەورەوە دیتو یەکسەر پەڵەی خوێنی نازدارەکەی هاتەوە یاد، ئەو پەڵە خوێنانەی کەوتە سەر کراسەکەی و

بۆ یـادەوەری هەمیشـەیی، پێشـدەچێ تاهەتـایە ئەو پەڵەیە هەربمێنێ و لە رزگار نەبێتەوە.

رزگار لەسەر کورسییەکەی پشت مێزەکە دانیشت و خەم دایگـــرت لەنێـــوان ئەو خەونەی دیتـــی و روداوەکەی نـازداردا قەتـیس بـوو، بیرەوەریەکـان دەسـتی شـل کـردوو هێنـدەی نەمـابوو فرمێسـک بـوەرێ ، قەنـدیلیش کە زانـی رزگـار ئـاڵۆز بـووە پێیگوت:

هەسـتە بـا هەرچـی زووە تەوایکەیـن هێنـدە بیـر مەکەوە ئیدی قۆناغێکی دی لەژیانت دەستیپێکرد.

رزگاریش وەک هەمیشە بەقسەی قەندیلی دەکرد و هەستا بەڵام پەڵە سوورەکە هەمیشە لە بەرچاوی دەهـــات و دەچـــوو، خەونەکەی شـــەویش تەواو هەراسانی کردبوو، ترس لە ناخەوە هێرشی بۆ دێنا چونکە مردن ترسناکەو گیـانیش شـیرینە، راسـتە لە خەمێکـی چـڕ دایە بەڵام هـیچ نەبـێ یادەوەریەکـانی نازدار جار جار بە خەندەی دەهێنا، ئاخر ئەو تەنیا ئەو یـادەوەری و چەنـد نـامەیەکی بـۆ مـابۆوە تـا لەگەڵیـان بـژی ئێسـتا خەونێـک خەریـکە یـادەوەریە خۆشەکانی بیر دەباتەوە، هەرچەندی لێکی دەدایەوە نەدەگەشتە ئەنجام، هەندێ جار پێی وابوو دەست نیشـانکردنی شـوێنی ژوان لەلایەن نـازدارەوە بـۆ

شــــوێنی گــــۆڕی رزگــــارەو هەنــــدێ جــــاریش بەسەردانەکانی ئێوارانی لێک دەدایەوە.

ئیــدی بەرلەوەی بــابی بێــتە دووکــان و بــازاڕە گچــکەکەی شــارۆچکەکەیان خەڵکــی تــێکەوێ، بەر لەوەی باری گوێدرێژەکان بگەنە ئاوایی و تەماتەو بامیەو سەوزەواتی گوند هەڵڕێژنە دووکانەکانەوە، رێــک پــێش ئەوەی ژنە عەبــا بەســەرەکان بــێن و کەرەســتەی یــاپراغ و شــتومەکی رۆژانەیــان بکــڕن، هێشــــتا حەمباڵەکــــان بەخــــۆو عارەبــــانە دوو تایەکانیانەوە نەگەشتبوون، قەسابەکان تازە خەریکی سەربڕینی ئاژەڵەکان بوون، بازاڕی نانەواکان تەنک ببــــوو، بەڵام گیــــزەی ســــەماوەری چاچیەکــــان رۆژەڕێــــیەک دەڕۆی، ســــیوجگەر فرۆشــــەکان دووکەڵیــان گەیانــدبووە ئاســمان و بــۆنی گۆشــتی بــرژاو بــۆ هەمــوان دەهــات، هەنــدێک لە خــاوەن دووکانەکــان بەردەرگەکەیــان ئــاوپرژێن دەکــردو هەندێکی دیان شتومەکیان دەهێنانە دەرەوە.

رزگــارو قەنــدیلیش دوکانەکەیــان وەک شوشــە لێکردبــوو، زەویەکەیــان شوشــت و ســەر مێــزە دارەکەیــــان خــــاوێن کــــردەوەو تەنــــانەت ئەو گڵۆپانەشــیان ســــڕیەوە کە لەوەتەی دووکــانەکە دانرابوو پەڕۆی بەرنەکەوتبوو، تەواو ماندوو ببوون

دەستوپلیان تۆزاوی و ڕەنگی کارکردنیان پێوە نیشتبوو، ئیدی لە چاوەڕوانی ئەحەی بۆیاخچیدابوون تابێت دەست خۆشیان لێبکات، بەڵام زۆر لە چاوەڕوانیدا مانەوە و یەک دوو مشتەریشیان بەڕێکرد کەچی ئەحەی بۆیاخچی هەر نەهات، تا بەرەبەری نیوەڕۆیە پەیدا بوو، بەڵام هەر کە بەژوور کەوت گۆڕانکاریەکانی بەچاوی خۆی دیت، جگە لە دەستخۆشی لە هەردووکیان ئەوجار ڕووی لە ڕزگار کردوو گوتی:

ئەها ئەمن تاقەتی ئەو پاکو خاوێنیەم نەماوە و ئێوەی گەنج چۆن دەتوانن بە سەعاتێک گۆڕانکاری بکەن، ئیدی نایەڵم قەندیلیش بڕواو دەبێت هەردووکتان فێرە بۆیاغ کردنیش بکەم، ئێستا بڕۆنە مزگەوت دەم و چاوتان بشۆن و کارم پێتانە، ئەوانیش ڕۆشتن و خۆیان جوان خاوێن کردەوەو هاتنەوە دووکان، داینان و چووە بەردەمی دووکان و هاواری کردە وەستاعەلی کەبابچی گوتی: شەش کەبابمان بۆ بێنە، لەڕاستیدا قەندیل و ڕزگار زۆر ماندوو ببوون و برسیشیان بوو، جگە لەوەی بۆنی گۆشتی برژاو لە بەیانیەوە ئیشتیای کردبوونەوە، بۆیە هیچ بەرگریان نەکرد، زۆری نەبردو یەک سینی کەباب بەتەڕە پیازی ورتکراوەوە هات و

هەرسێکیانی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو تا تێر بوون نانیان خوارد، دواتر سێ چای وەستا قادریشیان بەسەردا کرد.

ئەحەی بۆیاخچی زۆر دڵی خۆش بوو لەبەر سێ هۆکار یەکەمیان کوڕەکەی لە نەهامەتیەک دەرهێناو دووەمیان لە ماڵەوە لەگەڵ خۆیانەو لە دەرەوەش قەندیلی برادەری لەگەڵە سێیەمیان بۆخۆشی کەمێک پشوو دەدا، ئیدی هەردووکیان رزگار و قەندیل بەجۆرێک بەدووکانەکەوە بەسترانەوە، لەبری هەموو رۆژێ بچنە سەرقەبران و سەر لە گەڕەکی نازدار بدەن تەنها هەندێ ئێوارە دەرفەتێکیان دەبوو، هەردووکیان لەماوەی یەک هەفتەدا لەگەڵ ئەحەی بۆیاخچی فێرە بۆیاخکردن بوون و باشترین وەستایان لێدەرچوو، ئیدی هەم بابی و هەم خێزانی رزگارو قەندیلیش هەناسەیەکی ئارامیان هەڵمژی، بەڵام لە دڵی رزگاردا نیگایەک لەهات وچۆدابوو، خەونێک هەراسانی کردبوو و جەنگێکی دەروونی لەگەڵیدا سازدابوو، سەرەتایەکی نوێ خۆی خزاندبووە نێو جەستەیەوەو بەڵام هەرگیز جورئەتی درکاندنی نەبوو، رزگار لەنێوان لەدەستدانی نازدارو پەڵەیەک خوێن و نیگایەکی ئەفسوناوی ببوە سێ پارچە، لە کاتی کۆکردنەوەی پارچەکانی خۆیدا

باوەشی دایکی نازدارو نیگا مۆنیلازاییەکەی دولبەر هاوکاری بوون، قەندیلی هاوڕێشی هەگبەیەک لە خۆشەویستی بوو کە هەمیشە دەرگای ئامۆژگاریەکانی لەو هەگبەیەوە دەدایە رزگار، ئا لەوێدا رزگاریش پشوویەکی وەردەگرت و بەنێو ئازارە قورسەکانیدا رەتدەبوو، هەوڵیدەدا خۆی لە دێوەزمەی بیرەوەریە تاڵەکان قوتارکاو بەخاتری ئایندەیەکی نوێ لەنێو تاریکیەکاندا رووناکیەک بدۆزێتەوە، جا نەیدەزانی روناکییەکە لە کوێوە دێ؟ ئایا دولبەر دەتوانێ ئەو روناکییە بێت یان هەڵگیرسانی جەنگی دەروونی رزگار بەلایەکی دیدا دەبات؟.

****************

دەستبەکاربوونی رزگارو قەندیل هەر دوو هەفتە بوو بەڵام بە هاوکاری ئەحەی بۆیاخچی کە هەمیشە لەگەڵیان بوو فێرە دیزاینی نویۆو چۆنیەتی تێکەڵکردنی رەنگەکان و زۆر شتی کردن تا باشترین وەستایان لێدەرچوو، چەندین ماڵ و دوکانیان بۆیاخ کرد، تێکەڵکردنی رەنگەکان هەر لە خۆیان دەهات، ئەگەر دوکانێک بۆیاخی پێکردبان هێندە جوانیان دەکرد، هێندە نەخش و نیگاریان تێدا دەکرد، یەک ریز دوکانی دی سەرەی نۆژەنکردنەوەیان دەگرت، زۆر جاران کە بۆیاخ دەمایەوە بە هەدەریان نەدەدا، دیوارێکیان لە ناو شار رەنگ دەکردوو ناوی دوکانەکەیان لەسەر دەنووسی، هەندێ جاریش خۆبەخشانە کاریان دەکرد، بەتایبەت باخچەی ساوایانی شارەکەیان بەجۆرێک بۆیاخ کرد، جێگەی سەرسامی بەرێوەبەرو مامۆستاکان بوو، ئەوان خەریکی ناوبانگ دەرکردن بوون، چونکە خولیای کارەکەیان بوون، هەر ئەو چەند مانگە پارەیەکی باشیان کۆکۆدبۆوە ئاخر دەیانزانی دەبێت فێرە کار بن، ناویان لە کۆلیژێک دەرچێ پێویستیان بە پارە

دەبێت، ئەوە نزیکەی مانگێکە باخەڵیان پڕبووە لە پارە، لەجیاتی ئەوەی دەست لەبەر دایکو بابیان پانکەنەوە هاوکاریان دەکەن، رەنجی ماندوو بوونی خۆیان دەخۆن و لە دەروونەوە ئاسوودەن.

بەیانییەکی زوو وەک هەموو رۆژان رزگار لە دووی قەندیلی چوو و دەڕابی دووکانەکەیان کردەوەو دەستیان کرد بە پاکردنەوەی، لەراستیدا زۆر پیس نەبوو بەڵام قوتووە بۆیاخەکانیان لەجێی خۆی دادەنایەوەو فڵچەو شتومەکەکانی دیان دەبردەوە شوێنی خۆیان، هێشتا بازاڕ تەواو گەرم دانەهاتبوو، هێشتا جموجۆڵی هاوڵاتیان لاواز بوو، هەردووکیان باسیان لە کاتی خوێندن و بەردەوامبوونیان لە کارەکەیان دەکرد، باب و برای نازدار لە بەردەمی دووکانەکەیان پەیدا بوون، لەم شارۆچکەیەدا تەنیا ئەم دووکانی بۆیاخە هەبوو، بۆیە هەر کەسێک پێویستی بە بۆیاخ با دەچوونە ئەم دووکانە، رزگارو قەندیل بە دیارکەوتنی ئەوان هەم دڵخۆش و هەم ترسیشیان لێنیشت، ئەوان سڵاویان کردوو هەردووکیان لەبەریان هەستان، رزگار رەنگی دەم وچاوی پێ کۆنترۆڵ نەکرا، بەڵام قەندیل توانی بارودۆخەکە وەک خۆی وەرگرێت و

زۆر بەگەرمی فەرمووی لێکردن، بابی نازدار گوتی: لەراستیدا بۆ بۆیاخ هاتووین.

قەندیل گوتی بۆچیتانە؟

بابی نازدار گوتی گۆڕی جوانەمەرگی پێ رەنگ دەکەین.

ئیدی قەندیل ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو پێگوت: بۆ هەڵچنراوە؟

بابی نازدار: بەڵێ دوێنێ ئێوارە تەواو بووە.

یەکسەر قەندیل گوتی:

دەباشە ئێوە هەقتان نەبێت و ئێمە دەتوانین ئەم کارە بکەین خۆت دەزانی تاکە وەستای ئاوایی ئێمەین و بەجوانترین شێوە بۆتانی ئەنجام دەدەین.

خەریک بوو برای نازدار منگە منگ بکات بابی هەڵیدایەو گوتی:

لەراستیدا داکی جوانەمەرگ بۆ ئێرەی ناردین و ئەویش هەر پێی خۆش بوو ئێوە بۆیاخی بکەن، ئەمن هاتووم تا حسابەکەتان بدەمێ، رزگار لە خۆشیان ویستی قسە بکات بەڵام قەندیل دەستپێشخەری کردوو گوتی:

جارێ واز لە حساب و کتاب بێنن، چونکە نازانین چی دەوێ بەڵام دەزانین ئەوە ئەرکی ئێمەیەو

هەرچــی زووە تەواوی دەکەیــن، بەتــایبەتیش ئێســتا هیچ کارێکمان لەبەردەستدانییە.

ئەگەرچــی بــابی نــازدار زۆر هەوڵیــدا حســابەکەی بزانێ بەڵام رزگار کە چاوی پڕ ئاو ببوو هاتە دەنگو گوتی:

کاک نوری حسابکە خۆت لەوێی، ئەوەندەی گوت و فرمێسک خەریکی رژان بوو بۆیە پشتی تێکردن و قەنــدیلیش وەک هەمــوو جــار لێــی وەرگــرتەوەو بارودۆخەکەی بە تەواوی گۆڕی گوتی:

دەوەرن جارێ دانیشن بە وەستا قادر دەڵێم دوو چای بە هێلتان بۆ بێنێ، بەڵام دیار بوو ئەم دیمەنە کــاریگەری لەســەر بــابی نــازداریش دانــاو چــاوی ئەویش تەڕ تەڕ ببوو، تەنیا ئەوەندەی پێگوترا کە بڵــێ ســوپاس و رووی لە کــوڕەکەی کــردوو ماڵئاواییان کرد.

ئیدی قەندیل چۆوە لای رزگارو گوتی:

ئەم مامەڵەیە کاری تۆ نەبوو دەبوو بێدەنگ بی، رزگاریش بە هەنسکەوە گوتی:

ئاخر بۆنی نازداریان لێدەهات، دواتر هەردووکیان چەند قوتووە بۆیاخێکیان ئامادەکردوو چی پێویست بوو لەلایەکی دووکانەکەیان دانا، تا نیوەڕۆ یەک

دوو مشـــتەریان بەڕێکـــردوو ئەحەی بۆیـــاخچی پەیابوو، دوای سڵاو بەرزگاری گوت:

دەبـانگی سێ چایـانکە بەراسـتی بە چـای وەسـتا قـادری نەبێت بـڕم ناشـکێ، رزگـاریش بـانگی چـای کردوو وەستا قادر چایەکانی هێنا، ئیدی بەدەم چا خـــواردنەوە قەنـــدیل بە وەســـتایەکەی گـــوت دوای نیـــوەڕۆ کارمـــان هەیەو دەبێـــت خـــۆت دووکـــانەکە بەڕێوە ببەی، ئەحەی بۆیاخچیش هەر بەگاڵتە گوتی: جا کوا ئەمـن تـاقەتی ئێرەم هەیە بەخودای ئەمنتـان تەمبەڵ کردووە، پێم بڵێن لە کوێ ئیشتان هەیە؟

قەنـــدیلیش روداوەکەی بـــۆ گێـــڕایەوەو ئەحەی بۆیاخچیش زۆر پێی خۆش بوو جا گوتی: هەتیوینە نەکەن پارەومـــارەی وەرگـــرن ئەوە عایـــدی مـــنە، قەندیلیش گوتی:

واشت نەگوتبا عایدی تۆبوو، کوڕە راستیت دەوێ عایدی رزگارە کوڕە ئی هەمووومانە.

چایەکەیان خواردەوەو بڕیاریاندا دواینیوەڕۆ بچـن کـــارەکە تەواو کەن، ئیـــدی نیـــوەڕۆ داهـــات و پێداویســـتییەکانیان بـــردەوە مـــاڵێ و هەر دوای نـانخواردن بەڕێکەوتـنە سـەرقەبران، ئـاخر وەک لە سـەرەتاوە باسـمانکرد تەنیـا یەک تـولەرێ هەبـوو دەیگەیانـدیە سـەرقەبران ئەویـش دەبـوو بەهـۆی

بەردەبازەوە لە روبارکە بپەڕیەوە، هەر کە گەیشتنە بەردەبـــازەکە قەنـــدیل راوەســـتا و بیـــرەوەری ئەوشەوەی هاتەوە یاد کە هەر لەوێ تووشی باب و برای نـازدار بـوون، تەواوی روداوەکەی بۆ رزگـار گێـڕایەوە دواتـر بەسـەر بەردەبـازەکەدا پەڕیـنەوەو زۆری نەبرد هەورازەکەشیان بڕی و گەیشتنە سـەر گـۆڕی نـازدار، سـەرنجیاندا کـارێکی نـاوازەی بۆکرابـوو، بەخـاتری ئەوەی توشـی هەڵە نەبـن سەرەتا بیریان لە رەنگەکان کردەوە، رزگار گوتی:

هەر لە سـەرەتاوە بیـرم لەوە کـردەوە لێوارەکـانی رەشکەین، نووسینەکان سوورو ئەوەی دیش بیری لێدەکەینەوە، قەندیلیش گوتی:

جـارێ بـا تەواوی سـپی کەیـن ئەوجـار بیـری لێـدەکەینەوە، دەسـیتیان بە بۆیـاخکردن کـردوو تەواوی گۆڕەکەیـان لە رەنگـی سـپی وەردا، چـونکە نووسـینەکان زەق بـوون بـۆیە رێکەوتـن لەسـەر ئەوەی دیـوی ژوورەوەی شـینێکی ئاسـمانی کەن و هەرواشیان کرد، دواتر قەنیل پێشنیاری کرد تەواوی نووسـینەکان بە ئایەتەکەشـەوە شـینێکی تـۆخ وەک رەش بێـت و تەنیـا نـاوی نـازدارو رۆژی کـۆچی دوایـی سـوور بێـت، کە دیـوی نـاوەوەی تەوا بـوو سـەرنجیاندا زۆر جـوان دیـاربوو، بـۆیە رێکەوتـن

دیوی دەرەوەشیان شینێکی تۆخ کردوو ئیدی تەواو بـــوون بەڵام ئـــارەقە بەهەمـــوو لەشـــیاندا دەهـــاتە خوارەوە، دواتر رزگار بە فلْچەیەکی باریک بە سـەر ناوی نازداردا هاتەوەو سوورەکەی گەشتر کرد، لە دوورەوە تەماشـــایان کـــردوو دیمەنێکـــی نـــاوازەی هەبـوو، ئیـدی چـوونە سـەر حەوزی گۆڕسـتانەکەو کـاتیش تـا دەهـات درەنگتـر دەبـوو دەموچاویـان شوشـــت و ئـــاوێکی ساردیشـــیان خـــواردەوە و گەڕانەوە سـەر گـۆڕی نـازدار هەنـدێک دانیشـتن و خەریکـی خۆکـۆکردنەوە بـوون، دولـبەرو دایکـی و بـرایەکەی دەرکەوتـن، دایکـی نـازدار یەک عەلاگە شەتڵی گوڵی هێنـابوو، تـا لە دەوری گـۆڕی نـازداری بنێژێ، رزگار هەستیکرد ئەم دیمەنەی جارێکی دی دیـــوە، بەڵام هەرزوو خەونەکەی هـــاتەوە یـــادو، سەرنجی چۆ سـەر ئەو شـوێنەی نـازدار گوڵی تێدا دەچانـــد، ئیـــدی لەنێـــوان خەون و ئامـــادەبوونی کەسەکانی نازداردا رزگار هاتەوە هۆش خۆی.

هەر کە گۆڕەکەیان دی دوای سڵاو دەستیان بە گریـان کـرد، قەنـدیل پێـی گـوتن :بەهـیچ شـێوەیەک نابێت دەست لە گـۆڕەکە بدەن چـونکە تـازە بۆیـاخ کـراوە ئەوانـیش کە هەر لەدوور گـۆڕەکە لەســەر بلۆکێک دانیشتبوون دەنووزانەوەو بەسـەر نـازداری

جوانەمەرگیان هەڵدەگوت، دولبەر خۆی پێنەگیراو بەلاوانەوە گوتی:

خوشکە نازدارەکەم ئەو رەنگانە تارای بوکێنیتەو خۆشەویستەکەت بەسەریداداوی خۆزگە لە جیاتی تۆ منبام، ئەم گوتەیە نەک هەر دایکو براکەی و رزگار هەموانی بەگریان هێنا، قەندیل کە چاوی تەڕ ببوو دەیویست هێوریان کاتەوەو پێی گوتن:

هەمووممان دەمرین و مردنێک قەرزارین ئەوەندە خۆتان ماندوو مەکەن خاک جێگەی هەموومان دەبێتەوەو لە سەر ئەم زەویە میوانین کاتی ئێمەش دێت و ئەوکات کەسانیکی دی بۆمان دەگریەن.

چووە سەر حەوزەکەو دۆلکەیەک و ستڵێک ئاوی بۆ هێنان و بە دۆلکەیەک ئاو ساردی کردنەوە، هەر لەوکاتەی قەندیل ئاوی دەدانی دولبەر بە دەرفەتی زانی دەستی بۆ قەندیل درێژ کردوو بەڵام چاوی لەناو چاوی بڕی، رزگاریش رێک لەم کاتەدا سەرنجی لەسەر ئەم دیمەنە بوو، هەردووک نیگا جارێکی دی بەریەک کەوتن، نیگایەک یەک دنیا نهێنی شاردراوەی تێدا بوو، ئا لەوێ قەندیل هەستی بە شتێکی نامۆ کردوو پەرداخەکەی لێوەرگرتەوە، هەندێک گوڵ لە دەستی دولبەردا بوو ئەویشی وەرگرت و تەواوی شتڵەکانیان چاند و ئاوێکی

باشیاندا، بەڵام لەو شوێنە نا کە لە خەونی رزگاردا نازدار چاندی.

تاوێکی باش بەیەکەوە مانەوەو دنیا بەرەو زەردپەڕ دەچوو قەندیل هەموانی هەستاندوو گوتی: کاتی رۆشتنەوە هاتووە، خۆیان کۆکردەوەو دوای ماڵئاوایی دایکی نازدار گوتی:

رزگار کورم لەماڵێش و لەلای بابی جوانەمەرگیش باسی تۆو قەندیلم کردوەو ئەوە براکەشی شاهیدە کەمن هەر لەورۆژەوەی لەسەر گۆڕی جوانەمەرگم دیوی وەک کوڕی خۆمان سەیرتان دەکەین ئەوەندە شەرمن مەبن و ئەم کۆستە هی هەموومانە، دەشزانم چەندە خەمبارن و ئیدی نەدەسەڵاتی ئێوەو نەهی ئێمەی تێدایە روداوێکی نەخوازراو روویداو هەموانی رەش پۆش کردین، دەرگای ماڵمان کراوەیەو هەرکاتێک ویستان دەتوانن بێن.

ئەم گوتەیەی دایکی رزگار، رزگاری هانداو باوەشی لە دایکی نازداریدا، ئەویش سەری رزگاری ماچ کردوو بە قەندیلی گوت:

رزگار کوڕێکی بەوەفایە ئاگامان لێیە لە ئێمە زیاتر ئازار دەکێشێ کوڕی باشبەو ئاگات لێی بێت.

ئەم گوتانە رزگاری زۆر هێور کردەوە روناکیەکی هەڵدایە ناخیەوەو بەڵام فرمێسکیش نەدەوەستا، ئیدی هەرپێنجیان ماڵئاواییان لە گۆڕی نازداری جوانەمەرگ کردوو شۆڕبوونەوە ئاوایی، بۆیەکەمجار براکەی نازدار بەرووخۆشی و هەناسەیەکی ئاسوودەوە بە رزگاری گوت: بابم زۆر باستدەکاو دەڵێن خێزانێکی باشن و دەتوانی بەبێ شەرم هەروەک دایکم گوتی سەردانمان بکەن، دەزانم لە ئێمە زیاتر خەمت هەڵگرتووە تکایە بەسەردانی ئێوە بابم و دایکم کەمێک خەمەکانیان سوک دەبێت.

ئەو دووڕیانەی شەوی بوورانەوەی سێ کەس دوو خێزانی بەگومانێکی زۆرەوە لیکجیاکردنەوە، هەمان دووڕیان دیسانەوە هەردوو خێزانی لیکجیاکردنەوە، بەڵام بەبێ هەڵگرتنی پرسیارو گومان و ترس، بەڵکو بە پێچەوانەوە روناکییەک ناخی روناک کردبوونەوە، هەر لەسەر ئەم دوو ریانە دوولبەر نیگای سێیەمی ئاراستەی رزگار و قەندیل کرد، ئەمجارەیان نهێنیەکی شاراوە لەنێو نیگاکاندا بوو بەڵام ئەنجامەکەیان بۆ کاتێکی نادیار هەڵگرتبوو، فەرمانی برای نازدار کەلوپەلی بۆیاخکردنی لەگەڵ هەڵگرتبوون، کەلوپەلەکەیان

لێوەرگرت و بەدەنگی ماڵئاوایی هەموان گەڕکەکە ئاوەدانی تێکەوت و دەنگی چەند پێیەک دوورکەوتنەوەیان بەیەکتری دەگوت و بەرەو ماڵ بوونەوە.

قەندیل لەم دوای نیوەڕۆیەدا زۆر شتی دەسکەوت، هەندێکی لای خۆی هەڵگرت و ئەوەی دیشی بۆ سبەی هێشتەوە تا لەگەڵ رزگار راشکاوانەتر قسان بکا، گەیشتنەوە ماڵ و رزگار زۆری لێکرد کە نان لە ماڵی خۆیان بخۆن، قەندیلیش کە بۆن بۆیاخ و نەوتی لێدەهات گوتی:

دەچم خۆمدەشۆم و شەو دێم بەیەکەوە پیاسەیەک دەکەین رزگار کە گەیشتەوە ماڵ هێشتا بابی نەهاتبۆوە، بۆیە یەکسەر چۆ حەمام بۆ ئەوەی خۆی بشوات و زۆریشی برسی بوو، لە حەمام کەوتە بیرکردنەوە لە نیگاکانی دولبەر، بەڵام هەر لەوێ نازدار خۆی هاویشتە ناو بیرەوەریەکانی و خەونەکەی هاتەوە یادو دڵ خۆشی کرد کە خەونەکە مردن نەبوەو ئەمڕۆ هاتەدی، هەروا زەینی چۆوە سەر یەکەم رۆژی دیتنی، خەون و گوڵ چاندن و فڕین، دووشی حەمامەکە وەک باران ئاوی دەپڕژاندە سەر رزگار ئەویش تەنیا دەستی بەسەریدا دەهێناو بەڵام بیرکردنەوەی لەسەر یەکەم

دیدار لانەدەچوو، بایەکی سارد لەژێر دەرگای حەمامەکەوە بەجەستەی تەڕی رزگار کەوت موچوڕکێک خوێن و دەماری ناوجەستەی لەراندەوە، هەر بێئاگا ئەورۆژە ساردەی هاتەوە بیر کە بۆ یەکەمجار نازداری جوانەمەرگی تێدا دی.

(ئێوارەیەکی ساردی بەفرانبار، بەفر تازە خەریکی سپیکردنی شەقامەکان بوو، کلوەکان وەکو کەرتکەجل دەهاتنە خوارێ هێشتا ئەوەندە بەفر نەکەوتبوو تا بانەکان بماڵن و شەڕە تۆپەڵی پێبکەن، بەڵام لە لولەی سۆبە دارەکانەوە کە لە ناوەندی بانەکانەوە دەرچوو بوون دوکەڵێکی شین هەندێجاریش رەش بۆ ئاسمان بەرز دەبۆوە، ئەوەش نیشانەی گەرمکرنی دیوەکان بوو بۆ ئەو خێزانانەی لە دەوری سۆبەی داران کۆدەبوونەوەو خەریکی بەڕو و گوێز برژاندن دەبوون، یان سەرەتای مانگێکی تووش بوو لە زستانێکی سەختدا، هەندێجار شنەیەک لەگەڵ بەفرەکە دەهات و بەسینگ و دەموچاوی رێبوارانەوە دەنووسا، ئەگەر مل یان گوێچکەت بەدەرەوەبا ئەوە ئەو شنەبایە وەک مووس دەیبڕی، ئاسمان یەکپارچە سپی دەچۆوە، وەک ئەوەی تەواوی ئەستێرەکانی شەو برژێنە سەر زەوی کەچی جگە لەدەنگی پێی

ڕێبواران، یان چۆڕە چۆڕی ئاوی هەندێ سویێبانان هیچپیـــــدیت بەرگـــــوێ نەدەکەوت، ئـــــارامی و بەختەوەریەک ئاویێتەی ناخەکان دەبوو، ڕەنگی سپی باڵادەستی خۆی نمایش دەکردوو چەند کاتژمێرێکی دی هەمووی ناچار دەکردن بەفرماڵەکانیان دەربێنن و بانەکانیان بماڵنەوە.

لەم ئێـــــوارە ســـــپیەدا رزگـــــار لە قوتابخـــــانە دەگەڕایەوەو قەندیلی هاوڕێ و جیرانی لەگەڵ نەبوو تـــــا بەیەکەوە هەر بەقســـــەو گفتوگـــــۆ یەکتـــــری گەرمکەنەوە هەربەتەنێ بوو.

گەڕەک و کـــــۆڵان و ئاســـــمان لەدیـــــدی ئەودا یەکپـارچە سـپی دەچـۆوە، بەدەروونێکـی ئـارامەوە دەگەڕایەوە مـاڵەوە، بەڵام لەنێـو ئەو سـپییە ڕۆژەدا کچێکی سەرکۆت لەدوورەوە سەرنجەکانی بۆخۆی برد، کچە لەبەر دەرگـای خۆیـان بوو، کەچـی رزگـار لەم دوورەوە هەستی بە گەرمـیەک کـرد کە هەمـوو جەستەی نەرمدەکاتەوە، بۆیە چـاوی کەوتە سـەری و تەواوی سـپیاتی ئەم ئێـوارەیە لە نێـو ئەم کـچەدا تـوایەوە، بەڵام هەر چەنـد هەنگاوێـک بەرەو پـێش چـوو کە کـچەکە چـۆوە ژووری و رزگـاری بێئومێـد کرد، ئیدی بایەکی سارد لە درزی جلەکانییەوە خۆی بەنێـو جەسـتەی رزگـاردا کـردوو هەمـوو لەشـی

تەزانـــد، دیســـانەوە موچوڕکێـــک هەمـــوو لەشـــی لەراندەوە، خەریک بوو ئەو دیمەنەی پێشتر دیبووی لێی بستێنێ، بەڵام هەر لەخۆوە دەرگای ماڵی کچەکە هـاتەوە بەردیدەی و نەیتـوانی ئـاوا بەسـانایی جێـی بهێڵـــێ، ئـــاخر رزگـــار حەزیـــدەکرد لە نـــزیکەوە دەموچـاوی ببینـێ تـا گەرمیـیەک بە ناخیـدا بێـت و ئـــارامیەک داگیریکـــا، بەڵام کـــچە هەرزوو چـــۆوە ژووری، رزگـار ناچـار بـوو هەر بەورێیەدا بـڕوا تـا دەگـــاتەوە پێچێـــک و دواتـــر کـــۆڵانێکی تەســـک دەیگایاندەوە ماڵێ ، بەڵام هەر کە نزیک ماڵی کچەکە کەوتەوە لەپـڕ بەخـۆو عەلاگەیەک خاشـاکەوە هـاتە دەرێ، بلوســـێکی خـــوری پرتەقـــاڵی بەســـەر تراکســـوودێکی خـــوری رەشـــدا شـــۆڕکردبۆوە، ملپێچێکی سوور بەڵام خەتخەتی رەشی پێدا هاتبوو، پێدەچوو خۆی چنیبی لەملـی ئاڵاندبوو و پرچیشـی بەسـەر شـان و ملیـدا بەردابـۆوە، هـیچ میکیـاجێکی لەخـــۆی نەدابـــوو بەڵام دەموچـــاوی وەک مانـــگ کەوتبووە ناو پرچە داهێنراوەکەی و لەنێو بەفرێکی ســـپیدا دەدرەوشـــایەوە، ئیـــدی زۆر لەنـــزیکەوە یەکتریان دی، دوو نیگا لەم ساتەدا بەریەک کەوتـن، هەردوو نیگـا نیگـای خۆشەویسـتی بـوون، دوو دڵ بەخێرایی کەوتـنە لێدان و هەم رزگـار هەنگاوەکـانی

هێـــواش کـــردەوەو هەم کـــچەکەش بە لەنـــجەولار خەریکـی رشـتنی خاشـاکەکان بـوو، لەوکـاتەش کە تەواو لێک نزیک بوونەوە کچەکە سـەری هەڵبڕی و نیگـایەکی خەنـدە ئـامێزی دایە، رزگـاریش بەهەمـان شـێوە، بەڵام ورتە لە دەمـی هیچیـان نەدەهـاتە دەر، چەنـــد مەترێـــک رزگـــار لە دەرگـــای ماڵیـــان دوور کەوتەوە بەڵام هەردووکیـان گوێیـان لە دەنگـی دڵـی یەکتـر بـوو، شـــەرم دەم وچـاوی رزگـاری سـوور ســـوور کردبـــوو، کوڵمەکـــانی کچەشـــی پەمەیـــی، هەسـتێکی خـۆش کە نەیانـدەزانی لە کوێـوە هـاتووە هەردووکیـانی داگیـر کـرد، عیشـقێک دەیـان مەتـر چوارگۆشـەی کـۆڵانەکەی توانـدەوەو بەر لەوەی بە جەستەیان بکەوێ دەبووە هەڵم، گوێیـان لە دەنگـی دڵـی یەکتـری بـوو، بەڵام شـەرم تـا دەهـات نێـوانی هەردووکیانی زیاتر دەکرد.

دواجارو بەر لەوەی رزگار بگاتە ئەو پێچەی کە ئیـدی بـزر دەبێـت، ئـاوڕی دایەوە نیگـای سـێیەم لە دوورەوە بەریکەوت کە جوانترین و خۆشـترین نیگـا بـوو، چـونکە کـچەکە دڵـی هەواڵـی دابـوویە کە دووا ئاوڕی ئەم کوڕە دەبینێ، رزگار نیگاکەی وەرگرت و دەســتی بە پرچــی خۆیــدا هێنــا، ئەوەش نیشــانەی

سڵاوی نهێنی نێوان عاشقان بوو، ئەوەندەو ئیدی لێک بزر بوون.

چۆڕە چۆڕی ئاو تەواوی حەمامەکەی داگیر کردبوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانی خەیاڵی رزگار بپچڕێنێ ئاو بەهەموو جەستەی رزگاردا دەهاتە خوارێ، هێڵە تەنکەکانی سەر ئاوەکە بەڕونی چەوری نەوتی دەستی رزگاری دەردەخست، چەند چینێک سابوونی رەقی لە خۆی دابوو هێشتا کەفەکە بە تەواوی بۆیاخ و چەوریەکانی سەر دەست و پرچی لانەبردبوو ئەویش تەنیا بیری لای یەکەم نیگا بوو، بەبێ خواستی خۆی هەر دەستی بەسەری خۆیدا دەهێناو سابوونەکەی یەک دوو جاران لە دەستی خلیسکا بەڵام ئەو لەنێو نیگاکاندا خەریکی توانەوە بوو، هێشتا شوشتنی سەری تەواو نەببوو بۆنی بۆیاخ و نەوت و چڵک بە ئاگای هێنایەوە، زانی چەندین دەست سابوونی لەسەری داوە، دەستی درێژکرد بۆ لیفکەکەو سابووناو خزییە نێو چاوی و زوورانەدیەوە، خۆیدایەوە بەر دووشەکە چاوی پاکردەوە دواتر سابوونی لە لیفکەکە خشاند تا تەواو کەفی کرد، هەر کە بە سینگی خۆیدا هێنا خەیاڵی رۆیشتەوە نێو دووەم جاری دیتنی کچەکەو

وەڵامی ئەو سڵاوە لە نێو حەمامەکە دەنگیدایەوە، کە لە دەمی کچە شۆخەکەوە دەرچوو.

سیمای ئەو شۆخە هەرگیز لەخەیاڵی رزگار نەدەبۆوە، ئێوارەیەک لەبەردەم ماڵی خۆیان دەسکێشی لەدەست کردوو بۆیەکەم جار هەر لەبەفر پەیکەری ئەوکچەی درووست کرد کە لە یەکەم ساتی بەفر بارین دیبووی، بەجۆرێک گرنگی پێدا رێبواران و تەواوی ئەندامانی ماڵەوەی سەرسام کرد، قەندیلی برادەریشی دیتی و یەکسەر هەستی بە عاشقبوونی رزگار کرد، تا تاریکداهات هەر خەریکی رێکخستنی بوو، شەو داهات و ئیدی پەیکەرەکە خەریکی بەستن بوو پێموایە تا نزیکی نەورۆزیش ئەو پەیکەرە هەرمابوو، هەموو بەیانییەک بەر لەوەی بچێتە قوتابخانە یان هەرجێەکی دی رزگار ئەو پەیکەرە ساردووسڕەی زۆر بەگەرمی ماچدەکرد، هەر بەخەیاڵ باوەشی لێدەداو دەستی بە کوڵمەکانیدادێنا، ئاخر بۆ یەکەم جاری بوو کچێکی شۆخ خەندەی بداتێ، چەندین چین بەفریدی بەسەردا باری ئەو جوانتری دەکرد، کە ئاسمانیش ساماڵ باو بیبەستبا بە هەڵمی دەم و گەرمی دەستی لوسی دەکردەوە لیوەکانی رێک دەخست و چاوی لە چاوە سپیەکانی دەبڕی، ئیدی

چەند رۆژێک دوای یەکەم بینین و نیگا گۆڕینەوە، رزگار لەهەمان کات و بەهەمان گەڕەکدا هاتەوە، خەڵکی بەفری سەربانەکانیانماڵیبوو و وەک قەڵات لەنێو شەقامەکان کەڵەکە ببوو، نەجێب و نە شلە خەجێیەکان نەیاندەتوانی بەو گەڕەکەدا بێن، ئاخر هەر بەفری بانەکان نائی ناو ماڵەکانیش هەڵدرابوونە کۆڵان، ئاسمان ساماڵ بوو، هەندێ لە سوێبانەکان کە رویان لە نسار بوو چلورەیان پێدا هاتبووە خوار، سەرەتای بەستن و مەیینی شەقامەکان بوو بۆیە خرمەی بەفری بەستوو لە ژێر پێی رێبواران دەنگی دەدایەوە، خۆ ئەگەر زۆر لێزانانە هەنگاوت نەنابا ئەوە پشتی سەرت بە سەهۆڵبەندانەکە دەکەوت، خلیسکانێک دەخلیسکێی دوور نییە نانی لەت نەکەیەوە، لە رۆخ شەقامەکانیش جۆگە ئاوی بەفری تواوە چۆڕە چۆڕی دەهات، بەڵام تەمەنی ئەو جۆگانە کورتن و لەگەڵ تاریک داهاتن دەبنە سەهۆڵ، رزگاریش کتێبەکانی لەبن هەنگڵی نابوو، هەردوو دەستیشی بە هەناسەی گەرمدەکردەوەو هەڵمێکی سپی بەنێو دەستەکانیدا دەهاتە دەرو لە چەند ساتێکی زۆر کەمدا بزر دەبوو، بەڵام چاوی هەمیشە لەسەر ئەو دەرگایە بوو کە بۆ یەکەمجار شۆخێکی تێدا دی و

وەڵامی جوڵەی دەستی دایەوە، رزگار هەنگاوەکانی دوادەخست، تا درەنگترین کات بگاتێ بەڵام لەبەر دەم ماڵی ئەوان جارێکی دیکە دەرگا کرایەوەو کچە هاتە دەرێ و رزگار بەبێ ئەوەی پلانی دانابێ، یان خۆی ئامادەکردبێ بەترسێکی زۆرەوە پێی گوت سڵاو.

کچەکە بەدەنگێکی نزم گوتی: سڵاو گەنجۆ.

ئیدی دەرفەتی یەک وشەی دی نەبوو، چونکە ئەوەندە بەس بوو بۆ تێگەیشتنی یەکترو دواتر بەبێ پلان ئەم سێ چوار وشەیە رژان، لە راستیشدا هیچیان توانای گفتوگۆیان نەبوو هەروابێتەوە شەرمیش هەردووکیانی سوور سوور کردەوە، بەڵام رزگار هەستی دەکرد پێیەکانی ناکەونە سەر زەوی و کچەش جگە لەوەی شادیەکی بێ وێنە جەستەی داگرتبوو ترسێک سوورایی دەموچاوی بەرەنگی زەرد دەگۆڕی، چونکە یەکەمجاری بوو قسە لەگەڵ کوڕێکی نەناسیاو بکات، یەکەمجاری بوو لە هێڵی سووری داب و نەریتە بفەکان لاداو خەیاڵەکانی بکاتە راستی، یەکەمجاری بوو لە رۆژێکی سپیدا ئاڵای یاخی بوون هەڵکا، خۆشییەک گەرمی دەکردەوەو ترسێکیش داگیری دەکرد، بۆیە هەر ئەوکاتەی چۆوە ژوورێ خوشکەکەی هەستی

پێکردبـــوو، بەڵام پرســـیارەکەی بـــۆ کـــاتێکی دی هەڵگرت.

رزگار هێندە لیفکەی لەخۆی دابوو وەک مەنجەڵی سپیکردبێتەوە وابوو، تەواوی جەستەی کەف بوو، خۆیدا بەر دووشی حەمامەکەو هەستیکرد هەموو جەستەی دەزوورێتەوە ئاو وەک رێژنەی باران بەسەریدا دەباری، کەفاویش ژێر لاقەکانی داپۆشیبوو، هەر ئەوکاتە جارێکی دی گەڕایەوە نێو بیرەوەریەکانی چونکە کەفی بەردەمی زۆر لەو بەفرە دەچوو کە شەقامی سپیکردبوو و کچەکەی تێدادی، نیگاکان لەگەڵ ئاوازی ئاوەکە لە هاتووچۆ دابوون، بەتایبەت نیگای نازدار کە خەریک بوو خۆشوشتنەکەی درێژ دەکردەوە، دواتر بە دەنگی داکی بەئاگا هاتەوە کەپێی گوت:

کوڕم ئەوە بۆ ئەوەندەت پێچوو؟

ئیدی لەگەڵ خۆسڕینەوەو وشکردنەوەی جەستەی، بیرەوەریەکان و گۆڕانکاریەکانی ئەو رۆژە فێنکاتیەکی بەناخی بەخشی کە دەمێک بوو ئەو شنەیە لە جەستەی نەدابوو، هەر لەنێو خەیاڵی بیرەوەریەکاندا بوو کە لە حەمام هاتە دەرو هەستی بەسووکی جەستەیدەکرد، تەواوی خانەوادەکەی لەسەر ئەو وەستابوون و خوان رازابۆوە.

لەکاتی نانخواردندا هێشتا تەمی بیرەوەریەکان بەری نەدابوو تەواوی ئەو شەش مانگەی هاتەوە یاد کە بەدزی و لەگەڵ عاشقەکەیدا خەریکی نامە گۆڕینەوەو قسەکردن بوون، ئاخر لەماوەی ئەو شەش مانگەدا ئەگەر دولبەری خوشکی نەبا هەرگیز نەیدەتوانی وا بەئاسانی نازدار ببینێ و قسەی لەگەڵ بکات، هەمیشە ئەگەر ژوانیان دەبوو، ژوانی ئەوانیش تەنیا چەند قسەیەکی سادە بەڵام یەک جیهان خۆشەویستی تێدا بوو، ئومێدو نەخشەی دوارۆژی تێدا بوو، پڕپڕ بوو لەو وشە ناسکانەی پێشتر بۆ یەکتریان ئامادەکردبوو، ژوانێکی چەند خولەکی بوو، بەڵام بایی ساڵێک چێژیان لێوەردەگرت، زۆر جاران ئەوەی دەیانویست بیڵێن لەبیریان دەچۆوە، بەڵام بەگیانەکەم و قوربانت بم بۆشاییەکەیان پڕدەکردەوە، ئەوان لە رۆژێکی سپی سپیدا یەکتریان ناسی، لەرۆژێکدا هێندە سارد بوو هەڵمی هەناسەی دەبەست، کەچی نیگاکان هەردووکیانی گەرم گەرم کردبۆوە.

رزگار خەیاڵی تەواو رۆیشتبوو، پاروی پەنیری بەدەستەوە بوو چایەکەی بەبێ تێکدان فڕکرد، دایکی هەستی پێکردوو گوتی:

کورڕم ئاگات لە نانخواردن بێت دیارە لە شوێنێکی کەی چایەکەت تێکدە.

رزگار بەهۆش خۆی هاتەوەو خەریکی چا تێکدان بوو کە دووا دیداری نازداری هاتەوە یادوو خەریک بوو دوو دڵۆپ فرمێسک بڕژێتە سەر سفرەکە بەڵام نەیهێشت و بەهۆش خۆی هاتەوەو، جارێکی دی نیگا پڕ لەماناکانی ئەمڕۆی دولبەر لەسەر گۆڕی تازە بۆیاخکراوی نازدار بەئاگای هێنایەوەو ئیدی دەستی کرد بەنانخواردن و ئەوەشی بیر هاتەوە کە قەندیل پێی گوتبوو شەو پیاسەیەک دەکەین، بۆیە گەشانەوەیەک کەوتەوە سەر دەمو چاوی و بەدایکی گوت چایەکەم سارد بۆتەوە زەحمەت نەبێ چایەکی گەرمم بدەیە.

بابی لە پەرێز وەستا بوو تا رزگار بێتەوە سەر خۆی و پرسیاری لێبکات ، بەدەرفەتی زانی و گوتی: ها کارەکەتان تەواو بوو چۆن دەرچوو؟

رزگاریش گوتی: جوانترین بۆیاخمان کردوو داکو خوشکیو برایەکەشی هاتن و زۆریان بەدڵ بوو.

بابیشی گوتی: دەستان خۆش وەک گوتم خەرجیەکەی بۆمن بەجێبهێڵن و ماندوو بوونی خۆشتان ببەخشن.

رزگـاریش تەماشـایەکی کـردن و گـوتی: سـوپاس خۆشمان هەرومان دانابوو.

*****************

شەو خەریکدەبوو باڵی خۆی بەسەر شارۆچکەکەدا بکێشێ و مانگ بەرپرسیاریەتی ئەو شەوەی لێوەرگرێ، قەندیل هات و لەدەرگای ماڵی ئەحەی بۆیاخچیداو رزگاریش بەئامادەباشیەوە دەرگای کردەوە، بەیەکەوە بۆ پیاسەیەکی شەوی خەرمانان چوونە دەرێ، هەردووکیان بۆن حەمامیان لێدەهات، جەستەیان سوک ببوو و مێشکیان فراوان، قەندیل بە رزگاری گوت:

لەسەر گۆڕی جوانەمەرگ هەستم بە ژیانێکی نوێ کرد ؟ رزگاریش گوتی:

درێژەی مەدەیە بڵێ هەست دەکەم نیگاکانی دولبەر خەریکە تیژتر دەبن.

قەندیل: رێک وایە، ئەمن زۆرم پێباشە برینی هەموو لایەک سارێژ دەبێت.

رزگار : ئاخر بێویژدان هێشتا کفنی نازدار زەرد نەبووە، دەتەوێ ئاوا بەسانایی هەموو جوانیەکانی ژیان و یادەوەریەکان وەلاوە نێم، ئاخر ئەوکاتانەی نامەی دەدامێ پێمدەگوت خوشکە جوانەکەم، ئێستاش هەمان خوشکە جوانەکەمەو ناتوانم هەرگیز ئەو روەی داومەتە نازدار بیدەمە ئەو، دواتر قەندیلی برام دڵم پێم دەڵێت ئەو ئەڵقەیە با نەپچڕێنین بەڵام ئەڵقەیەک تەنیا تۆ دەتوانی تونتری کەی.

ئیدی نەیانتوانی گفتوگۆی زیاتر لەمبارەیەوە بکەن، هێشتا گەڕەکی خۆیان نەبڕیبوو کە تارمایی فەرمانی برایەکەی نازدار لەتاریکیدا دەرکەوت و هەردووکیانی بێدەنگ کرد، هیچ دەرفەتی بیر کردنەوە نەمابوو تا پلانێک بۆ وەڵامدانەوەیان هەبێت، گەیشتنە بەرامبەر یەکترو سڵاویان لەیەکتری کرد، فەرمان گوتی:

ئەوە بابم بەدووی ئێوەیدا ناردم گوتی هەتا ماڵێ بێن کارم پێیانە، قەندیلیش گوتی:

چ کارێکە ئەگەر دەیەوێ هەقدەستمان بداتێ هەرگیز قبوڵمان نییەو خۆشت ئاگات لێبوو ئەحەی بۆیاخچی باوکی رزگار قبوڵی نەکرد و گوتی ئەوەندەش دەکەوێتە سەر ئێمە.

فەرمانیش گوتی: شەرتبێ نازانم ئەمن لەسەرمە و هاتووم بەدووی ئێوەدا.

رزگار هەموو لەشی دەلەرزی، شەرم خەریک بوو هەرەسی پێبهێنێ قەندیلیش بە دەرفەتی زانی و گوتی:

باشە کاکە فەرمان سەردانێکی کورتی هاوڕێیەکمان دەکەین و دێین، فەرمان گەڕایەوەو قەندیلیش رووی لە رزگار کرد گوتی :

ئەوە بۆوات بەسەر هات هەی شێتە ئەوە رێوی بەرەو پیرمان هات ئەتۆش دەترسی؟

رزگار: کورە بەخوای دەترسم نەتوانم یەک وشەش بڵێم، ئاخر لەوێ سێبەری نازدار لەهاتوچۆدایە ئەوە شتێکم بەسەر هات.

قەندیل گوتی: خەمت نەبێ کەمێک پیاسە دەکەین و دەچین، دڵنیابە بەدڵی تۆ دەبێت بابە کێ لەتۆی باشتر دەستدەکەوێ خێزانێکی بێ کێشەو گرفتن نابینی باوک و براو داکیان چەند رێزمان دەگرن، ئیدی ژیان ئاوایە هەر دەبێت بەردەوام بین و کۆسپو ناخۆشیەکانی نەمانروخێنن، ئێستا تۆ خەریکی هەستانەوەی و ئەوانیش دوور نییە هاوکارت بن، هیچ مەترسێ منت لەگەڵم دەتوانین ئەمشەو بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بین، لەبیرت چوو داکی نازداری چی گوت؟ ئەدی بەمنی نەگوت ئاگات لە رزگار بێت خەمێکی قوڵی هەیە، کێدەڵێ ئەوەش نەخشەی ئەو نییە تا تێکەڵاوی درووست بێت؟

رزگاریش گوتی:

بیرکردنەوەی ئەوان و من جیاوازیان هەیە بۆیە دەترسم، ناشێ تۆش هەمان بیرکردنەوەی ئەوانت هەبێ؟ ئاخر وەک پێم گوتی دولبەر دەیەوێ لەم

تەنیاییەی خۆی قوتار کات، دواتر هێشتا نازدار مابوو کە بەیەکەوە بووین دولبەر چاوی لەسەر تۆ بوو، ئێستاش هەروای دەبینم تکایە دۆسیەی عیشقی من داخە، ئەو خوشکی منەو هەرواش دەمێنێتەوە.

قەندیل ئەم گوتانەی پێخۆش بوو بۆیە یەک وشەی نەدرکاند، لە راستیشدا ئەو لە سەرەتای عاشقبوونی رزگارو نازدار بیری لە دولبەر کردبۆوە بەڵام هەرگیز لەبەر رزگار نەیدەدرکاند.

نیو کاتژمێرێک پیاسەیان کردوو دواتر چوونە گەڕەکی نازدار، ئەو سویێبانەی نازداری لەسەر کەوتە خوارەوەو رزگار بەباوەش گرتییەوە هەڵویستەی بەهەردووکیان کرد، دواترو بۆ یەکەمجار بەئاشکراچوونە بەردەرگاو لە دەرگایاندا.

پێدەچوو دولبەر لە بۆسەدابێ بۆیە ئەو هات دەرگای کردەوە قەندیل لە پێشەوە بوو دولبەر گوتی: فەرموون، هەردووکیان بەناو ترس و خەم و خۆشەویستیدا رەتبوون، ئا لەمکاتەدا دوودڵیەک دایگرتبوون، بەڵام ئیدی بەپێی خۆیان چوون و دەبێت خۆشیان خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە کەن.

دەنگی دولبەر زۆر لە دەنگی نازدار دەچوو بۆیە رزگار سڕ ببوو، بەڵام چونکە لەم نیو کاتژمێرەدا

هەمــوو ئەگەرەکانیــان لە بەردەم خۆیــان دانــابوو هەروا وەڵامــی پرسیارەکانیشــیان ئەزبەر کردبــوو، بۆیە رزگار بەســەر خۆیدا زاڵبوو و گوتی سوپاس گیانکەم.

حەوشەکەیان پازدەمەتر درێژ دەبوو لایەکی گوڵ و فریزو دووسێ جۆر داری لێچێنرابوو بەڵام لەبەر تاریکی شەو نەتدەزانی چین، لاکەی دی هۆدەیەکی گڵ و چەن قەرەوێڵەیەکی ئاسنی لێبوو، هەیوانی پاشتر کە دیوەکانی دانیشتن و نووسن و ئاشپەزی لێبــوو کەوتبــووە دوای دواوە، رزگــارو قەنــدیل لە پێشەوەو دولبەریش لە دواوە دەڕۆیشتن تا گەیشتنە بیڵلایەکەو دولبەر بۆ ئەوەی باب و کەسەکانی بزانن گەیشتون بە دەنگێکی بەرز فەرموو فەرمووی کرد، نــوری ددانســاز بــۆ پێشــوازیان هــاتە بەردەمــی بیڵلاییەکەو دیوی دانیشتنی پیشــاندان و فەرمووی لێکردن، ئەوان لەگەڵ فەرمان چوونە ژووری و کاک نووری روخسەتی خواست تا دەستی بشوا چونکە تــازە ددانــی نەخۆشــێکی دەوا کردبــوو، دایکیشــیان هــات و زۆر بەگەرمی بەخێراتنی کردن، ئەم کەشە ئــارامییەکی زۆری بە رزگــار بەخشــیو بەڵام هەستیکرد ئەو ماڵە کە هێشتا بۆنی نازداری لێدێت خەمێکــی گەورە لە نــاخی هەرتاکێکیانــدا

لەهـــاتووچۆدایە، ئەم دیـــمەنە و پێشـــوازی و بەخێرهـــاتنە مژدەبـــوو، بەڵام یادەوەریەکـــان گەورەتـرین کۆسـپی بیرکـردنەوە نوێیەکانیـان بـوو، رزگـار لەنێو نیگاکانـدا خەریکی توانەوە بـوو، ئـاخر نیگای نازدار وەک کۆترێکی بەرزەفڕ بەرەو شـینایی ئاسمان لە فڕیندابوو، هێشـتا بۆن و سـێبەری لەوێ مـاون، گـمەی فڕینـی نیگاکـان و گیـانە سـادەکەی دەبیستریێ، بەڵام ئەوەتـا نیگـایەکی نوێ کەنیشـانەی ژیـانێکی نـوێیە و مژدەبەخشـی نزیـک بـوونەوەیە لە تەنیشـتی ئەودا لە هـاتوچۆدایە نـامۆییەک خەریـکە تەفروتونـا دەبێـت و لەگەڵخۆیـدا خەمەکـانیش ورد دەکـا، گیـان وەبەر ژیانـدا دەکـاتەوەو وەک هـیچ روینەدابێت وایە.

لەم نێوانەدا رزگاری بریندار خەریکی چەقینە، پێی سەیرە تەنیا چل شەو بەسەر نازداری جوانەمەرگدا رابردووە نیگایەکی نزیک و هاوشێوە و هـاو بۆن و هاو خوێن خەریکە بۆنی ژیـانێکی نوێ دەبەخشـێ، ئەوەتـا هەمـوو دەرگـا داخراوەکـانی دوێنێیـان بـۆ کراونەوە، پێشتر ئەو دەرگایانە بفە بـوون، ئێسـتا لە پێشـوازیدان بـۆیە هەمـوو ئەو پێشـهاتانە رزگـاری نوێدەکردەوە، بەڵام کەبۆنی نـازداری دەکـرد دیسـان دەچەقـیەوە، چەقینێـک پێمـوایە قەنـدیلیش نەتـوانێ

دەریبێنێ، بەڵام هەر کە گوێی لە دەنگی دولبەر بوو فەرمــوو ئــاو بخــۆ، پێــی وابــوو ئەوە نــازدارەو بەدەستی خۆی ئاوی دەداتێ بۆیە لەم چەقینە هاتە دەرو ئاوەکەی وەرگرت، تەنیا قومێکی لێداو لەسەر سینییەکەی دایناياوە، لەمکاتەدا کاک نووری ددانساز هــاتەوە ژوورێ و هەمــوو لەبەری هەســتان، داوای بووردنی کردو گوتی:

نەخۆشەکان دەم و جەمیان نییە هەر دێن.

قەندیلیش گوتی: ئاساییە بەڕێز دوور نییە سبەی ئێمەش پێویستیمان پێت بێت و بە نیوەشەو بێینە لات و چارەسەری ددانمان بۆ بکەی.

نـوری ددانســاز: ئومێد دەکەم کارتـان بێـرە نەبـێ ئەگەر هەشــبوو لەخــزمەتم، جــا گەنجــۆینە ئەمــن بۆخـۆم گۆڕی جوانەمەرگم بە ڕەنگکراوی نەدیوە، بەڵام مــاڵێ باســیان کــرد کە کــارێکی ناوازەتــان کـردووە، دەسـتان خـۆش، هەڵـبەتە وەکـو فەرمـانی کوڕم تەماشـام کردوون بۆیە لە دووم ناردن دەنـا دەبـوو خـۆم بـێمە لاتـان، ئێسـتاش بـۆیە بە دوومـدا نـاردوون تـا چـایەک بەیەکەوە بخـۆینەوەو بشـزانم مانـدوو بـوونی ئێوە چەنـدە؟ هەروابێتەوە دەشـزانم کاک ئەحەی بۆیـاخچی نەیهێشـت پارەی بۆیاخەکـان

بدەم بەڵام ئێوە کاسبن جیاوازەو دەبێت هانتان بدەم.

قەندیل گوتی:

ئێمە لە خزمەتی ئێوەداین گەورەترین شانازییە بە کوڕی خۆتمان تەماشابکەی بۆیە هەر دەبێت کوڕ سەردانی باوکی بکات، ئێمە ماندوو نەبووین و بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانیوە.

رزگار کە بەم قسانەی باوکی نازدارو قەندیلی برادەری کەمێک شەرمی شکابوو هاتە سەر خەت و گوتی:

مادام داکی کاک فەرمان و جەنابتان کارەکەی ئێمەی بەدڵە ئەوە گەورەترین دەسکەوتی ئەمڕۆمان بووە، هەروا کە وەک فەرمانی کوڕیشت سەیرمان دەکەی هەر شانازی پێوە دەکەین بۆیە هەرگیز کوڕ هەقدەست لە باوکی وەرناگرێ، بۆیە چایەکەمان قبوڵە و ئەوانیدینا.

قەندیل زۆر دڵخۆش بوو بەو قسە زلانەی رزگار بۆئەوەی لەشەرمان توشی هەڵە نەبێت هاتە سەر خەت و گوتی:

بەڵام کوا خۆ چایەکەمان نەخواردەوە؟

قسەکەی تەواو نەکرد دولبەرو دایکی بە سینیەک چاوە هاتنە ژوورێ، دایکی گوتی:

یــاخوا بەخێــربێن بەراســتی ئەمــڕۆ کەبەئــارەقەو ماندوو بوونەوە ئێوەم دیت دڵم سووتا، هەروابێتەوە کەمێک لە خەمەکانیشم سووک بوو، کەزانیم خەڵکی دیش هەن خەم بۆ جوانە مەرگ دەخۆن، دەشمەوێ جارێکی دیکە دەستخۆشیتان لێبکەم بۆ ئەو کارە جوانەتان لە ئێوارەوە هەر باسی دەکەم.

دولــبەر ســینییەکەی بەدەســتەوە بــوو فەرمــانی براشی چایەکانی دادەنا، قەندیل چاوی لە ناوچاوی داکی فەرمان بوو رزگاریش سەری خۆی شۆڕ کردبۆوەو نەیدەوێرا نیگا لەکەس وەرگرێ تەنانەت لە دولبەریش، چایەکان دابەشکران زرینگەی تێکدان رزگاری بەهۆش خۆی هێنایەوەو ئەویش دەستی بە تێکدانی چایەکەی کرد، دولبەر زانی رزگارو قەندیل زۆر شەرم دەکەن بەسینییەوە چۆ دەرێ، ئەوجار دەســتیان بە چــا خــواردن کــردەوەو بەڵام داکــی فەرمانی هەر قسەی دەکرد.

ئەو دەیگـوت: هـیچ لە جەرگ سـووتان ناخۆشـتر نییە ئـازارێکە تەنیـا داکوبـاب دەزانـن چییە، بـۆیە دەخــوازم کەس جەرگــی نەســووتێ، وەک دەبیــنن ئێستا بەجـوانی گـۆڕەکەی دڵـم خۆشـە پێشـتر کە جـوانە مەرگ خـۆی جـوان دەکـرد دڵـم دەکـرایەوە، سـەرنج لەو جیـاوازییە بـدەن بـزانن ژیـان چەنـدە

هەورازو نشێوی تێدایە، چۆن گۆڕانکاری بەسەر هەمواندا دێنێ، ئاخر بۆنی بۆیاخ لەکوێ و بۆنی نازدارەکەی من لەکوێ، کەچی دایک وای لێدێت بەرەنگی جوانی گۆڕی جوانەمەرگەکەی دڵی خۆش بێت! خودا ماڵی خەڵکیش ئاواکات هەموان لە ئێمەیان زیاتر خەم بوو، بەڵام خەمی ئێوەو ئێمە یەکە هەست دەکەین ئێوەش هاوبەشی ئەو کۆستەی ئێمەن بۆیە ئیدی ئێوە هەروەک بابی منداڵان گوتی لەگەڵ فەرمانی کوڕم جیاوازیتان پێناکەین.

نوری ددانساز قسەکانی وەرگرتەوە و گوتی:

ئێمە بەشی خۆمان دنیامان زۆر دیوە بۆیە ئێستا لەخەمی منداڵاندایین تا بەسەربەرزی پێیا بگەیەنین.

ئیدی گفتوگۆکەیان درێژەی کێشاو دواتر رزگارو قەندیل ماڵئاواییان کردو رۆشتن، هەموان بۆ بەڕێکردنیان هاتنە دەرێ، هەردووکیان ملیان بەتاریکییەوە ناو لەژێر چەتری ئاسمانێکی ساماڵی پڕ لە ئەستێرە بزر بوون.

***************

بایەکی فێنک لە سپێدەی هاوینێکی گەرمدا لچکی بەسێی داکی رزگاری دەلەراندەوە، خەندەیەکی ژنانە هەرگیز سیمای جێنەدەهێشت، چۆلەکەکان تازە دەستیان بە جریوە جریو کردبوو، هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو، قەندیلو دایکی رزگار لەبەردەم ماڵی خۆیان وەستا بوون، ئەوەی دوێنێ شەو لە ماڵی نوری ددانساز رویدا هەمووی بۆ دایە بەسێ گێڕا بۆوە، هێشتا رزگار خەریکی خۆ گۆڕین بوو تا لەگەڵ قەندیل بچنە دووکانی بۆیاخەکەیان، بەڵام بەسێ دڵی هێندە خۆش بوو دەمی بەریەک نەدەکەوت، بەردەوام نزای بۆ قەندیل دەکردوو دەیگوت: چانەبوو تۆش کورم بووی بەخودای لە رزگاریم خۆشتر دەویێی ئاخر ئەتۆ خدری زیندە بووی و فریامان کەوتی، بۆیە ئەگەر دەزانی دولبەر

دەتــوانێ خەمەکــانی ئێــوە داوەشــێنێ، دەتــوانین هەرچــی زووە کارێـک بکەیـن هەمـوو لا رازیکەیـن، نزیکبوونەوەی ئێوە لەم ماڵە کردنەوەی دەرگایەکی نـوێیە، ئـاخر دولـبەریش گونـاحە نـاکرێ تەنیـایی دایرِزێنێ و ئێمەش تەماشاکەر بین.

بەڵام قەندیل رایەکی کەی هەبوو ئەو گوتی: جارێ زووە، رزگـار راسـتدەکا هێشـتا کفنـی نـازدار زەرد نەبـووە، ئەوەشـت بیـر نەچێـت ناومـان لە شـوێنێک وەرگیـرێ دەبێـت بـۆ خوێنـدن دوور کەوینـەوە، لەم کـاتەدا رزگـار دووچاری کێشـە دەبێـتەوە، هەر هـیچ نەبێـت، دەبێـت تـا هـاوینێکی دی بوەسـتین ئەوجـا پەلەی مەکە ئەمن چارەسەری دەکەم.

بەســێ لەخۆشــیان حەزی لێبــوو ئەم بەیــانییە هەرگیز تەواو نەبێت چونکە هەستیدەکرد کورِەکەی خەریـکە لەم تەنگـژەیە رزگـاری دەبێـتو ئیـدی بـۆ هەمیشــە لەبـری ئەوەی بچێـتە گۆرِسـتان بە مـاڵ و دووکان و خوێندنەکەیەوە دەبەستریێتەوە,

لەو عــانەدا بــوو رزگــار بە بەرگــی کــارەوە کە شــەرِواڵ و کراسـێکی رەنگـاو رەنگـی لەبەر بـوو، کەچـی کەسـیش نەیدەزانی جلەکانی چ رەنگن، هـاتە دەرێ و لەگەڵ قەنـدیل ماڵئاواییـان لە دایکـی کـرد، هەر لە زەمەنـی خوێنـدنیانەوە راهـاتبوون بەیانیـان

زوو هەڵدەستان ئەم بەیانییەش پێش زۆرینەی دووکاندارەکان دەرابیان هەڵدایەوە، لە چاوەڕوانی مشتەرییەک یان خاوەن کارێک دانیشتبوون و سەرهاتی دوێنێ شەو و ئایندەیان لەنێوانیان دەهاتودەچوو، چای وەستا قادریان خواردەوەو چەند مشتەریەکیشیان بەڕێکرد کەچی هیچ خاوەن کارێک نەهات، ئەحەی بۆیاخچی بەپۆشتەیی و پاکوخاوێنی هاتە دووکانو ئەویش چای خواردەوەو نیوەرۆش داهات کەس پەیدا نەبوو، بۆیە ئەم دوای نیوەرۆیەیان کردە پشووی خۆیان و بڕیاریاندا ئێوارەکەی بەجووتە سەردانی گۆڕستان بکەن، هەرواش بوو هەردووکیان پشوویانداو ئێوارەکەی وەک زۆرینەی رۆژان چوونە سەر گۆڕی جوانە مەرگ، کەگەیشتن دولبەرو دایکی لەوێ بوون و دەنووزانەوە، گوڵەکانیشیان ئاودابوو چونکە هێشتا تەنەکەکە لەوێ بوو، چاوی رزگاریش پڕ ئاو بوو، خەونەکەی ئەوێ شەویشی زۆر بەخێرایی بەنێو هزریدا رەت بوو تاوێکی باش لەوێ مانەوە بەڵام لەکاتی ماڵئاوایی کردندا دولبەر رزگاری گەڕاندەوەو پێدەچوو لەگەڵ داکی رێکەوتبن زەرفێکی کاغەزی دایە رزگارو پێی گوت:

ئەوانە هــی خــۆتن، بیانپــارێزە خــۆی لێنزیــک کــردەوەو ورتەیەکــی لە دەم هــاتە دەر بەڵام جــگە لەرزگار کەس تێی نەگەیی، ئیدی رزگار زەرفەکەی وەرگـــرت و لەگەڵ قەنــدیل بە خڕەکەیــدا شــۆڕ بوونەوە، دوای دوور کەوتنەوەیان قەندیل پرسیاری کرد ئەوە چیتێدایە؟

رزگـار : پێمـوابێ نامەکـانی خـۆمە کە بـۆ نـازدارم ناردوون و دیارە دولبەر پاراستوونی.

قەندیل : ئەدی چی پێگوتی؟

رزگار: باش تێی نەگەشتم بەڵام دوورنییە نامەی خۆشی تێدابێ.

ئیدی تـازە خـۆر پەڕیبـووە ئەودیـوی چیاکـانەوەو لەولاشـەوە تـاریکی سـێبەری خـۆی پیشـانی ئـاوایی دەدا، بۆقەکــانیش دەرکەوتبــوونەوەو هەوڵیــان دەدا بەردەکان وەک سەکۆ بۆ خوێندنی شەوانەیان بەکار بێـــنن، مانـــگ لەنیـــوەی دابـــوو پـــێش هەمـــوو ئەستیًَرەکـان خـۆی بەدیـار خستبوو، وەک بڵـێ ئیـدی خـۆر ئـاوادەبێ و مـن دەبـمە سـەرچاوەی روناکیتـان، خورەی روبـار جگە لە ئـاوازێکی خۆش شنەیەکی فێنکیشی بەسەر فریزی کەنارەکانی خۆیدا پەخـش دەکـرد، لەژێـر دارو نـاو باخچەکـانیش دوو دوو و ســێ ســێ عــارەق خۆرەکــان بەلاکەلاک و

سلاوه خاوەکانیان بەرەو ئاوایی هەڵدەکشان، ئەوان لەنێو مەستبوونی خۆیاندا گۆشەگیر ببوون، بەڵام هەندێکیان بە مەقامەکانی محەمەد جەزاو خارە تاهیر بێدەنگیان شەق دەکردوو گۆشەگیربوونی خۆیان دەدایە ئەوانی دی، رزگار هەڵوێستەیەکی کردو قەندیلیش لە گەڵی راوەستا، سەر خۆشێک تەسجیلێکی بەشانیدادابوو و دەنگی تەواو بەرزکردبووەوەو لەناو ئەو شیوه چڕەدا زایەڵەی دەهات، ئەو دەنگە دەنگی محەمەد جەزا بوو دەیگوت:

)نامەکانت یەک یەک ماون دیارییە سادەکانت ماون) ئالەویٚ رزگار تەماشایەکی نامەکانی نێو دەستی کردوو چاوی پڕ بوو لەئاو، قەندیلیش هەستی بە کولانەوەی برینەکانی رزگار کردوو پێیگوت:

حەزدەکەی بچینە لای ئەو مەستە، رزگار نەیتوانی وەڵام بداتەوە بەڵام رووی وەرگێڕاو بەرەو سەرخۆشەکە رۆیشتن، کە نزیک بوونەوە دیتیان (لالیی)ە، لالی گەنجێکی جوانی ئاوایییەکەی خۆیانە نزیکترین هاوڕێی ئارەقە، هەموو رۆژێک تا ئێوارە کرێکاری دەکردوو خەریکی ئارەقە رشتن بوو، ئێوارەکەش بەو پارەی دەستی دەکەوت دەیدایەوە

ئـارەق و لەگەڵ نیـو کیلـۆ خەیـارو تەمـاتە، شـۆڕ دەبۆوە نێو باخچەو شـیوەکانی تەنیشـت ئـاوایی و ئێـوارەش بە خـۆی و تەسـجیلەکەیەوە دەگەڕایەوە مـاڵ، جیهـانی ئەو زۆر تـایبەت بـوو کەس نەبـوو خۆشـی نەوێ تەنـانەت مەلا ناودارەکـانیش لە گەڵـی دادەنیشـتن و گوێیـان لێـدەگرت، چـونکە زیـانی بـۆ کەس نەبـوو، بەم هۆکارەشـەوە ببـووە هـاوڕێی گەورەو بچـوکی شـار، زۆرینـەی رۆژەکـان بەتەنـێ بـوو، هـاوڕێی ئێجگـار زۆر بـوون، بەڵام هەمیشـە تەنیایی پێخۆش بوو.

لالی خەریکی هەستان بوو بەڵام هێشتا یەک دوو پێکی مابوو دایانبوو لە ڕێیە و سەرپێیی تەواوی کا، سـڵاویان لێکـردوو ئەویـش کە لاکەی دەهـات هەردووکـی مـاچکردن، پێکێکـی بەدەسـتەوە بـوو فەرمووی لێکردن قەندیل گوتی:

نۆشـی گیانـت بـێ لەوکـاتەدا حەمە جەزا چریکـانی(گەواهـی ئەدەن ئەوانەی نـامەی تۆیـان بـۆ ئەهێنـام) رزگـار نەیتوانی بەسـەر خۆیدا زاڵ بێت و دەسـتی کـرد بەگریـان، لالـیش بەوپەڕی دڵسـافی و پێکەنینەوە گوتی:

بە شـێخی سندۆڵان ئەو گەنجە عاشـقە، تەماشـای دەڵێـی بەبەیە بـۆ شـیر دەگریـا، کوڕی بـاش ئەوەتـا

شیری شێرم پێیە هێشتا پێکەکەی بەدەستەوە بوو گوتی:

باشترین دەوای عاشق ئەو پێکەیە هەڵیدە و چارەسەری هەموو زامەکانت دەکا، وەک چۆن زامەکانی منی سارێژ کرد، مێشکت سادە سادە دەکاتەوەو خەمەکانت بەبادەدا، فرمێسکەکان دەوەستێنێ و وەک من هەر خەریکی پێکەنین دەبی هەڵیدە کوڕی گەنج هەڵیدە.

رزگاریش کە هەرگیز عارەقی نەخواردبووەوە، بەڵام زانیاری هەبوو پێکەکەی لێوەرگرت و قەندیلیش هیچ بەرگری نەکرد، دوو دڵۆپ فرمێسک رژانە ناو عارەقەکەو حەمە جەزا گوتی:(بەڵام چیبکەم خۆشەویستیت نەهەنگێکە خوێنی تینووم ئەخواتەوە، خۆشەویستیت روبارێکە ڤینی رەشم ئەشواتەوە) ئیدی بەیەک بین عارەق و فرمێسکەکەی خۆی هەڵداو لالیش قاشێک ئارووی دایەو گوتی:

ئەوەش بخۆ چارەسەرە، ئاروەکەشی لێوەرگرت و خرمەی لێوە هێنا، ئا لەوێ گریانی رزگار بەتەواوی تەقیەوە ئاوێتەی دەنگی حەمە جەزا بوو، لالی کە دیمەنەکەی بەلاوە نامۆ بوو و راستی عاشقبوونی ئەو گەنجەی بۆ دەرکەوت پێکێکی تەنکتری بۆ تێکردوو گوتی:

تەواویکە خەمت نەبێت ئەوە خەم رەوێنە، ئێستا فرمێسکەکان دەوەستن هەڵیدە قوربانی ئەو عاشقبوونەت بم هەڵیدە، رزگاریش کە خۆی بە پێوە نەدەگرت لەسەر بەردێک دانیشت و پێکەکەی لەبەردەمی خۆی داناو سەرنجێکی لە قەندیلدا.

قەندیلیش گوتی:

رزگار تەواویکە ئێستا هەموو شت لەبیر دەکەی ئەمن بەبێ تۆ یەک دوو جاران نۆشم کردووە، رزگاریش نەیکردە نامەردی پێکەکەی دیشی فڕکرد، قاشێک ئارو و تەماتەی بەدوادا کردوو وەک ئەوەی هەموو رۆژێک ئەوە کاریبێ، هێشتا گەرم دانەهاتبوو بەڵام لەگەڵ دەنگی مەقامەکە فرمێسکی دەڕشت، هەستیکرد کەللەی سەری خەریکە سڕ دەبێت بۆیە گوتی:

تەمام ئیدی ناخۆم، لالیش گوتی:

بشخۆی ناتدەمێ چونکە نەما، ئیدی هەرسێکیان بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ ئاوایی دا، لەنێو ئەو ئێوارە بولێڵەدا لە دوورەوە سێبەری دولبەرو دایکی دیاربوون کە لە روبارەکە پەڕینەوەو خۆیان بە ئاوەدانیدا کرد، رزگار هەستیدەکرد جەستەی سوک بووە هەنگاوەکانی شل بوون و مێشکی خەریکە

بەتاڵ دەبێت، لالی قسەی بۆ قەندیل دەکردوو دەیگوت:

عارەق دەوایە بزانە ئەم عاشقەی چۆن ژێر کردەوە، منیش بۆ بەبادانی خەم و ماندوو بوونی رۆژانەم عارەقم هەڵبژاردووە، ئەوەم نەبێ ژیانیش مانایەکی نامێنێ ئەو دەتخاتە ناو خۆیەوە سادەت دەکاتەوەو شەرمت دەشکێنێ، هەموو رۆژێ راتدەکێشێتە ناو سروشت و لەژاوە ژاوی شار دوورت دەخاتەوە، دواتر خەوێکی ئێجگار خۆشی هەیەو بەبێ خەیاڵ و بێنەو بەردەی ژیان بەبێ لایلایەو تورە بوون، بەبێ بیرکردنەوە لە رابردوو و داهاتوو، هەر سەرت بەسەرین کرد بەیانییەکەی چاو دەکەیەوە، ئای کە خەوێکی خۆشی هەیە؟ بزانە ئەو عاشقە خەوی ئەم شەوی چەند شیرین دەبێت.

قەندیل گوتی:

کاک لالی سەرەتا گوتت وەکچۆن زامەکانی منی سارێژ کرد پێم بڵێ زامی تۆ چی بوو؟

لالیش گوتی: سەرەتا مەڵێ کاک، ئەمن لالیم و تەواو، دواتر چیرۆکی ژیانی من هەرلای خۆمە بەڵام هەر نابێت وا بمێنێتەوە بۆیە بەکورتی بۆت دەگێڕمەوە.

لەرۆخ روبارەکە شوێنێکی لێبوو یەک پارچە فریز بوو جار جار ئەگەر شەپۆلێکی نەرم ئاوی بەسەر خستبا دەنا هەر بە پروشکی ئاو کە بە بەردەکان دەکەوت ئاو دەدرا، هیچ داروبارێکی لێنەبوو سێبەر درووستکا بۆیە مەستەکان لەوێ دانەدەنیشتن دەنا شوێنێک بوو وەک بەهەشت، لالی گوتی:

دەبانگی برادەرە عاشقەکەت بکە با تاوێ دانیشین، هەم خۆم بۆتۆ بەتاڵ دەکەمەوە هەم قورسایی سەر شانی ئەم عاشقەش سوک دەکەم، هەرسێکیان دانیشتن‌و لالی تەسجیلەکەی کوژاندەوەو گوتی:

(بابی خۆم بەبیر نایە تەمەنم یەک ساڵ بووە بەنەخۆشی کۆچی کردوەو جێی هێشتووین، دایکم شووی نەکردۆتەوەو لە سەر من دانیشتووەو وەک شا منی گەورە کرد، کەسوکاری بابم و داکم هەرگیز نەیانهێشت کەموکوڕیمان هەبێت، هەموو جەژنانان شەڕبوو لەنێوان خاڵم و مامم کێ بەرگی جێژنەم بۆ دەکات، هێندەیان خۆشدەویستم وامدەزانی هەموو منداڵی دنیا ئاوا دەژین، تا فامم کردەوەو گەورە بووم، هەینێ گەورەییو دڵسۆزی خانەوادەکەی دایەو بابەم بۆ دەرکەوت، بەڵام وەک هەموو قەدەرەکانی ژیان ئەم خۆشیەی من زۆری نەخایاند گەیشتمە پۆلی سێی ناوەندی عاشقی

کچێک بووم، ئەو کچە هەموو ژیانی داگیر کردم و بووە هۆکاری تەفروتونا بوونم، بەڵام هەرگیز نەیتوانی لە خوێندنم داببڕێ ئەوساڵە بە نمرەیەکی باش دەرچووم و فۆڕمی چەند پەیمانگایەکم پڕکردەوە، چونکە لەبەرخاتری ئەو کچە هەوڵمدەدا هەرچی زووە خوێندن تەواو کەم و بەو کچە شاد بم، داکم کە بەو پەیوەندیەی زانی سەرەتا هەرگیز نەبووە بەربەست، بەڵام کەخاڵمی لێ ئاگادار کردەوە بەکونفەیەکونێک هەموان بەرامبەرم گۆڕان، چونکە باوکی کچەکە بەبەعسی ناوی رۆشتبوو، هیچ کەس خۆشی نەدەویست، بۆیە خاڵم هەر شێت بوو، رۆژێک هاتەماڵمان و گوتی:

ئەگەر واز لەو کچە نەهێنی بەمن مەڵێوە خاڵە، منیش تێمگەیاند کە ئەو کچە هیچ خەتایەکی نییە، بەڵام گوتی:

ئەدی نابێت بچینە ماڵیان بۆ خوازبێنی، ئەدی تۆ نابێت دەستی ئەو خۆفرۆشە ماچ بکەی؟ ئاخر دواتر تێکەڵی درووست نابێ؟ تا ئێستا دایکت بە رووسووری تۆی پێگەیاندووە هەر ئەوە ماوە ئەو داوێن پیسە هاتووچۆی ئێرەش بکات.

لەتاوان خەریک بوو شێت بم، بۆیە پەنام بۆ مامم برد، لەدڵی خۆمدا گوتم لەوانەیە ئەو لە هەستەکانی

من بگاو ببێتە پشت وپەنام و خاڵیشم هێور کاتەوە، کەگوێی لەم هەواڵە بوو سەت رەحمەت بە خاڵم، سەرەتا دەسبیحەکەی لە ناو دەستی راگرت، توند دەیگوشی خرمە خرمی بە دەنکە قەزوانەکان خست، وام مەزەندە کرد هەر لەناو دەستیدا ورد ورد بوون، ئەوجار دەماری نیوچەوانی کەمێک ئەستوور بوو، دواتر کوڵمەکانی سوور بوونەوەو لالێوێکی سەرێی دەلەرزی، هەناسەدانی خێرا ببوو، چاوی بەجۆرێک زەق کردبۆوە زراوی رژاندم، بڕوات هەبێ دەمارەکانی چاویم دی وردە وردە بەخوین پان دەبوون، هەستمدەکرد چەند ئەمن قسەدەکەم ئەو سەد ئەوەندە جنێو لەهەناویدا کۆبۆتەوەو ورگی ئاوساوە بەجۆرێک خەریکە بتەقێ، دەمزانی هەر تەواو بم، سوکوچروکم دەکا، ئەم دیمەنە زۆر ترسناک بوو چونکە هەرگیز نەمامم نە خاڵم دڵی من و دایکمیان نەدەشکاند، بۆیە سەرنجم لە پشدێنەکەیدا نەبادا خەنجەر یان دەمانچەی تێدا بێت شوکر نەئاوسابوو.

قسەکانی خۆم تەواو نەدەکرد تا ئەو بەقسە نەیا، ئاخر دەموچاوی هەموو وەڵامەکانی پێگوتم، بۆیە بەباشمزانی ئارامی کەمەوە ئەوجار قسان بکا، هەر لە کۆتایی قسەکانی خۆمدا گوتم:

خــۆ منــیش دڵــی ئێــوەم پێناشــکێ لە قســەتان دەرنـاچم بەڵام ئەمـن بەوشـتانەم نەزانیـوە، چـوزانم بەعسـی بـوون چییە؟ ئەدی ئەوە نییە هـاتوومە لای گەورەکانم تا ڕێگەم پیشان بدەن.

لە راسـتیدا ئەوقسـانەی کۆتـایی هـی دڵـم نەبـوون بەڵام تـرس پێـی هەڵڕشـتم. کـارێکی باشـم کـرد هەســتمکرد وردە وردە دەموچــاوی مــامم خــاو دەبێـتەوە ئەسـتووری دەمـاری نێـوچەوانی نـامێنێ ڕێک شێوەی دەبێتەوە مـامەکەی جـارانم بۆیە پێـی گوتم:

کوڕە خەریک بوو جەڵدە لێمدا، هەتیو خۆ ئەو دێڵە سەیە نەچۆتە ناو دڵت؟ ئەگەر لەوێشە دەریکە، دەنا مـن تـۆ لە دڵـم دەردەکەم، بەشـێخی سـندۆڵان لەو دەعبایەمـان نزیـک کەیەوە بـۆ هەتاهەتـایە لە کەسـی ئـێمە دەشـۆرێی، باشـە کەس نەمـا لەو شـارەی ئەو دڵە حیزەت بچێتە سەر کچی گەوادان، باشـە نـازانی ئەتـۆ کێـت پێدەڵێن؟ دەتەوێ لەنـاو ئـاوایی سـەرمان شـۆڕکەی؟ هەرگیـزاو هەرگیـز ئەو باسـەی لای مـن نەکەیەوە باشە.

منــــیش بە دوودڵـــــی ڕۆیشـــــتم لەنێـــــوان خۆشەویسـتییەکی پـاک و کەسـەکانمدا تێمـابووم، نەمــدەزانی چـــی بـــکەم، لە خەمــان لەگەڵ چەنــد

برادەرێکی وەکو ئێوە پەنام بۆ بیرە خواردنەوە برد، بەڵام هەرگیــز نەیتــوانی ئەو خەمە گەورەم بیــر باتەوە، بەڵکو خەستری دەکرد، دوو رۆژ کچەکەم نەدی، سـەری سـێیەم رۆژ بـوو هەرخەریـک بـوو شێت بم، هەستم کرد بەبێ ئەو ناتوانم بژیم.

وەلـی خەریکـی گێڕانەوەی چیرۆکـی ژیـانی خـۆی بـوو، قەنـدیلیش ورتە لە دەمـی نەدەهـاتەدەرو گـوێی گرتبـوو، رزگـاریش چاوی لەنـاو چـاوی بڕیبـوو دەسـتی بـۆ روبـارەکە درێـژ دەکـردوو ئـاوی بە دەموچاویــدا دەپرژانــد، بەڵام هەرگیــز چــاوی لە سیمای لالی نەدەبۆوە،

لەو کــاتەدا دوو بــرادەری لالــی دەرکەوتــن و سڵاویان کرد، وەلیش بانگی کردن و داوای عـارەقی کـرد، نیوچارەگیـان مـابوو دایـانە وەلـیو رۆیشـتن، وەلیش پێکێکی بۆ خۆی تێکردوو دانەیەکیشـی دایە رزگار بەڵام قەندیل وەریگرت و گوتی: با نۆبەی من بێ.

وەلی بەردەوامیدا بە چیرۆکەکەی گوتی:

دەمویســـت بـــۆ هەمیشـــە نەیبیـــنم بەڵام ئەو دڵە برینـدارەی مـن واینەدەگـوت، هەمیشـە سـەرەتاتکەی لەگەڵ دەکردوو رایدەکێشامە گەڕەکەکەیان.

مانگێک لە ماڵی ئێمە تەنیا ئاژاوە بوو، خاڵم دەڕۆیشت و مامم دەهات هەرهەمووشیان سەریان خستبووە سەر دایکم، منیش کە هەرگیز دڵیم نەهێشاندبوو، چونکە رۆڵی دایکو باوکیشی بۆمن هەبوو، هەموو ژیانی تەرخان کردبوو بۆ من، کەچی رۆژێک گوتم دایە ناتوانم واز لە هیچ لاتان بێنم، چبکەم هەموو ژیانی داگیر کردووم بەم قسەیەم داکم تێک چوو، پێی گوتم: یانی هەموومان بە چەتیوێکی دەگۆڕیەوە؟

منیش گوتم: نا دایەگیان خۆشەویستی ئێوە جیایە هەرگیز ناتوانم دەست بەردارتانبم ئێوە هەموو دنیامن، بەڵام دڵم کەوتۆتە شوێنێک بۆم ناگەڕێتەوە.

ئیدی داکم بەهەردوو دەستی کەللەی خۆی گرت و لەجێی خۆی درێژ بوو، دواتر نەخۆش کەوت و تاقەتی هیچی نەما، چەندین نووژداری پێکرا هەر خەراتر دەبوو، خەڵکی دەیانگوت شێت بووە بەڵام وانەبوو، تەنیا دەنگی گیرابوو و چاوی دەگێڕا، سەرتان نەیەشێنم کەوتمە دۆخێکی نەخوازراوەوە، ئەم بێنەو بەردە هاوین و پشووی ئەو ساڵەی لێ تاڵ کردم، ناوم لە پەیمانگای تەزمیدی سلێمانی دەرچوو، پەیمانگاکەش لەناو نەخۆشخانەی شیرەکەی شەقامی سابوونکەران بوو، لەگەڵ

برادەرێکی قوتابی چوومە وێ تا مامەڵەی وەرگرتن تەواو بکەم، سێ شەوم پێچوو، کە گەڕامەوە چی ببینم، دایکم لە سەرەمەرگ دایەو چاوەڕێی من دەکا، ئەو کۆچی کردوو منیش بە تەنێ مامەوە، دەبوو هەر ئەم هەفتەیە بچمەوە سلێمانی بەڵام نەچوومەوە، لە پرسەکەدا کەسوکارم بەتایبەت خاڵم هەر رووی نەدامێ چونکە پێی وابوو من هۆکاری کوشتنی دایکم بووم، لەراستیشدا هەروا بوو، ئەو کەوتبووە نێوان من و خاڵەکانمەوە، کە باوکی کچەش بەو مەسەلەیە دەزانێ هەر زوو کچەکەی دەداتە کوڕی برایەکی، کە بەهۆش خۆم هاتمەوە تاق و تەنیا مامەوە، دایکم رۆیشت و هەرگیز نەگەڕایەوە، خاڵ‌ومامەکانم پشتیان تێکردم، قوتابییەکانی هاوەڵم هەندێکیان لە خوێندن دابوون و هەندێکیان چووبوونە سلێمانی و شوێنەکانی دی بۆ خوێندن، منیش لەنێو ئازاری لە دەستدانی ئەو هەموو کەسەدا و لەدەستدانی دوارۆژم و بەتایبەتیش کچەکەی خۆشەویستم پەنام بۆ تەنیایی برد، کەس ئاوڕی لێنەدەدامەوە، ئاخر هەندێکیان لەسەر هەق بوون و هەندێکیان نا، چونکە لە دڵی مندا نەبوون، منیش ئەوەی دایکم بۆی جێهێشتبووم خێری خاڵ و مامەکانم بوون، هەر ساڵێک پێی ژیام،

دواتر چومەوە سلێمانی تا خوێندن تەواو بکەم کەچی گوتیان تۆ مادام پار نەهاتویەوە ئێستا شوێنی تۆ دراوە بەقوتابیەکی دی ، کە گەڕامەوە بۆ قەڵادزێ خاڵیشم تووشی کێشە ببوو و ببوە پێشمەرگە، پێم وایە هەر بابی کچەکە تووشی کردبوو، سەرتان نەیەشێنم بومە شاگردی کەبابخانەو دواتر بەردەستی وەستای دیوارو خولیای خواردنەوەش هەموو گیانی داگیر کردم، ئاخر چۆن وام لێنەیات، دەزانن لە چ نازو نیعمەتێکدا بووم، لە هیچم کەم نەبوو هەرچی داوام کردبا دایکم بۆی دەکردم، ریشم هاتبوو مامم و خاڵم لەناو بازاڕ فلچ فلّچ ماچیان دەکردم، هەموو ئەوانەم دایە کچێک، من چوزانم بابی بەعسی بووە، ئاخر خوایدەکرد سەگ دەبوو خۆ من کچەکەم دەویست نەک باوکی، ئێوە دەزانن کچەش هەڵویستی لاواز بوو، کە بەمێردی خۆی گەیی منی هەر لەبیر نەما، دواجار بەتاقی تەنێ مامەوە وەک دەمبینن.

دواشت کە دەمەوێ پێتان بڵێم ناوم لاوەیە، بەڵام کە دەچوومە سەرکار بەتایبەت کە شاگردی کەباب خانە بووم بەسەرخۆشی دەچووم و خەوم دەهات، مشتەریەکان ناویان لێنام لالی، ئێستا ئەو لالیەم و وەک دەمبینن.

رووی لە رزگار کردوو گوتی:

تۆش ئەی پیاوی عاشق هەوڵدە ئەو خەمانەی هەتە بیدەیە عارەق چونکە تەنیا ئەو دەتوانێ خەمی هەموان هەڵگرێ و نەشمرێ، دواقەترەی پێکەکەی هەڵداو، پەرداخەکانی لەنێو زەرفەکەی هاویشتەوەو تەسجیلەکەی پێکردەوە و گوتی:

لەدەستم دێی پەشێوی شاعیر دەڵێی من نووسیومە و بۆ حەمەجەزام ناردووە، دەزانن بەبێ ئەو مەقامە هەرگیز سەرخۆش نابم، جا کوڕینە شەودادێ با بڕۆین.

ئیدی هەستان و زۆری نەبرد گەیشتنە روبارەکە رزگار یەک دوو مەتر لەپێش وانەوە بوو، بەبێ ئەوەی شەڕواڵەکەی هەڵکا یان بەسەر بەردەبازەکە بپەڕێتەوە رێک بە پێڵاوەوە وەک ئەوەی بەسەر وشکانیدا بڕوا خۆی بەروبارەکەدا کرد، لالی گوتی:

ئەها ئەوەتا ئەوەش ئیشی عارەقە بەشەڕفت قەت بەم شێوە لە ئاوی داوە؟ قەت هێشتویەتی دەلینگی تەڕ بێت؟ بزانە عارەق چەند نەترست دەکا؟ قەندیل دیمەنەکەی بەلاوە ئاسایی بوو بۆیە بەسەر بەردەبازەکەدا پەڕیەوەو لالیش وەکو رزگار بەلام توند تەسجیلەکەی گرت و شلێپوهوڕ ئاوەکەی بڕی،

نزیکی ئاوایی بوونەوە تەسجیلەکەی کوژاندەوەو بەنێو تارمایی ئێوارەدا خۆیان بەنێو ماڵاندا کرد، تا نزیکی شەقامی سەرەکی بەیەکەوە بوون، لالی ماڵئاوایی لێکردن و رزگاریش گوتی:

لالی قەرزارت کردینەوە سوپاس.

لالیش گوتی: فشەفش ئاگات لە خۆت بێت ژیان ئەوە ناهێنێ هەموومان میوانین.

ئیدی قەندیل نەیهێشت رزگار بەو حاڵەوە بچێتەوە ماڵ و بەزۆر بردیەوە ماڵی خۆیان هەواڵیشی دایە دایەبەسێ و چوون لە ژووری قەندیل دانیشتن.

****************

رزگار نەیدەتوانی چاو بنقونێ دنیا لەبەرچاوی دەسوڕا، بۆیە قەندیل هەستیکرد رزگار تەواو نییە بەبێدەنگی بردیە سەر دەستشۆرەکەو ئاوێکی ساردی بەسەریدا کرد، کەمێک هاتەوە سەر خۆی و سەری وشک کردەوەو بە قەندیلی گوت:

دەزانی لالی راستدەکات عارەق خەم لادەبا، بابە مێشکم سڕسڕ ببوو رابردووی هەموو رەشکردمەوە تەنیا هۆشم لەوەی بوو کەس نەزانێ عارەقم خواردۆتەوە، لەمکاتەدا بوو داکی قەندیلی بەسینییەک خواردنەوە هات و گوتی : بۆن رازیانە دێت.

هیچیان وەڵامیان نەدایەوە خواردنەکەی داناو رۆیشت، ئەوانیش نانیان خواردوو بەر لەوەی چایەکەشی بەسەردا بکەن رزگار زەرفی نامەکانی کردەوە بۆنێکی خۆش بڵاو بۆوە تەماشایکرد تەواوی ئەو نامەو دیاریانەی بۆ نازداری ناردبوون تێیدا بوو، هەروا نامەیەکی دولبەریش ئاخنرابۆ نێو زەرفەکەوە، لەگەڵ فرمێسک رشتن دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد، قەندیل خۆی لە گێلیدەدا

بەڵام هۆشـێکی هەر لای رزگـار بـوو، لە نـامەکەدا نووسرابوو:

(زۆر ماندوو بووم تا توانیم ئەم نامەیە بنووسم، نەمزانی چۆنت ناوبێنم بەڵام دەزانم هەردووکمان زامێکی قوڵ ناخی داگرتوین، زامێک سارێژ بوونی ئاوا ئاسان نییە، لەبیر کردنی زەحمەتەو لەقوڵایی دڵمەوە دەخوازم بتوانم هەموو خەمەکانی تۆ ببەم، ئازارەکانت هەڵگرمەوەو تەمی روداوەکانی رابردوو لەسەر شانت بتەکێنم.

ئەو نامەیە کە بۆیەکەمجارە لە ژیانمدا بۆ کوڕێکی دەنووسم لەبری ئەوەی چی وشەی جوانە هەڵیبژێرم ناچارم، بەدڵدانەوە دەستپێبکەم، ئاخر کەسێک هەردووکمانی جێهێشتووە خۆشەویسترین کەسی هەردووکمان بوو، کارەساتێک قڵیشێکی گەورەی خستە دڵمانەوە، بەردێک هەناوی خێزانێکی هەڵتەکاندوو دڵی هەردووکمانی سمی، ئێستا چەند دڵێکی بریندار خەریکی ژیانی خۆیانن بەڵام دڵی من و تۆ جیاوازەو واهەستدەکەم بە دوو خەمی قورسەوە بەردەوام خوێنیان لێدەچۆڕێ، ئەگەر قەرارە بە چۆڕانی خوێنی دوو دڵ نازدارەکەمان چابێتەوە ئەوە دەیبەخشین، بەڵام خوێنی هەموو دنیا بڕژێتە سەر گۆڕی جوانە مەرگ بۆمان

نایاتەوە، ئێستا روناکییەک لە سوچێکی ئەم دنیا بەرفراوانەوە بۆ مندێ، تروسکەیەک دڵمی وەک خۆی هێشتۆتەوە نیگایەک کەمێک خەمەکانی من دەبا و دەخوازم تۆش ئەو تروسکاییە ئەو روناکییە ببینی تا هەرهیچ نەبێت ژیان دروستبێتەوە، هیچ هیچ نەبێت رابردوو نەمانشێلێ و داهاتوو بدۆزینەوە.

دەزانی گیانی بەرزەفڕی نازدار لەهێلانەیەک ئاسوودە دەبێت بۆنی هەردووکمانی لێبێت، ئاخر ئەو بەدووری تۆ خەم دەخوا، هەموو شەو دێتە خەونم و پێم دەڵێ: ئاگات لە رزگار بێ با لەدووریدا نەتوێتەوە، ئەو لە خەونەکانمدا زۆر ئاسوودەیە تێمدەگەیەنێ و دەڵێ: باش بوو بۆ گڵ بووم بەڵام لە رزگار نەبووم، هەموو شەوێ یەخەم دەگرێت و دەڵێ: نەهێڵی رزگار هیچی لێبێت، با دوور نەکەوێتەوەو لە دەستم نەڕوا.

دەزانم لە نێو دێڕەکانی ئەم نامەیەدا یان نیگاکانمدا گومانێک خۆی حەشار داوە، ویستێک خەریکە داب و نەریتەکانی مرۆڤ بوونم لێوەردەگرێتەوە، چنگی لە هەناوم گیر کردوەو دەیەوێ هەموو شەرم و شکۆیەکم بە پانتایی نامەکەدا وەرکا، ئەوەندەنا وایدەبینی دەمەوێ شوێنە شیرینەکەی ناو دڵت کە

نازداری تێدا بوو من داگیری کەم، لە جیاتی وێنەی ئەو وێنەی خۆم هەڵواسم، بەڵام نا رزگار گیان هەرگیز ناتوانم لەنێو هێلانەی خوشکم بنووم نا هەرگیز لەوێ ئاسوودە نابم، هەموو نامەکانی تۆم خوێندۆتەوە کە بۆ نازدارت نووسیوە، ئەوەندەنا نامەکانی ئەویشم دیون، بۆیە هەرگیز ناتوانم بۆتۆ ببمە نازدار بەڵام خۆ دەتوانم لەنزیکت بم و نەیەڵم وەک ئەوت لێبێت چاوم لەسەرت بێت و خۆشەویستەکەی خوشکم بپارێزم.

ئاخر رزگار گیان دەشێ یادگاریەکان کاڵ بنەوە بە پەرجویەک کەسە هەرە نزیکەکان لەبیر بچنەوە هەروەک کۆچی باب و باپیران و ئەو دایکانەی جەرگیان سووتاوەو دواتر ئاسایی بوونەتەوە، بەڵێ دەشێ وەک ئەو محەمەدی سابیری جیرانتان بەیەک چرکە نۆکەسی خێزانەکەی بوونە قیمە، مامۆستا غەریبی خزمتان هاوژین و سێ منداڵی بوونە قیمە، دەزانی چەندین خێزان مەحوو بوونەوە، کەچی کە شەڕ نەما ژیان وەک خۆی لێهاتەوە،

ئەتۆ نازانی چەند بەنووسینی ئەم نامەیەوە ئازارم چەشتووە، بەڵام دواجار سیمای هەموو خێزانەکەمانم خوێندەوەو هەڵمڕشت، ئاخر دایکم دەڵێ: ئەم کوڕە بۆنی نازداری لێدێ، باهەر ئەو بۆنە

هەبێ و نەڕوا، چەند جارێک ئەوەم گوێ لێبووە، بابم دەڵێ: لەگەڵ نازدار خانەوادەیەکی برنجیشمان لەدەست چوو، براکەشم هەر ئەو شەوەی لە ماڵمان بوون گوتی: خۆزگە زووتر ئەوانەم ناسیبا، هەموو ئەوانەبوو ئەم نامەیەی پێنووسیم.

زۆر باش دەزانم نامەکەم هەم برینەکانتی کولاندەوەو هەم دەوایەکیشی تێدا بوو، زۆر حەز دەکەم بەو دەروونەوە نامەکەمت خوێندبێتەوە کە پێشتر هەتبوو، دەتوانی خەمەکان لە شوێنێکی ژوورەکەت دانێی و لە ئایندەیەکی پاکداو سەرلەنوێ لەسەر زامە تەڕەکەت رۆژێکی نوێ بنووسیەوە، لەسەر کراسە بەخوێنەکەی نازداری خوشکم کە زۆر جاران بۆنی دەکەی و لەبەری دەکەی هەمان بۆنی پێدا کەیەوە، ئەوکات بەتەنیا نابی کەسێک دەکەوێتە نێوانمانەوەو پەنجە بۆ ئایندەی تۆ رادەکێشێ دڵسۆزتەو وات لێدەکات ژیان بەبێ گرفت بەردەوام بێت.

رزگارگیان، نامەوێ لێت بشارمەوە کاتێک ئەم نامەیە دەنووسم کاریگەری دایکم و نازدارم لەسەرە، دەنا هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم تۆ بە خوشک ناوت دەبردم، بۆیە دەمەوێ هەروا بم، ئەتۆ دەزانی من خۆپەرست نیم بەڵام هەستدەکەم

خەریکە لە نێوان ویستەکاندا دەبمە قوربانی، لێشت ناشـــارمەوە بەقەت نـــازدار خۆشـــم دەوێـــی بەڵام هەرگیـــز وەکـــو ئەو خۆشـــم نـــاوێی، ئەگەر لەنێـــو دێڕەکانی ئەم نامەیەدا گومانێک هەبووبێ ئەوە من نەبـــووم، ئەگەرلە نیگـــاو ســـەرنجەکانم گومانێـــک درووســـت بـــووبێ ئەوە مـــن نەبـــووم، هەمـــووی پڕکـــردنەوەی بۆشـــایی خۆشەویســـتییە پاراســـتنی حەزی خوشـــکم و تـــۆیە، لەبیریشـــی مەکە منـــیش مـرۆڤمو لەوە زیـاتر نـاتوانم هەڵـوەرم نـاتوانم ببمە دوو پـــارچە، وە ناشـــتوانم بەبـــێ تـــۆ پـــارچەیەکم ببەخشـم، ئێسـتا دەتـوانی نیـوە مردووەکـان زینـدوو کەیەوە دڵە هەلا هەلا بووەکان چاکەیەوە.

**(ئەم نامەیە فرمێسکەکانی دولبەرن)**

رزگـار کەنـامەکەی تەواو کـرد فرمێسـکی سـوێرو شیرین لە چاوی دەهـاتە خـوارێ، ئەو چایەی بۆیـان هێنـــابوو ســـارد ببـــۆوە و کەســـیش ئاگـــاداری نەکردبۆوە، بۆیە قەندیل پیاڵەکانی بردەوەو چایەکی گەرمـی بـۆ هێنـا، رزگـاریش نـامەکەی دایە دەسـت قەنـدیل و خەریکـی تێکـدانی چـایەکەی بـوو، ئەویـش دەسـتی بەخوێنـدنەوەی نـامەکە کـردو رزگـاریش لەگەڵ چاخواردنەوەدا، بیری لە گۆڕستان و لالـی و

عـارەق و دولـبەر دەكردەوە، ئاورێكی لە زەرفەكەی تەنیشـتی دایەوە نامەكـانی خـۆی كە بـۆ نـازداری نـاردبوو كەوتبـوون، لەنێـو زەرفێكـی زەردبـاودا نووســـتبوون، هێشـــتا هەناســـەیان دەداو لەنێـــو خەونێكی درێژخایەندا بوون، خەونێك خەریك بوون دەهـــاتنە دی و ژیـــان بەویســـتی خـــۆی گەمەی بە چـــــارەنووس دەكـــــرد، ئەو یاســـــایانەی هەڵدەوەشاندنەوە كە لە كتێبە ئاسمانیەكانەوە بۆمان هاتبوون، نامەكان ئەوانەی لە رۆژە هەرە خۆشەكان جوانترین ساتی دابووە هەردووكیان كەوتبووە بەر دیدەی سەرخۆشێكو چیرۆكی شەش مانگ پێكەوە بوونی دەگێڕایەوە، كۆتاییەكی هێندە ترسناكی لەخۆ لولدا بوو زۆر جاران لە جیاتی فرمێسك پروشكی ئاگر لە چاوانیدا دەهاتنە خوارێ، نامەكان كەوتبوونە بەر دیدەی كەسێكی بریندار كە لەنێویدا چەقیبوو، نەیـدەزانی دەروونـــی هەر لە قرچانـــدا بێـــت یـــان گۆڕانكاریەكـانی ئەمـڕۆ وەرگـرێ ئـاخر عـارەق و نامە كۆنەكانی خۆی و پەیامەكەی دولبەر ئەو سێ گۆڕانكـارییە بوون چنگیـان خستبووە نێو بیـریەوە، بـۆیە بەر لەوەی قەنـدیل لە خوێنـدنەوەی نـامەكە ببێـتەوە دەســتی بـۆ زەرفەكە بـرد و نـامەیەكی

راکێشـایە دەرێ، کە سـەرنجی دایە یەکەم نـامە بـوو کە بۆ نازداری نوسیبوو نووسرابوو:

(لە دڵەوە بۆ گوڵ......

رۆژی بەفر بـارینەکە زۆر سـارد بـوو، بـۆیە تـەنیـا بیرم لەوە دەکردەوە بچمەوە مـاڵێکی گەرم و گـوڕو دەست بەخوێندن بکەم، ئەو رۆژە سەرنجم چوبـووە سـەر چۆلەکەکـان، ئەوان لەترسـی سـەرما خۆیـان هاویشـتبووە ژێـر سـویێبانەکانەوە، بەزەیـم پێـدا دەهـاتنەوە چـونکە هەمیشـە کە بەفـر دەکەوێ ئەوان خواردنیـان لێدەبڕێ شـوێنێک نـامێنێتەوە بـۆ چیـنە کردنیان، بۆیە هەمـوو سـاڵێ لەوەرزی بەفر بارینـدا دایکـم پاشـماوەی نانخواردنەکەمـان بە خـوانەکەوە لەسـەر بەفـرەکە دادەنێت و جۆرەهـا باڵندە دەکەونە سـەری، ئەورۆژە تەنیـا بیـرم لای چۆلەکەکـان بـوو خەریـک بـوو لەسـەرمان رەق ببمەوە، بەڵام کەتـۆم دیـت نەچۆلەکەکـانم بیرمـاو نەسـەرما، بەناچـاری خـوانی دڵـم بـۆ چـۆلەکەیەکی دی راخسـت، ئەویـش هـات و بەتەنـێ لە سـەری نیشـتەوە، دەنـوکێکی لە دڵمداو دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێڕژا، دڵێک لە ترسـان و لە سـەرمان خەریکـی وەسـتان بـوو، بەڵام وەڵامـی سـڵاوەکەم کە لەتـۆوەو لەگەڵ کولـووە بەفرەکـان بەسـەردا بـاری گەرمـی کـردمەوەو خوێنەکەشـی

وەستاند، دەموچاوم سوور سوور داگەڕا دەتگوت لەبەر سۆبەی دارانم، یان لە حەمامێکی گەرم هاتوومە دەر، لەرزینم هەر مابوو بەڵام سەرمام نەبوو، نازانم جۆرێک لە ئارامی داگیری کردم، خۆش بەختی کردم چاوی روناک کردمەوەو جوانێکی پێناساندم کە خەونی هەموو شەوانەم بوو، بۆیە دەمەوێ لێرەوە چێژ لە ژیان بکەم ئایندەی خۆم بدۆزمەوەو راستگۆیانە خۆشم بوێ، دەمەوێ ئەوەشت پێ بڵێم دوای یەکەم بینین هەر بۆ سبەی ئێوارە پەیکەرێکی بەفرینم لەشێوەی تۆ دروستکرد، هێشتا ئەو پەیکەرە ماوە و پاراستوومە، راستە ئەو سارده بەڵام نیگاکانی گەرمم دەکەنەوە، دەبێت بشم بووری هەموو رۆژێ پەیکەرە بەفرینەکە ماچ دەکەم لە مێژێی دەگرم و هەست بە گەرمی تۆ دەکەم، دەزانم ئەو پەیکەرە تەمەنی کورتە و هەر ئەم بەهارە دەتوێتەوە بەڵام ئومێد دەکەم جێگەی ئەو تۆ بیگریەوە، بۆ هەمیشە لەگەڵمبی و جێم نەهێڵی، هەروەک چۆن ئێستا لەخوێنمدای و تواویەوە، ئاوا هەر لەنێو سوڕی ژیانمدابی، تەمەنت درێژ بێت و کاتێک دەم و چاوت چرچ دەبێت بە دەستە چرچەکانی خۆم جوانی کەمەوە )

تەنیا ئەو نامەیەی پێخوێندرایەوەو ئیدی نامەکەی خستەوە جێی خۆی، تێنەگەشت قەدەر بۆچی پەیکەرە بەفرینەکەو نازداری تواندەوە، ئاخر ئەو بەرنامەی خۆی هەبوو دەیتوانی بەفر بە مرۆکا، قەندیلیش نامەکەی تەواو کردوو پێی گوت:

رزگار گیان لەنێو نامەکەی دولبەردا گومانم دیت، ئەو لەنێوان خواستی کەسەکانی و دڵی خۆیدا خەریکە پارچە پارچە دەبێت، لێت ناشارمەوە وێنەیەکی خۆشم لە نێو نامەکەدا دیتەوە، بەڵام هەرگیز پێموانەبوو دولبەر هێندە نهێنی پارێز بێت، ئاخر دڵنیام ئەو دەزانێ من ئەو نامەیە دەبینم بۆیە نووسیویەتی، تۆش دوودڵ مەبە، دەزانم ناتوانی ئیستا بڕیار بدەی لێگەڕێ بزانین قەدەر بۆ کوێ دەچێت ئەوکات بیر لە زۆر شت دەکەینەوە.

ئێستا بەباشی دەزانم ئەو نامانەی خۆت و نامەکانی نازداریش کە لەماڵەوە هەڵتگرتوون بیاندەیە من و دەیان پارێزم، تەنیا ئەگەر دەرفەت هەبوو بە دولبەر بڵێ تا هاوینێکی دی بەردێکی لەسەر دانێ دواتر دەرگای ئایندەیەکی نوێ قەدەر دەیکاتەوە.

رزگاریش گوتی: هاوڕێم دەمێکە تۆ دەزانی خۆشەویستیم بۆ دولبەر وەک خوشک بووە گۆڕینی

خۆشەویستی لە خوشکەوە بۆ عیشق بەهەمووکەس نـاکریّ، ئێسـتاش دولـبەرم هەروەک جـاران خـۆش دەویّ، ئەگەر نامەی نازداریشم بۆ نەهێنیّ خۆ بۆنی ئەوی لێـدیّ، نامەکـانی دایە قەنـدیل و بالیفێـک لە تەنیشتی بوو سەری پێکردوو نووست.

****************

ئەگەر سەر لە بەیانیەکەی قەندیل رزگاری هەڵنەستاندبا ئەورۆژە تا ئێوارە دەنووست، چۆن پاڵیدابۆوە هەروا بوو، هەستان و دەموچاویان شوشت و نانی بەیانیان خوارد، ئەوجار چوونەوە دووکان، ئیدی هەفتەکان رۆژەکانی قوتدەداو مانگەکانیش هەفتەکان، رزگارو قەندیل ئەم هاوینە هەر خەریکی کار کردن بوون، دەرگای قوتابخانەکان کرابوونەوەو بەڵام لەبەر چەندین هۆکار دەرچوونی ناوی دەرچوانی شەشی ئامادەیی لە کۆلیژەکان دەرنەچوبوو، لەم یەک دوو مانگەدا چەندین جار چوونەوە گۆڕستان و دولبەریان دی و ئەو نهێنیەی لە نێوانیان بوو سڕیان کرد، تا کۆچی نازداری جوانە مەرگ کۆن دەبێت و دواتر قسەیەکی لەبارەوە بکەن، ئەوە رێکەوتنی یەکجارەکی رزگارو قەندیل و دولبەر بوو، هەروا هەردووکیشیان لەگەڵ لالی چەندین جاریدی دانیشتن و بەدیار تەسجیلەکەی و دەنگی محەمەدجەزاوە

دەیـــانخواردەوەو پێـــدەکەنین‌و هەنـــدێجاریش هەرسـێکیان بـۆ چیـرۆکە تراژیـدیەکەی رزگـار دەگریـان، وەک هەمـوو رۆژێکـیش بەیـانییەک چــوونەوە دوکـــان، هێشـــتا دوو مشـــتەریان بەڕێنەکردبـوو هاوڕێیەکیـان هەواڵیـدانێ کە نـاوی قوتابیـــان لە زانکۆکـــان دەرچــوەو بە دیــواری دوواناوەنـدیەوە هەڵواسـراوە، خـورپەیەک دڵـی هەردوو هـاوڕێی لەرانـدەوە، قەنـدیل هەر بە بەرگـی کارەوە لەگەڵ هاوڕێکەی بەرەو قوتابخانە رۆشتن و رزگـاریش لە چاوەڕوانیـدا مـایەوە، بـاوکی هـات و دووچای وەستا قادریان بانگ کردوو هەواڵی ناو دەرچوونی قوتابیانی بەبابی راگەیاند، پێشی گوت دوور نییە و هەر واش دەبێت ناومان لە کۆلیژ یان پەیمانگـا دەرچێت بەتەنـێ دەمێنـیەوەو چیدی ئەو پۆشتەییەت نامێنێ، بابیشی گوتی:

کـورم دەزانی خەونی من ئەوەیە برادەرێکم بێت بڵێ ئەوە کوا رزگار و قەندیل بڵێم وەڵا لە فلاّن شار لە فلاّن کۆلیژ دەخوێنن، خوادەکا ناوتان هاتبێتەوە ئەمن خێرێک دەکەم.

زۆری نەبرد قەنـدیل بەدڵخۆشـی هـاتەوە، دوای سلاّوکردن بە رزگاری گوت هەتا چاو ئاوێکم بۆ

بانــگ نەكەی هیچــت پێنــاڵێم، ئەویــش بــۆی بانــگ كردوو بەر لەوەی بۆی بێت گوتی:

فۆڕمەكەمــان چــۆن پڕكردبــۆوە هەروا گەڕاوەتەوە ناوی هەردووكمان لە زانستە جیۆلۆجیەكانی هەولێر دەرچــووە، ئیــدی لە ســبەیەوە دەبێــت مــامەڵەو پێداویســتییەكانی ئێــرە بكەیــن‌و بچیــنە هەولێــر و لەوێش كاروبارەكان تەواو كەین.

***************

خــۆ لە قەڵادزێــش قەڵا هەیە ئەوێــش هەر قەڵای جەنگەو لە سەردەمە زۆر كۆنەكانەوە دروستكراوە،

بەڵام نەهێندەی قەڵای هەولێر بەرزەو نە ژیانی تێدا ماوەو نە بەقەد ئەویش گەورەیە، قەڵایەکەی قەڵادزێ لە ناوەندی شار نییە رێک بەرۆخی شارەوە، کە دەچییە سەر قەڵات تەختاییەک دەبینی بە قەت گۆڕەپانێکی تۆپتۆپێن دەبێت، چیرۆکی دەماودەم گەڕاوەی ئەو قەڵاتە زۆر زۆرن، دەگوترێ هەتا ئێستاش کەڵەبابێکی زێرڕینی گەورە لەنێو ئەم قەڵاتە شاردراوەتەوە، هەروا کاریزی کانیە پیاوانی شار بە ژێر ئەم قەڵایەدا رەت بووەو جەنگاوەرەکان لەوێوە ئاویان هەڵێنجاوە، هەر لەوێشەوە توانیویان خۆیان بگەیەننە روبار، یان لەکاتی شکستدا بەوێدا پاشایەکەیان و خۆشیان قوتارکەن، بەڵام رۆخەکانی سەرێی قەڵات هەر هەمووی چاڵە، ئەم چاڵانە سەنگەری دووژمنن و بۆ چاودێری ناو شار و چواردەوری درووستکراون، لە دیوی رۆژهەڵاتی قەڵات هەموو شارت لێدیارە، بەشێک لە خانووەکان هەر بەقەڵاتەوە نووساون، ئەگەر بەردێک بخزێ رێک دەکەوێتە حەوشەی ئەو ماڵانەوە، بۆیە هەمیشە خاوەن خانووەکان بەربەستیان بەدار یان بە وشکە کەڵەک درووسدەکرد تا خزین و لەقینی بەردەکان زیانیان پێنەگەیەنێ، خۆ کە لەسەر قەڵاتەوە سەرنجیش

لەناو شارو چیاکانی ئاسۆس و مامەندەو چواس و قەنـــدیل و ئەوانـــی دی دەدەی حەوزێکـــی گەورە دەبینـی کە شـارێک لە ناوەندەکەیـدا قـوت بـۆتەوەو جموجـۆڵی تێدایە، خـۆ ئەگەر زیـاتر سـەرنج بـدەی هەسـتدەکەی چیاکـان قەڵادزێیـان لەبـاوەش نـاوەو دەربەنـدێکی تەسک کە زێـی بچـوکی پێدا دێ چیـای کێـوە رەش و ئاسۆسـی لەت کـردوە، قەنـدیلی سـپی پۆشیش لە بەرامبەر هەمـوو چیاکـان بەرز بـۆتەوەو جیهانێک نهێنی لە نێو خۆیدا حەشار داوە.

خوارەوەی قەڵا دیوێکی ئاوەدانی و دیوەکەی دی دوو روبـاری سـەرشـێت بەیەک دەگەیەنـێ، جـگە لەگۆڕســتانی ســەرەکی کە دەکەوێــتە ئەودیــوی هەردوو روبارەوە، گۆرستانی جولەکەکانیشـی لێیە، ئەو گۆڕسـتانە لەسـەر تەپـۆلکەیەکە و گۆڕەکـانیش وەک تەپـۆلکەی بچـوک بچـوک هەڵچنـدراون و تەنیـا یەک بەردیـش کێلەکانیـان بـوو، دەیـانگوت جوەکـان مردووەکانیان بە دانیشتنەوە دەنێژن و لەناو گۆزەی گەورەی داوێـن و زێـڕو زیویشـی لەگەڵ دادەنـێن، هەروابێتەوە بەهۆی ئەم دوو روبارەوە کە یەکێکیان لە چۆمخڕکەوە دێت و خۆ بەگردی حوسنی دادەداو پێچێـک دەکـاتەوە و خـۆی دەگەیەنێـتە رۆخـی قەڵا دەڕژێتە نـاو روبـارە سـەرەکیەکەوە، ئەوی دیکەیـان

لە هەڵشۆو گوندەکانی کوێستانەوە شۆڕ دەبێتەوە، ڕێک شار دەکاتە دوو لەتەوەو دۆڵێکی قوڵ تا بڵێی قـوڵی دروسـتکردوەو، خانوەکـان بە قەدپـاڵی ئەو دۆڵانەوە دیمەنێکـی جـوانی بە شـار بەخشـیوە، سـەوزاییەکی بەرفراوانیشـی لە دەوروبەری خـۆی دروستکردووەو هاشـەی روبارەکە دەگاتە ناوەندی شارو سەیرانگایەکی فێنکی بنیاتناوە، هەردوو روبار هەر رێـک لە پشـتی قەڵات بەیەک دەگەن و بەرەو گوندەکانی سەرتەپکان و گوێزیلێ و دەقناوە دەڕواو خۆ بەزێیەدا دەکا.

لەنێـوان زێـی بچـوک و بەریەککەوتنـی دوو روبارەکە دەیان کانی لێیەو هەر هەموویان بەبەردی رەنگاو رەنگ هەڵچنراوەو ئاوێکیان تێدا کۆبۆتەوە هەر لە چـاوی قـڕژاڵ دەچـن، دارو دەوەنێکـی چـڕ دایپۆشـیوە، سـپیدارو شـۆڕەبی زۆرینـەی دارەکـانی دەم ئەم چەمە پێکـدەهێنن، لاسـکولقی شـۆڕەبیەکان شۆڕبونەتەوە سەر شـەپۆلی ئاوەکەو هەمیشـە لەرە لەریـانە، هەرگیـز تـاو بەر مـرۆی نێـو ئەم دارانە نـاکەوێ، لەنێـو ئەو سـەوزاییە بەرفـراوانەدا پـڕە لە سـەیرانگاو مـاڵی هەمیشـەیی مەستەکانیشـە، ئێـواران ئەوێ یـانەیەکە بـۆ خـۆی، هەر گەنجێکـی شـار بـزر دەبێت لەوێ دەیبینییەوە، ئەوە جگە لەوەی بۆ ماسی

گـــرتن راوچییەکـــان روو لەوێ دەکەن، بەتـــایبەتی بەهاران، چونکە ماسی هـولە و گەورە بۆ گەرادانـان لە زێـــیەوە روو لەو چۆمـــانە دەکەن و دەبـــنە نێچیرێکی ئاسان بۆ راوچیان، زۆر جاران قوتابیان کە بۆ خوێندن دەچنە ئەوێ نیوەرۆیان نـاگەڕێنەوە مـاڵ، بـایی ژەمێـک هەر بەقـولاب ماسـی دەگـرن و دەیبرژێنن و دەیخۆن، هەندێ جار ئەگەر لە زێیەوە ماسـی زۆر بـۆ روبـارەکە هەڵکشـابێ بۆماڵێشـی دێنـــنەوە، لەهەمـــوو ئەوانە گرنگتـــر ســـەرەڕێی پێشـــمەرگانە ئەوانـــیش عەســـران دەگەنە ئەوێ و لەگەڵ گەنجـانی شـار دادەنیشـن‌و دەخـۆنەوە زۆر جـــاران کۆبوونەوەکانیشـــیان هەر لەوێ دەکەن‌و ئەگەر پێویسـت بکـات دەچـنە ناوشـار دەنـا بەڕێـی خۆیاندا دەگەڕێنەوە و بەکەڵەک لە زێیە دەپەڕنەوەو دواتـر بە هەگبەیەک خـواردن و خـواردنەوە بەسـەر چیای ئاسۆسیدا دەچنە دیوی مەرگەی.

ئەوێ پشـتی قەڵاتـی قەڵادزێـیە، دەکـرێ بڵێـین ئەمـازۆنێکی بچـوکراوەیەو بەم شـارەوە نووسـاوە، بەهـــارانیش کە بـــارانی بەخـــوڕ دەبـــارێ‌و بەفـــر لە چیاکـان دەتـوێنەوە لافـاوی بێئامـان دێـت، دەڵـێن هەنـدێ سـاڵ گونـدێکی لەگەڵ خـۆی هێنـاوە داری

گەورەی لە رەگەوە هەڵقەنـــدوەو هەر بەبـــایەکەی چەندین باخچە لەگەڵ زەوی تەخت بووە.

بەڵام قەڵای هەولێر لە ناوەندی شارە، جگە لەوەی نـــاو قەڵات هەرخـــۆی شـــارێکە و هەر شـــتێک لە قەڵادزێ گچکەتـرە، چـواردەوری ئەو قەڵاتە بـازاڕو گەڕەکـی هێنـدە کـۆنی لێـیە نەک هەر ئـێمە تەواوی قوتابیـانی تـازە وەرگیـراو  و میـوان و گەشـتیاران تووشـی سەرسـامی دەکـات، حەمـام و مزگەوتـی تێـدایە، پـڕ لە دووکـانەو ئۆتۆمبێلیشـی دەگـاتێ، خانوەکـان هەمـووی لە کەرپـوچ دروسـتکراون و سەریشـیان دارەڕێـیە، لەنێـو حەوشـەی خانوەکانـدا هێشـتا ئـاگردان هەن، ئەگەر بـای بـێ خۆڵەمێشـی هەزاران ساڵت وێدەکەوێ و گوێت لەو فوانە دەبێت کە ژنانی قەڵا لە ژیلەی پوش و پەڵاشیان کردووە، دیمەنـی مەنـجەڵە مسـەکانت دێنـنەوە بەرچـاو کە شـــیویان بـــۆ جەنگاوەرەکـــان لێنـــاوە، لەدرزی کەرپوچەکـانەوە بـۆنی سـەدەکانی رابـردوو دەکەی، بۆنێـــک راتدەکێشـــێتە نێـــو ئەو ژوورانەی دوو جەستەی روت روت تێیدا ئـاوێزان بـوون و هێشـتا دەنگی هەناسـەیان هـانکە هانـک و سـرتەی ئـاوێزان بوونیان لەوێ مـاون، ئـارەقەی جوتبوونیـان لە سـەر زەویەکە قۆرتێکی بچـوکی دروسـتکردوەو ملـچەی

دووا ماچیان زایەڵەی دێ، هێندە بەسوێ یەکتریان راموسیوە ئۆخژن دەداتە گەشتیاران.

هەندێک قەسری لێن دوو نهۆمن و کاریتەی گەورە گەورە رایگرتوون و نەخش ونیگاری جوانیان لەسەر هەڵکەنراوە، شیپانی ئەستوور بەکۆترەیەکی پڕ لە نەخش شانی داوەتە بەر بێلاییەکو جیرەی دێ، پێدەچێت تەمەنی لە قەڵات زیاتر بێ، لە شەقام و حەوشەی خانووەکان داری بەرزو سەوزی لێن چیرۆکی هەزاران ساڵی قەڵاتمان بۆ دەگێڕنەوە، لەنێو کوچەو کۆڵانە تەسک و باریکەکاندا چرپە چرپی کیژە ناسکەکان دەبیستی کە لەنێو پەنجەرە دارینەکانەوە هەڵیان داوەتە دەرێ تا کوڕیژگە عاشقەکەی هەڵیگرێتەوە، دیواری روخاو دەبینی و کەرپوچەکان بەتەنیشت یەکەوە رژاونەتە بەر سێبەری سویبانەکان و هێشتا جێپەنجەی وەستایەکی کارامە بەوێوەن، ئارەقەی کرێکارەکانیش سپی سپی وەک خوێیەکی زبر بونەتە پەڵەو نەخشی کەرپوچەکان.

کە لە حەمامەکەش نزیک دەبیەوە بۆنێکی خۆش کە تێکەڵە بە هەڵم و سابوونە لینجەکانی ئەوکاتە بەری لوتت دەگرن، هەرلە دەرێوە گوێت لە تەقەی قاپ و شۆڕە شۆڕی ئاو دەبێت، ناوەوەی ئەو

حەمامە جگە لە گومبەزی گچکە گچکە گومبەزێکی گەورەشـــی تێـــدایەو ئەوێ جـــێگەی بەکـــۆمەڵ خۆششـتنی خەڵکە، ئەگەر دەنگیشـت نـاخۆش بێـت لەوێ چونکە دەنگدانەوەی هەیە بۆیە حەزت دەچێتە دەنگـــی خـــۆت و گـــۆرانی دەڵێـــی، ئەو گـــومبەزە بەجۆرێـک درووسـتکراوە هەرگیـز دڵـۆپە ئـاوت وێناکەوێو گەرمیو ساردیشی لێوە ئاودیو نابێت، هەرچـوار دەوری سەرشـۆرە کەجـوان سـەرنج دەدەی و بیری لێدەکەیەوە دەبێت چەند کچی جوان لەم حەمامەدا دەستنیشان کرابن بۆ کوڕەکان، داخۆ چەنـد کەزی تەڕ بەسـەر مەمکێکـی تـورت و خـڕدا شۆڕ بووبنەوە، یان چەند ژنی جوان خلیسکابن و رینگەیان لە سەریەوە هاتبێ، کەباشتر زەینی خۆی دەدەیەی ئەو منداڵە گچکانەت دێنەوە یاد کە لەژێر دەستی دایکیاندا بە چاوێکی پڕ لە کەفەوە کە هێشتا دەنگـی گریانەکانیـان جێمـاون، سـەرنجیان چـوبێتە سـەر ئەو ئەنـدامە سـەیرانەی مـرۆ کە هەرگیـز نەیانـدیوە، لەناوەراسـتی ئەو حەمـامەدا حەوزێکـی لەبزینەیـی هەیە، ئـاوی سـارد بە بەلوعەیەکـدا دێـت پێـدەچێت بـۆ خـواردنەوە بێـت و هەروا خۆشـیان پێسارد کردۆتەوە، لەوێدا دەگەیەوە رابردوێکی زۆر کۆن کۆنتر لەوەی لە کتێباندا نووسراون.

قەڵای هەولێر بەدیواری پان و پتەو و بەرز، زۆر بەرز هەڵچنراوە، هەندێک لە ماڵەکان بەلەکۆنەیان هەر لەنێو ئەو دیوارە بەرزوو سەرسوڕهێنەرەدا دەرهێناون، کە لەخوارەوە تەماشایان دەکەی دەڵێی باڵندەن و لەبناری چیایەک هێلانەیان چێکردووە، پەنجەرەکانیش رەنگاورەنگن‌و زۆر لە تابلۆ نمایشکراوەکانی گەلەریەکان دەچن، هەندێ دوکانیش خۆیان هاویشتۆتە باوەشی قەڵاوە وەک ئەشکەوت دێنە بەرچاو، کە دەچیە ژووری هەستدەکەی قەڵا لەسەر پشتی دووکانەکانەو دیوارو وداره‌ڕێیەکان لەژێر ئەم بارستاییەدا نرکەیان دێت، هەندێک لە دیوارەکان باران و شەختە چینێکی لێ داروخاندوون، بەڵام دیوارەکان هێندە ئەستوورن، ناوەوەی قەڵا دیار نەکەوتووە، خۆ جەنگیش کەمی بەو دیوارانە نەکردووە، هێشتا لە خوارەوەڕا جێگوللەو تۆپەکانی دووژمن بەشێک لە کەرپوچەکانی ورد وخاش کردووە، بەڵام هەرگیز گوللەکان ئاودیو نەبوون.

لەنێوان دیواری قەڵات و شەقامەکانی رۆخ قەڵات کەندەڵانێکی سەختە، بەهاران ئەو کەندەڵانە یەکپارچە دەبێتە سەوزایی، چی جۆرە گیای بەهارە هەیە لەوێ دەڕوێ، ژن وژاڵ بەخۆو چارۆگە رەش

و بەرگە ڕەگاورەنگەکانیانەوە بەناو ئەو سەوزاییەی وەردەبن و تۆرکەو گیا جۆراو جۆرەکان دەکەن، ئەوەش جوانترین دیمەنەو قەڵات ڕەگینتر و دەوڵەمەندتر دەکات.

چوار دەوری قەڵاتیش بە ئۆرزدی و سێ سینەماو قەیسەری و دەلاڵخانە گەمارۆ دراوە، سینەماکان بەیانیان و دوای نیوەڕۆیان و شەوانەش هەن، واتە شار زۆرینەی کات جموجۆڵێکی بەردەوامی تێدایە، هێندە قەرەباڵغیش بووە هەولێریەکانیش توشی شۆک بوون، چونکە سەردەم سەردەمی جەنگەو بەزۆر خەڵکی کوێستانەکانیان ڕژاندۆتە نێو شارەوە.

قەندیل و رزگاریش کەوتوونە نێو ئەم شارە جەنجاڵەوەو هەر هەموو شتەکان بەلای ئەوانەوە نامۆیە، چەند ڕۆژێکە هاتوون بەڵام نامۆیی بڕستی لێبڕیون، ئاخر ئەوان هەرگیز ماڵەویان جێنەهێشتووە، قەت جلی خۆیان نەشوشتوەو خواردنیان حازر نەکردووە، لەنێو خێزانەکانی خۆیاندا هەر بەتەنیشت خوشک و براو دایک و بابیانەوە بوون، عەسران جگە لەسەردانی ئارامگە و دواتر لەگەڵ لالی تازە هاوڕێیان فێرە مەستی ببوون، ئەوان خەمەکانی خۆیان لەنێو پێکێکدا

بەتاڵدەکردەوەو شەویش ئارامترین خەویان دەبوو، ئێستا لە شارێکی گەورەدا لەنێو بازاڕێکی جەنجاڵ و ئالۆزدا لەترسی بزر بوون قۆڵیان لە قۆڵی یەک ناوەو هەردووکیان لەبەرزی و گەورەیی قەڵا دەڕوانن، زۆر نییە دەستیان بە خوێندن کردوەو شوێنی حەوانەوەیان کە کۆلیژ بۆی دابین کردوون دەکەوێتە تەنیشت شوقەکانی ئیسکان و ئەوانیش جگە لەم راستە هێڵەی بازاڕ و ئیسکان جاریَ هیچ شوێنێکی دی شارەزا نین، بۆیە بەنامۆییەوە سەرنج لە هەموو شتەکان دەدەن، دەڵێن ناو قەیسەریەکەی هێندە ئالۆزە هەولێریەکان لێی بزر دەبن، بۆیە ئەو دوو قازە کە خۆ بەناویدا دەکەن هێندەی لە روناکی دەرەوە دەڕوانن تا لێی دەرچن، هێندە چێژ لە بینینی قەیسەری ناکەن، خۆ کە دەچنە ناو دەڵاڵخانەش توند قۆڵ لەقۆڵی یەکتری دەکەن و سەیرترین شت بەلایانەوە کێشکەی کورایە کە لەسەر عارەبانەیەک دانراوەو خەڵکی خەریکی فڕکردنی چەلاوەکەیەتی ئێسکەکانی ئەو کێشکە داماوەش وەک گۆشتەکەی دەخۆن، لەولاتر شێلمی کوڵیو و پاقلەو کۆنەی ماڵ و دەسبیح و سەعات فرۆش و رادیۆو تەسجیل و هەرچی بتەویَ لەویَ دەستت دەکەویَ، هەراهەرایەکە ئەوسەری دیار نەبێت، ئەوە جگە

لەوەی دوکەڵی سیوجگەر لە رۆخی باغی شار چۆتە ئاسـمان و هەر بابـایەو بـابۆڵەیەکی بەدەسـتەوەو شیشێکی بەناودا رادەکێشێ.

دیمەنـی دەڵاڵخـانە بەو هەمـوو ژاوە ژاوەوە بـۆ رزگارو قەندیل زۆر ئارام بەخش بوو، چونکە لەوێ جـگە لەوەی هەرچـی بـتەوێ بەنرخێکـی هەرزان دەسـتت دەکەوێ، دەتـوانی بە بیسـت و پێـنج فلـس واتە روبعێک خۆت تێر بکەی و بچیەوە، بۆیە زۆر ترین کاتی خۆیان لەو بازاڕە بەسەر دەبرد.

بەڵام ئەوەی جـێگەی نیگەرانیـان بـوو فێـرە خـواردنەوە ببـوون و نەیانـدەزانی عەسـران روو لەکوێ کەن، هەروا دەبوو پانتۆڵی ئەفەندیانە لەبەر بکەن و جلەکانیش هەموویان وەکو یەک بێ واتە بۆ کۆلیژ یەک پۆشی یاسایەو نیلی و خۆڵەمێشیان بۆ دانـاون، بـۆیە خەمـی گەورەی ئەوان خـواردنەوەی عەسـران و یەک پۆشـی بـوو، بەڵام دیتنـی شـارێکی گەورەو قوتابیـانی زۆر و کچـی جـوان و سـەربەخۆیی تەواو کە لەمـاڵێی دوور خسـتبوونەوە بەخـتەوەری پێدەبەخشـین، دەمەو ئێـوارە هەردووکیـان بە نیـازی گەڕانەوە بـۆ بەشـی نـاوخۆ بەکـۆڵانی تـوتن فرۆشـەکانی نـاو دەڵالخـانەدا هـاتنە دەرێ و لە بەردەم کەبـاب کۆیسـنجاق

هەڵوێستەیەکیان کرد، دواتر بەعاقاری گەراجی ئامانەکاندا روەو شیراتۆن رۆشتن، هەر کە لە شەقامی سەرەکی پەڕینەوە لوتیان بە لوتی وەلی کەوت.

وەلی هاوڕێیەکی نوێیان بوو لە کۆلیژ تازە ناسیبوویان و خەڵکی هەولێر بوو، ئەو چەند رۆژەی پێکەوە بوون زۆر رێزی گرتبوون و یەک دوو جارانیش خواردنی بۆ هێنا بوون، دوای چاکوچۆنی وەلی گوتی:

ئەوە لۆ کێ؟

قەندیلیش گوتی، دەگەڕێینەوە بەشی ناوخۆ، بەڵام پێم بڵێ شوێنێک لەم نزیکانە نییە سەری خۆمانی لێگەرم کەین؟

وەلیش گوتی: لۆ هەتیم ئەنگۆش دەخۆنەوە؟

رزگاریش گوتی:

هەر یەک دوو مانگە فێر بووین بەڵام هەموو جەستەمان داوای دەکا.

وەلی: عەمرێمن هەوکە خەنیتان دەکەم لۆخۆشم هەر دەچوومە نادی دەوەرن با بڕۆین،

قەندیل گوتی: باشە لەوێ تەقەو مەقە ناکرێ؟ ئەمن ومەمن نایەن؟

وەلیش گوتی: ئەو قەحپە گەوادانەی ناوت هێنان شوێنی خۆیان هەیە، ئەمە دەچینە نادی موعەلمین شوێنێکی باشەو دەیانجار چووم هەرزانیشەو لەمارینگۆش نزیکە.

ئیدی هەرسێکیان بەرەو وێ بەڕێکەوتن، لە ڕێیە وەلی زۆر شتی پێگوتن، دەیگوت ئێوە حسابکە لە گوندیەوە هاتون ئێرە شارێکی گەورەیەو هەولێرییە رەسەنەکان لە نێو ئەو خەرکە زۆرەی رژاندوویانەتە نێو شاری تواونەوە ، دەبێت تا شارەزا دەبن بەبێ من یان فلان و فیسار (ناوی قوتابییە هەولێریەکانی دەهێنان )نابێت بچنە هیچ شوێنێک، تا گەیشتنە نادی هەر قسەی بۆ کردن، لەوێ دانیشتن و هەر سێکیان بانگی عارەقیان کرد، رزگار رەنگ و رووی زۆر منداڵ دیار بوو بۆیە کەسێک هات و داوای هەویەی لێکرد، وەلیش راست بۆوەو گوتی: لۆ داوای هەویەی دەکەی؟ شاگردەکەش گوتی:

بویتە هەژدە سار؟

وەلیش گوتی: شیرە خۆرەش بێت نابینی لەگەرە منە، شاگرد گەڕایەوە شوێنی خۆی و نقەی نەکرد.

رزگاریش گوتی: کوڕە ئەتۆ هەر ناوت وەلییە دەنا هیچ لە وەلیان ناچی.

وەلیش گوتی: ئەوە بابی باپیرم ناوی وەلی بووە بە مل منیاندا هێناوە چبکەم.

تەدارەکی سەر مێزی دەڕازێتەوەو دەست بە خواردنەوە دەکەن، دەچنە ناو باس و خواسانەوەو تەواو لە دەروونی یەکتری شارەزا دەبن تێدەگەن هەر سێکیان یەک بابەتن و ژیانیان زۆر بەقورسی وەرنەگرتووە.

قەندیل دەڵێ: وەلی لەکەیەوە دەخۆیەوە؟

وەلیش دەڵێ: دوو سارە دەخۆمەوە چیرۆکی خواردنەوەی من دوورو درێژە ئەگەر حەزتان لێبی لۆتان دەگێرمەوە، رزگارو قەندیل هەردووکیان گوتیان دەی بڵێ بەڵام بە کورتی.

وەلیش پێکەکەی پڕکردەوەو پارچێک سەهۆڵی تێکرد و گوتی:

نەورۆزی پێرار بوو هەینێ مارمان لە تەیراوەی بوو، ئەوێندەر گەرەکێکە رێک لەودیوی قەراتێ، خەرکی وێندەرێ ئەغڵەبیان عارەقی دەخۆن ئێوارەی نەورۆزانیش، چی تایەکۆنی ئەو هەولێرەی هەیە کۆی دەکەنەوەو هەر لە ناوەراستی جادەی نزیک حەدیقەی کوردوعەرەبی دەیسوتێنن، دەیکەنە رۆژی خۆیان و ئەو کوردایەتییەی یەک سارە لە ناخیان مایتەوە لەو هێوارەیە بەتاری دەکەنەوە، ئێ منیش

منداری ئەو تەیراوەیەمە کو دەبی هەر تەماشاکەم، ئەوێ ساریێ رژاینە سەر جادەی و لەگەر دوو برادەری وەکینگێ قشت و خۆشەویست بەجلی کوردیەوە دەستمان بە سوتاندنی تەیراوەی کرد، بەبرای خۆ برێم دووکەڵی رەش چۆبووە تاقی ئاسمانێ چی سروودی مەمنوع هەیە لەوێ دەمانگۆت، هەر هەندەمانزانی بوو بەتەقەو برا نەبووە برای کەس هەی لەوەی خۆ لە کونی مارێکی شوێنێکی هاوێ و لەدەست بەعسیان قوتارمان بێت، ئەمن و یەک لە برادەرەکانم هێندەمان راکردبوو، تەواوێک دوور کەوتبووینەوە، ئاخر زۆربەی سەری کۆرانەکان گیرابوون بۆیە خۆمان لە عاقاری مزگەوتی سپی دۆزیەوە، ماری برادەرێکی بابم مەسیحی بوو خۆمان بەوێدا کرد، ئەویش ئەلهەقی ئەمەی بردە ژورێکی شاردینییەوە، کە گەرەک و شار کەمۆکەک ئارام بۆوە، زانی سەگو توتکەکانی شار نەماون ئەمەی بردە حەوشەی باخچەیەکی گچکەی هەبوو مێزی لێ رازاندبۆوەو لەوێی دانیشاندین، شەرتبێ کچ و ژنەکەی بەجۆرێک خزمەتیان دەکردین وەک ئەوەی سەد سار بێت خزمی یەکتری بین، کورە مار خەرا تەنوورەی لەسەر ئەژنۆیان لەبەر بوو بەرانەکینێ وەهایان

نیشاندەدا کە کوری وانین، ئێمەش هەروا بووین بەو قورعانەی وەک داکو خوشکی خۆمان تەماشامان دەکردن، ئەوجار پیاوەکە ناوی کاک بترس بوو سەرو پێکێک شەڕابی لۆ تێکردین و گۆتی :

دەی بخۆنەوە ئەمەش خۆمان بە پیا و شۆڕشگێڕ ناساند بۆیە وەک شەربەت قوممان لێنەدا، ئاخر شەڕاب لەچاو عارەقی شەربەتە بەرام بۆ ئەوکاتی ئێمەنا، یەک بین خەلاسمان کرد، سەرتان نەیەشێنم ئەو شەوە بە کەیفی خۆمان شەڕابمان خوارد، هێندە سەرخۆش ببووم لە تێلی ناو تایەکان گەرمتر ببووم دەمگوت ئەلعان دەچم تایەی دەسووتێنمەوەو بە کوچکە بەردان سەروگوێلاکی بەعسیان دێنمە خوارێ، کاک بترسیش دەیگۆت:

نا هەرگیز لێ ناگەرێم هەتا بابت نەیات، یان بۆخۆم دەچم لەدووی، سەعات بوو بە دەی شەوێ کۆرانەکان ئارام ببوونەوە، بەرانەکینێ جێگەی گومان بوون، کاک بوترس گۆتی: دانیشن هەتا جادەی شەستی دەچم بزانم لەوێ چ هەیە، ئەو رۆشت و ئەمەش سەرو پێکێک شەرابی دیمان خواردەوە و تێرو پڕیش نانمان خوارد، زۆری پێنەچوو گەڕایەوەو گۆتی:

کەڵکی چوونە دەرێ نییە دەبێت ئەمشەو لێرە بن، هەرچەندی هەوڵماندا کاک بترس گۆتی:

بە مەسح نارۆن هەر برۆن دەتانگرن و بزرتان دەکەن، ئەو شەوە بۆیەکەم جارم بوو لە ماری خۆمان نەنووم، بەرانەکینێ هێندەیان خزمەت کردین وەک ماری خۆمان و زیاتریش بوو، سبەی کە گەڕەک و شار ئاوەدان بۆوە، وەک هیچ رووی نەدابێت وابوو هەندەک لەخەرکی خۆیان لۆ سەیران ئامادە دەکردو هەندەکیش خەریکی ئیش و کار بوون و کەمێکیش لە سۆراغی کوڕەکانیاندا بوون، کاک بترس ئەمەی لە شەقامی شەستی پەڕاندەوە بەری تەیراوەی بۆخۆی گەڕایەوە، کارەساتەکە لێرەدایە کوڕینە، نزیکی ماری خۆمان بووینەوە برادەرێکی مەنتیقەی خۆمان گۆتی هەتیو ئەوە لە کێندەرن، یوسفی برادەرتان کوژراوەو ئەمنەکانیش کون بەکون لەدووی ئێوە دەگەرێن ئەوانەی ئاگریان کردۆتەوە هەموان ناویان هەیە، هەر لەو قسانەدا بووین تومەز بۆ سۆراغی ئێمە بابم چوبووە ماڵی کاک بترسی، ئاخر هەموو هەولێرمان لە دوو گەڕابوو، هەردووکیان بابم و کاک بترس پەیدا بوون، بە کرۆنەکەی بابم ئەمەیان بردە عەنکاوەیو لە مەخزەنێکی مەشروبیان شاردینەوە، ئەمەش جگە

لە خەمی خۆمان یوسفیشی هاتە سەر زۆر گریاین هێندە گریاین نەماندەزانی چ بکەین، سێ شەو و سێ رۆژ ئێمە لە مەخزەنەکەی کاک بترسی نەماندەتانی ببینەدەر بابمان هەر نەدی تەنیا کاک بترس دەهات خواردن و خواردنەوەی بۆ دێناین و ئەمەش خەریکی رێکخستنی مەخزەنەکە بووین، مەخزەنەکە ماڵ بوو کرابوو بە مەخزەن جێگەی خەوتن و خواردن درووستکرن و هەموو شتی لێبوو، ئەو سێ رۆژە هەر دەمانخواردەوە تا هەر لەوێش فێری عارەقی بووین، ئیدی سەرتان نەیەشێنم، بابم و کاک بترسیش بە واستەو دانی پارەیەکی زۆر ناوی من و برادەرەکەمیان لە دایەرەی ئەمن رەشکردەوە، جا بەبرای خۆم برێم مەخزەنەکەمان هێندە بە پوختی رێکخستبوو کاک بترس ئەمەی لەوێ دامەزراندوو دوای دەوامی مەکتەب هەر لەوێ دەمان خیندو و دەمان خواردەوە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدابی هەر لەوێین، بەرانەکینێ ئەوەی لەبیری ناکەین یوسفی برادەرمانە ئێستاش کەس نازانێ ئەو گوللە نەعلەتییە لە کوێوە بە تەپڵی سەری کەوت و گیانی سپارد، ئاخر ئێمە، نەمانتوانی بچینە پرسەکەشی، جا برادەران ئەمن ئاوا فێری خواردنەوەی بووم، ئەدی ئێوە؟

قەندیل گوتی: رزگار فێری کردم.

رزگاریش گوتی: یادی بەخێر لالی منی فێرکرد.

وەلیش سەری سوڕما لە ژیانی ناوی وای نەبیستبوو گوتی: لالی چییە ناوە مەزەیە مەشروبە؟

رزگاریش لە نوکەوە چیرۆکی خۆی بەڵام بەگریانەوە بۆ گێڕایەوە، ئیدی ئەو شەوە زۆر دانیشتن و سەرجەم برینەکانیان کولانەوە، بەدیار یەکەوە خەمیان لە چیرۆکی یەکتر دەخواردوو تا هەستان‌و بڕیاریاندا شەوی دیشی بەدوادا بێت، ئیدی چەندین شەوی دی دانیشتن و ببوونە نزیکترین هاوڕێی یەکتر، جارێکی دی مانگەکان هەفتەکانی قوتداو ساڵیش وردە وردە دەچۆ ئاوێوە، رزگارو قەندیل فێرە یەک پۆشی کۆلیژ بوون و وەلی تەواوی هەولێری پێکردن و بایی خۆیان شارەزا بوون.

یەک لەو شوێنانەی وەلی بردنی منارەی چۆلی بوو، قەندیل و رزگار لە ژیانیان نەچووبوونە شوێنی ئەوەندە بەرزو باریک، سەرەتا بەولاولای منارەکەدا سوڕانەوەو رزگار گوتی:

وەلی کوڕە ئێمە بەو دەرگایەیدا دەچینە سەرێ‌و سەر لەو کونەی دەردەکەین؟ باشە ئەوە ناڕوخێ؟

وەلی وەڵامی نەدایەوە پێشیان کەوت و بەیەک لە دەروازەکانـدا سـەرکەوتن پێپلیکانەکـان بە دەوری سـتونێکدا دەسـوڕایەوەو ئەوانـیش تەنیـا چاویـان دەگێڕا، تاق و کونی گچکەیان دەدی کە بۆ رونـاکی کرابوون جار جار هەم پشویان دەداو هەم لەوێوە تەماشای دەرێیان دەکرد، هەربۆیە بەم دەرگایەیان دەڵـێن دەرگـای رونـاکی، ئەویـدی چـونکە کـون و بانیژەی نییە بۆیە پێی دەڵێن دەرگای تـاریکی، هێندە خەڵک سەر ئەو منارە کەوتبوو جێپێکان لوس لـوس ببـوون، بەجۆرێـک کەرپوچەکـان بە دەوری یەکـدا سوڕابوونەوە بەقەت مویەک خواریت تێدا نەدەدی، دەگـوترێ ئەم منـارەیە لەسـەردەمی سـوڵتان موزەفەری درووستکراوەو سـەرەتا مزگەوت بـووە دواتـر بـۆتە کاروانسـەراو بەهێرشـی دوژمنـان وەک هۆلاکـۆ و عوسـمانیەکان و چەنـدانی دی ئـاوەدانی رۆخـی ئەم منـارەیە لەگەڵ زەوی تەخـت بـوەو هەربـۆیە پێـی دەڵـێن منـارەی چـۆلی، بەڵام هێشـتا ئاسەواری جەنگ لەنێو کەرپوچەکاندا بۆنیان دێت، دەنگـی قوتابیـانی ئەو سـەردەم و قەتـارەی کاروانەکـان کە لەوێ بـارو بنەیـان خسـتووە دەبیسترێن، لەنێو منارەکەدا بـایەکی فێنک لە تـاق و پەنـجەرە بچوکەکـانەوە دێت و بـۆنی حەسـحەس و

جەنگاوەرەکانت بە لوتدا دەپژێنێ، رزگارو قەندیل بەنێو پێچەکانی منارەدا سەردەکەون و هەر خەریکی سوڕانەوەن، تا روناکیەک دەردەکەوێ و دواتر دەگەنە لوتکەو هێندە تامەزرۆی بینینین بەهەناسە بڕکێوە لە بەرزیەوە هەولێرو قەڵات دەبینن، توند خۆیان بەیەکتر گرتوەو ورتە لە دەمیان نایاتە دەر تەنیا بەچواردەوری خۆیاندا چو دەگێڕن و پێیان وایە باڵندەن و لە ئاسمانەوە هەولێر دەبینن، لەخوارەوەش مرۆ ئەوەندە بچوک بۆتەوە وەک چۆلەکەیان لێهاتووە، ئەگەر تۆزێکی دی بەرزتر با سەریان بە ئاسمان دەکەوت و هەر بەدەست دەیانتوانی ئەستێرە داگرن، ئەوان لەشوێنێک چاویان زەق ببۆوە باریک باریک، هەستیاندەکرد با ئەم منارەیە دەلاژێنێ، بۆیە هەرگیز پشدێنی یەکتریان بەرنەدەدا، ئاخر هێندە سوڕابوونەوە هەم گێژ ببوون و هەم سەریشیان سوڕ مابوو، ئاخۆ ئەو هەموو کەرپوچە کە سەدان هەزار دەبێت لەسەر یەکتری بەبێ هەڵە دانراون و ئەو شتە بەرزەیان لێ دروستکردووە.

قەندیل بەهەناسە بڕکێوە بە وەلی گوت:

باشە ئەو ریزە کەرپوچەی بنی بنەوە خۆ پۆڵانین و هەروەک ئەوانەی سەرێن چۆن ئەو هەموو

بارستاییەی هەڵگرتووە، ئەوە ئێمەشی هاتینە سەرو چۆن چۆنی وردوخاش نابن؟

وەلی گوتی: پێمـوایە زۆریـنەی قورسـاییەکە کەوتۆتە سەر ئەو ستوونەی ناوەراستی منارەکە و کەمتر دیوارەکان بارستاییان کەوتۆتە سەر، دیارە وەستای شارەزاو کارامەی هەبووە بۆیە تەمەنی لە هەزار ساڵ تێپەڕیوە.

رزگار گوتی: خۆ ئەگەر بەردێکیشی تێدابا قەینا بەڵام هەر هەمووی کەرپوچی سوور کراوەیە کوڕە مرۆی ئەوکاتیش ژیرو زۆڵ بوون بایی خۆیان شتیان زانیوە.

دوای ئەوەی هەر چوارلایان دیت بەڕێی خۆیاندا گەڕانەوە و هاتنە خوارێ، تا گەیشتنەوە ناو بازاڕیش هەر باس باسی منارەی چۆلی بوو.

****************

لە کۆلیژ زۆرینەی مامۆستاکان بوونە هاوڕێیان، قوتابییەکان رێزیان دەگرتن و دەیانبردنەوە ماڵێ جلیان بۆ دەشوشتن و خزمەتیان دەکردن، بەجۆرێک چووبوونە ناو دڵی یەکترەوە خەریک دەبوو رابردوو لەبیر کەن، بەڵام نا هەمیشە لەناو دڵی رزگاردا برینێک لە کولانەوەدا بوو، لە پاڵیدا ژیانێک خۆی نیشان دەداو ئارامییەک هەناسەی بوونی دەدایەوە، ئەوکاتانەی رزگار پێدەکەنی لەناوەوە فرمێسک دڵۆپ دڵۆپ دەڕژا، بەڵام چێژی خوێندن و ئەو هەموو هاوڕێ نوێیەو شاری گەورە وشکی دەکردەوەو خەندەی پێدەبەخشییەوە، مەستی تۆزێک لە ئازارەکانی سڕ دەکرد بەڵام کە چرپەکانی نازدار لە گوێیدا دەزرنگایەوە توانەوەی ناخ دەستی پێدەکرد، خۆ گەشتەکانی خوێندن و وەرگرتنی سەربەخۆیی، ئەو بۆشاییانەی بۆ پڕدەکردەوە کە کەوتبوونە نێو ژیانی رزگارەوە.

تا دەهات وانەکانیان خۆشترو کۆلیژیان خۆشتر دەویست، چونکە دەرچونیان هەبوو بۆ سەر قەڵات و منارەو شوێنە کۆنەکان، بەردە کۆنەکانیان پیشان دەدان و وانەیان لەسەر دەخوێند، رزگار لەم نێوەندەدا لەت لەت دەبوو، ئاخر لەگەڵ دیتنی هەر بەردێکدا رقێک لە هەناویدا قوڵپی دەدا، هێندە بەرقەوە لەبەردەکانی دەدا وردوخاشی دەکردن، پارچە پارچەی دەکردن و دەیخستنە ناو تورەگەی پشتی، هاورێکانی هەستیان بەم رقەی رزگار کردبوو بۆیە زوو لێی نزیک دەکەوتنەوەو بەبیریان دێنایەوە کە لە گەشتی زانستیدان.

شەوێک لەگەڵ وەلی و دووسێ هاورێی کۆلیژیان چوونە شاری یاری، یەکەمجاریان بوو ئەوێ ببینن، سەرەتا قەندیل و رزگار سەرسام بوون بەو هەموو یاریە کارەباییەو ئەو هەموو گڵۆپە رەنگاورەنگە، سواری ئۆتۆمبێلەکان بوون و لەزەتێکی بێوێنەیان دیت، چونکە بە هەموو هێزیان خۆیان پێکدا دەداو هیچیشیان لێنەدەهات، تایەیان نەبوو دەشرۆشتن، دەتگوت چوپن ولەناو ئاوێدان کەچی سوکانیشیان هەبوو، ئەوجار چوون سواری چەرخوفەلەکە بەرزەکە بوون، هەر دوو دوو سواری کورسییەک بوون، رزگار بەتەنێ مایەوەو کچێک کە دیار بوو

ئەویش قوتابی بوو بەڵام هی کۆلیژێکی کەو یەکەم جاری بوو، کەوتە لای رزگار، سەرەتا رزگار نازانم لە ترسان بوو یان سەرسوڕمان ئاگای لە هیچ نەبوو، کاتێک ئاوڕی لە کچەکە دایەوە زۆر شێوەی لە نازدار دەکرد، ئیدی رزگار وەک گڵۆپ کوژایەوە، نەهۆشی لە چەرخوفەلەک ماو نە ئاگای لە خۆی بوو زۆر بەئاشکرا تەماشای دەکرد، کچەکەش هەستی بەم سەرنجەی رزگار کردبوو بەڵام لە ترسان نوتقی گیرابوو، تا کاتیان تەواو بوو و دابەزین، رزگار هەوڵیدا ناوی ئەدرەسی بزانێ بەڵام کچەکە تێکەڵی هاوڕێکانی بۆوەو بزر بوو.

قەندیل هەستی بەرزگار کردبوو کە تەواو نییە بۆیە پرسیاری لێکردوو ئەویش پێی گوت:

ئەو کچەی لەگەڵ من سواربوو زۆر لە نازدار دەچوو، هەوڵمدا بیناسم بەڵام زۆر سرک بوو خۆی بەدەستەوە نەداو دەرفەتی نەدام قسەی لەگەڵ بکەم بۆیە ئێستا خوێ بە هەموو برینەکانمدا کراوە خۆزگە بمناسیبا، ئیدی قەندیل و هاوڕێکانی زۆر گەڕان و بەڵام ئەم کچە وەک ئاسمان هەڵیلوشیبێ بزر بوو، بەڵام بڕیاریاندا بوو زوو زوو سەردانی ئێرە بکەن و تا بەڵکو بیبیننەوە، چەن جارێک بەو

نیازە چوون بەڵام ئیدی کچە دیار نەکەوتەوە وەک ئەوەی زەوی قوتیدابێ.

یەکەم گەشتی کۆلیژیان بۆ توێژینەوە لە هەندێک جۆری بەرد چوونە بناری سەری رەش و چەندین جۆری بەردیان هێنایەوەو لە تاقیگەکاندا وانەیان لەسەر خوێند، بڕیاریش بوو لەماوەی بیست و یەک رۆژدا راپۆرتی خۆیان لەسەر ئەم گەشتە زانستییە بدەنە مامۆستا، هێشتا تەواوی قوتابیان راپۆرتی گەشتی یەکەمیان تەواو نەکردبوو گەشتی دووەم بۆ چیای سەفین دەستی پێکرد، ئەو رۆژە هەموو قوتابییان خواردنیان هێنابوو تا لەوێ دوای کارکردنیان بیکەنە سەیران، مانگی نیسان بوو هێشتا سەفین تەڕ تەڕ بوو، گیا تا پشدێنی هاتبوو، بەرد لە بن پێیان دەخزی، لەپڕ تاشەبەردێک لەژێر رقی چەکوچەکانی رزگاردا وەک شێر نەڕاندی، خرمەی ترازانی زەوی دەستی پێکردوو ناڵەیەکی گەورە لە سەفینەوە هات، وەک ئەوەی لایەکی چیا دابڕمێ و دنیا کاول بێت، هاشەی ئاوێک بەردەکەی خزاندو دەنگی هاوارێک قوتابییەکانی لە جێی خۆی رەق کرد، دەڵێن ئەم هاوارە لە دوای خرمەی وردووخاش بوونی ئێسکەکانەوە دەرچووە، لەنێو شیوەکانی سەفین دەنگی داوەتەوەو خەڵکی هیران و

نازەنین گوێیان لێبوەو گوتویانە پەرجو رویداوە چۆن دەبێت سەفین هاوارکا؟ ئاخر لەوەتەی سەفین هەیە وانەیناڵاندووە، بۆڵە بۆڵی سەفین بەنێو کەفرو تەلانەکاندا زایەڵەی دەهات هاش‌و هوشی ئاوێک دەنگی تاڤگە باڵا بەتەمەکانی دەهێنیایە گوێ، کەو و سوێسکەکان فجوقیان کرد و ترسێک وەک هەور سێبەری بەسەر سەفیندا کێشا، بۆیە پیاوانی هەردوو دیوی سەفین بەرەو ئەو دەنگە نامۆیە رۆشتبوون.

قوتابییەکانیش کە سەرنجیان لە شوێنی هاوارەکەدا ئاوێکی سوور بە سەفینە شێتیدا دێتە خوارێ، قوتابییەک بە بناری سەفیندا پان بۆتەوەو مامۆستاو قوتابیان هەرهەموو روویان لەوێ کرد چی ببینن؟ رزگاری نازدار هەلا هەلا بووە، روبارێک بەسەریدا دەڕوا، تاوێرێکیش لە خلۆر بوونەوەدایەو هەرچی بێتە پێشی رایدەماڵێ خرم و هوڕی بەردەکان دیمەنێکی چەندی بلێی ترسناکی دروستکردووە، ئەو دیمەنە چۆکی هەموانی شل کرد، بەڵام وەلی و قەندیل بەبازێک گەشتنە سەری کە لە ئاوەکەیان دەرهێناو دیتیان وەک ئەوەی ساڵێک بێت گیانی لەدەست دابێ.

*****************

ئەو تولە رێیەی کە لە ئاواییەوە درێژ دەبێتەوە و بەسەر بەردەبازەکەدا دەپەڕیەوە گۆڕستان، ناویاننابوو رێگەی مردوان، مردوو و زیندوو بەوێدا دەڕۆشتن رێگەیەکی هێندە ماتەم بوو ئەگەر سەرەرێی مەستەکان نەبا کەس نەیدەوێرا بەوێدا بڕوا، لەبەرامبەر ئەو رێیە گردێکی گەورە هەزاران کێڵی لەسەر بوو، هەرهەموو زیندووەکان کە دەچوونە وێ دەیانزانی رۆژێک دێت ئەوانیش

بەسەر شانەوە دەبەن و دەینێژن، بەڵام هەر دەشچوون.

دوای مردنی رزگار زۆرترین هاتوچۆی پێدا دەکرا، ئەگەر پێشتر بەتەنێ خێزانی نازدارو هەندێ خەڵکیدیبان کە تازە کەسیان لێمردبوو، ئێستا خێزانی رزگاریشی هاتە سەرو بۆ ماڵی نازداریش پرسەکە نوێ بۆوە، هەردوو خێزان رۆژانە بەیەکەوە دەچوون و دەهاتنەوە، لەم نێوانەدا دولبەری بریندار هیچ قسەی نەمابوو، بێدەنگی تەواوی ژیانی داگیر کردبوو، ئەو لەنێوان مەرگی دوو عاشقدا شڕ ببوو، چۆن شڕنەبێ تەنیا ئومێدێک بۆ ئەوی تەنیا رزگار بوو، تا لەخەونەکانی نزیک کاتەوەو بەهۆی ئەوەوە لەوانیدی نزیک بێتەوە، ئەویش بەردێک هاتوو پانی کردەوە، دایکی هەرگیز نەیدەهێشت تەنیا بێت، ئاخر تەنیا ئەو دەیزانی چ ئازارێک دڵی کچەکەی کون کون دەکات، شەوانە لای دولبەر دەنووست و رۆژانەش چاوێکی هەر لەسەر بوو، کە دەشچوونە گۆڕستان و بەسێی داکی رزگاریان دەدی هێندەی دی برینیان دەکولایەوە، ئەم دوو عاشقە دەوروبەری شەش مانگ بوو یەکتریان ناسیبوو کە کارەساتی نازداری جوانەمەرگ رویدا، کەمتر لە ساڵێک دواتر مەرگی

رزگاریشی هاتە سەر، هەموو ئەو روداوانە لەنێو دڵی دولبەردا کە ئەویش دڵی خۆی دابووە رزگار تا لە قەندیلی نزیک کاتەوە، ببوونە بارگرانی و دوولبەر بە تەنێ پێی هەڵنەدەگیرا، ئاخر ئەو پێی وابوو بەنەمانی رزگار ئیدی قەندیلیش لەبەرچاوان بزر دەبێت.

لەولاشەوە قەندیل لە هەولێری شاری غەریبان خەریکی خوێندن بوو، لەوێ چەندەها کیژی جوانی لێن دوور نییە دڵی قەندیل داگیر کەن و ئیدی بۆ هەتا هەتایە دولبەر هەر تەنیا بێت، یان نەگات بەوەی دڵی داوای کردووە.

قەندیلیش هەمیشە لەنێو خەمێکی خەستدا دەینالاند، خۆ ئەگەر وەلی تازە هاوڕێی کۆلیژی نەبا دوور نەبوو ئەویش خوێندن بەجێبێڵێ، بەڵام هەمیشە وەلی بەدوویەوە بوو، زۆر شەوان لە بەشی ناوخۆ لەگەڵی دەمایەوەو دەیبردەوە ماڵ و هەولێدەدا ئەم روداوەی لەبیر باتەوە، ئەوەندەنا دەیبردە نادی و سینەماش، بەڵام هەرزوو سینەمایان تەرک کرد، چونکە فیلمێکی هیندیان دی ناوی(شوعلە) بوو ئەم فیلمە چیرۆکی دوو برادەری زۆر لێک نزیکی دەگێڕایەوە، بۆ هەر شەڕو مەترسییەک یەک لەو برادەرانە شێرو خەت دەکات

و ئەو بەرەو مەترسـیەکان دەڕوا، تـا لەیەکێـک لە شـەڕو مەترسیەکاندا دەکوژرێ، کە برادەرەکەی بە مردوویی لەباوەشی دەکات دەستی دەکرێتەوەو ئەو پارەیەی شـێرو خەتـی پێدەکرد هەردوو لای شـێر دەبێت کە هەمیشـە ئەو شـێری هەڵبژاردووە، ئیدی برادەرەکەی دی دڵسۆزی ئەوی بۆ دەردەکەوێ .

قەندیل کە ئەم فیلمە دەبینێ هەڵدەستێت و وەلیش بەدوایـدا، لە دەرەوەو بەدزی خەڵـک زۆر دەگریـا وەلـیش بەهەمـان شـێوەو هەر چۆنێک بێت وەلـی ئاسـایی دەکـاتەوە، ئیـدی ببـڕای ببـڕ نەچـوونەوە سـینەما، بەڵام هەمـوو پێـنج شـەممەو هەینیـیەک دەگەڕایەوە قەلادزێ و سـەری لە گـۆڕی رزگـارو نازدار دەدا، یەک لەم جارانە وەلیش لەگەڵی دێت و عەسرەکەی سـەردانی گۆڕسـتان دەکەن، لەوێ دوو خێـزان بەدیـار دوو گـۆڕەوە کە یەکێکیـان هـی نازدارەو بۆیاخ کراوە ئەوی دیان هی رزگارەو تەنیا هەڵچنراوە دانیشتوون و بە کزی دەگریەن، بەڵام کە قەنـدیل دەبیـنن چـریکەی گریانیـان رۆژە رێـیەک دەڕوا، بەسێ توند قەندیل لە باوەش دەگرێ، دەڵێت هێشـتا بـۆنی رزگـاری لێـدێ، قەنـدیلیش کە لەنێـو فرمێسکی ئەو هەموو چاوەدا خەریکە نقوم دەبێت، سـەرنجی دەچێـتە سـەر دولـبەرو دەبینـێ کراسـە

خوێناویەکەی رزگاری بەدەستەوەو بۆنی دەکا، ئاخر ئەو کراسە پەڵە خوێنی نازداری لەسەرە، نەدەگریاو نە قسان دەکات و نە فرمێسکیشی لە چاوان دێتە خوارێ، بەڵام کراسەکەی بەسەر سینگو شانیدا شۆڕ کردۆتەوەو چاوی لەنێوان دوو گۆڕدا لە هاتووچۆدان، رەنگی سپی بوەو هەر ئەوەتا دەژی، ئەم دیمەنە تەواوی هەستە شاراوەکانی قەندیل دەبزوێنێ، هەر لەوکاتەشدا بەسێی دایکی رزگار بەگریانەوە دەڵێ: کەلەسیلەی سەرقەبران دەرکەوتن وەمزانی رزگارت بۆ هێناومەوە، روو لەوەلی دەکات و توند لە باوەشێی دەکات دەڵێ : کورم ئەتۆش رزگارێکی کەی و بەڵام جەرگ ئای بۆ جەرگ سووتان چ ئازارێکی هەیە خودایە کەس نەیبینێ، ئیدی هەموان دەکەونە کەشێکی ماتەمەوەو وەلی ئەوجارەیان دەبێتە فریاد رەس و بەزمانی پشدەرێ بێدەنگیەکە دەشکێنێ:

منیش دەمێک نەبوو رزگارم دەناسی بەڵام لە ئێوەم زیاتر خۆش دەویست، ئاگام لە چیرۆکی نازداری جوانەمەرگیشەو قەندیل هەموو شتێکی بۆ باس کردووم، راستە ئازارێکی گورچک بڕە ناخۆشەو داهاتوێکی درێژو خۆش لەبەردەمیان بوو، بەڵام لەبیری مەکەن هەردووکیان تەنیا خەمیان بۆ

ئێوە جێهێشت، نەدووژمنایەتی و نە رابردوویێکی خراپ کە خەڵکی بەجۆرێک لە جۆرەکان باسیان بکەن، ئەوەش بزانن هەموان زوو یا درەنگ دەمرین، ئێرە جێی هەمووومانە، هەروەک دەڵێن هەرگیز بەگریان مردوو زیندوو نابێتەوە، ئەگەر وابێت وەرن هەمووومان حەوت شەو و حەوت رۆژ دەگریەین، بەڵام سوودی نییە، پێویستە ژیان ئاسایی بکەنەوە، ئەوەش لەبیر مەکەن رزگار هەمیشە ئومێدی بۆ ئەوشوێنە دەخواست کە ئێستا لێیەتی، ئەو بە ئومێدی خۆی گەیی بەبێ ئەوەی کێشەتان بۆ بەجێ بهێڵێ، ئاخر ئەوەتا هەر ئێوە نا کۆلیژو هەموو قوتابیان پرسەیان بۆ داناوە، وەک ئێوە خەمی رزگاریانە، ئیدی سەربەرز بن کە هەردووکیان بەنموونە دەهێنرێنەوە.

ئەم گوتانەی وەلی هەموویانی بێدەنگ کرد، باری سەر شانی سووک کردن و قەندیل دەستی داکی رزگار و نازداری گرت و گوتی:

کاتی گەڕانەوەیە کات بەرەو ئێوارە دەڕوا، روی لە دولبەریش کرد و گوتی:

ئەم کراسەی رزگار بدە من ئیشم پێیەتی، بەڵام دولبەر بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە توندتر لە باوەشیی گرت، رزگار قسەی نەکردەوەو بەرەو

ئاوایی بەرێکەوتن، لەرێیە وەلی بە داکی رزگاری گوت:

تۆ دەتوانی کراسەکەی لێوەرگریەوە ئیدی دایکی رزگار دەستی لەملی دولبەر کردوو گوتی: منیش پێویستیم بە بۆنی رزگارو دولبەرە بیدەمن با ئەمشەویش لای من بێت.

دولبەر هیچ خۆی نەشێواند کراسەکەی ماچ کرد، بەڵام نەیدایەوە بەسێی دایکی رزگار بەڵکو لە دەستی قەندیلیناو گەڕایەوە لای دایکی، تولە رێیەکە ناچاری بەریز رۆشتنی کردن دایکی دولبەریش دەرفەتێکی وەرگرت و خۆی گەیاندە نزیک قەندیل بە فرمێسکەوە رستەیەکی بەگوێی قەندیلدا چرپاندو گەڕایەوە لای دولبەر، تا لە بەردە بازەکانیش پەڕینەوە قەندیل و وەلی لە گەڵیان بوون، دواتر گەڕانەوە ناو باخچەکان و لالی سەرخۆشیان دیتەوە، هەر چاویان بەیەکتری کەوت هەردووکیان گەشانەوە، دواتر وەلی و لالی یەکتریان ناسی و هەرسێکیان لەسەر خوانی لالی دانیشتن، بەڵام سەرنجیاندا عارەقەکە لە تەواو بوونە، رزگار گوتی:

لالی گیان تەنیا هاتوین بتبینین بۆ خواردنەوە نەهاتوین، ئێمە قەرزاری تۆین، بەڵام بۆ خوێندن

چوینە وڵاتی غەریبان و ئەم کارەساتەشمان بەسەر هات، بۆیە هەموو شتمان بیرچۆوە.

لالی قسەی نەکرد هەستاو لە بن دەوەنێک نیو بوتڵ عارەق و سێ چوار پەرداخی هێنا، پەرداخەکان لە پیسیان بەڵغیان گرتبوو، هەر لەناو جۆگەکەی تەنیشتیان جوان جوان شوشتنیو لەبەردەمی دانان، ئەوجار گوتی: میوانی هەولێرت لەگەڵە ناشێ بەبێ خواردنەوە بڕۆن، من هەمیشە قەرزاری ئێوەم، با بخۆینەوە لەو قسە قۆڕانە باشترە.

لالی پەنجەی بە دوگمەی تەسجیلەکەدا هێناو حەمە جەزا گوتی( **لە گۆڕستان شەوی زستان سەر ئەنێمە سەر گۆڕەکەو بەسەرهاتم ئەگێڕمەوە)** لەوکاتەدا هەرسێکیان فرمێسکیان وەری، جگە لە چۆڕە چۆڕی عارەق بۆناو پەرداخەکان کە تێکەڵی بەستەکەی حەمە جەزا دەبوو هیچی دیت بەرگوێ نەدەکەوت.

دواتر دانیشتنەکە قسەی تێکەوت، باسوخواسی هەولێرو کۆلیژو بازاڕ کۆتایی هات و ئەوجار رزگاری جوانەمەرگ خۆی هاویشتە دانیشتنەکەوەو عیشق خوانەکەی وەرگرت، تاتەواو مەست بوون و دواتر هەرسێکیان بەرەو ئاوایی گەڕانەوەو بەڵام

هیچیان نەیانتوانی بەسەر بەردەبازەکاندا بڕۆن بۆیە تا چۆکیان هەڵکردوو پەڕینەوە، دواتر لە هەمان دووریانی جاران جیا بوونەوەو لالی بەلاکە لاک رۆشت و وەلی و قەندیلیش چوونەوە ماڵێ.

****************

وەلی لە ژیانی زۆر جۆرە دۆڵمەی خواردبوو بەڵام هەرگیز دۆڵمەی وای لە هەولێر نەدیبوو، چونکە ئەو

ئێوارەی کە لەسەر خوانەکە دانیشتن داکی قەندیلی دەیزانی میوانیان هەیە بۆیە یاپراغی کەلەمی لێنابوو کە ناوازەترین و خۆشترین خواردنی قەڵادزێیەو رەنگ و شێوەشی زۆر جوانە، هەموان بێئاگان لە هەولێر ئەم جۆرە دۆڵمە نییە، وەلی زۆر باشی خواردوو دەستخۆشی لە داکی قەندیلی کرد، هەوڵیدەدا خۆی فێرە زمانی قەڵادزێ بکات و بەڵام پێی نەدەوێرا، پێی گوت:

ئێمە گەلەک جۆر دۆڵمەمان هەیە، بەڵانەکینێ یەکەم جارمە ئەو دۆڵمەیە دەخۆم، تامی وەک تامی میمبەری ناو سەروپێیە، بەراستی بەتام بوو دەستت نەڕزێ.

هەرواگوتی: دۆڵمەی ئێمە زۆر ترشەو ئەوەی ئێوە هەر سماقی تێنەکرابوو، هەروا ئێمە دۆڵمەی پەلکە مێویشمان هەیە بە ماستی لێدەنێن، تیچمەشمان هەیە کە تەنیا بە باینجان و کودی دەکرێ، ناوەکەی پڕ قیمە دەکەن و وەک سەروپێش بە داو دەیدوورن، بەرانەکینێ هەندی دۆرمەکەی ئێوە خۆش نییە.

داکی قەندیلیش گوتی: چییی؟ چیچمە؟

وەلی گوتی: نا تیچمە، بەڵام هەندێک توچمەشی پێدەرێن

داکی قەندیلی هەرچەندی هێنای‌وبردی نەدەچۆ مێشکی باینجان و کودی بدووری و وەک سەروپێ لێی نێی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئاخر سەرو پێ جیرە دەکرێ بدوورێ بەڵام باینجان و کودی ناسکن کوا دوورمانی لەسەر دەکرێ، بەڵام چونکە میوان بوو ناچار بێدەنگی هەڵبژارد.

ئیدی ئەم گفتوگۆیە زۆری خایاندوو دواتر چاشیان خواردەوەو چوونە ژوورەکەی قەندیل، قەندیل کراسە خوێناویەکەی رزگاری لەگەڵ جلکە خوێناویەکەی خۆی لە زەرفێک هاویشت و نامەکانی نازداریش کە هەرلای ئەو بوون پیشانی وەلی دان، هەروا نامەکەی دولبەریشیان خوێندەوە، لە خوێندنەوەی نامەکاندا بوون کەماڵی رزگار هاتن و ئەوانیش هاتنە خوارێ و دوای بەخێرهاتن و قسەیەکی زۆر دواجار قەندیل پێشنیاریکرد کە سبەی بەیانیەکەی لەگەڵ وەلی بەناوشاردا پیاسەیەک دەکەن و دواتر دوای نیوەرۆکەی دەچن گۆڕی رزگار بۆیاخ دەکەن، بابی رزگاری گوتی:

خۆشم دێم، بەڵام رزگار گوتی:

نا ئەوە وەلیم لەگەڵەو بەیەکەوە دەچین تۆ دووکانەکەت دامەخە، ئیدی چۆن بڕیاریاندا بەم شێوە سبەی کە هەینی بوو وەلی و قەندیل بە

بەرگی کارو چەند قوتوویەک بۆیاخەوە گەیشتنە سەر گۆڕی رزگارو نازدار، قەندیل هەر لە سەرەتاوە بڕیاری دابوو بەهەمان شێوەی نازدار بۆیاخ بکرێت و هەرواشیان کرد، تەنانەت بەسەر گۆڕی نازداریشدا رۆشتنەوەو تۆخیان کردەوە.

دوو گۆڕ یەک رەنگ و یەک شێوە قەبارەیان وەکو یەک و تەنیا ناوەکانیان و رێکەوتی کۆچکردنیان جیاوازی هەبوو، لەنێو سەدان گۆڕدا بەسەر زەویەوە پاڵکەوتبوون، دەدرەوشانەوەو هەر لە رێورەسمێکی بێدەنگی مارەکردن دەچوون، دوودڵدار لەنێو ئەم دوو گۆڕەدا لە پشووی هەمیشەیدان، خەون و ئومێدەکانیان لەوێدا و لەگەڵ جەستەیان شیدەبۆوە، ئەوان بەبرینەکانی دڵیانەوە رۆشتن بەڵام خەمێکی گەورەیان بۆ ئازیزانیان جێهێشت، خەمەکانی ئەوان ببوونە چیرۆکو دەماودەم دەگێڕدرانەوە، بەرگی رەشی کردە بەری خۆشەویستانیانو فرمێسکیان بە هەموان رشت.

لەسەر دوو گۆڕی وەکویەک دوو قوتابی جیۆلۆجی بیریان لە پێکهاتەکانی بەرد دەکردەوە، بیریان لەچینەکانی زەوی و بەبەرد بوونی دڵەکان دەکردەوە، بیریان لە شیبوونەوەی دوو مرۆڤی جوان لەنێو پێکهاتەکانی زەوی و بە خاکوخۆڵ

بـوونی هەمـوو ئەو بـوونەوەرانەی لە سـەر زەوی هەن دەکردەوە،

دوو گەنج لەسەر گۆڕی دوو عاشق لە عەسرێکی درەنگ وەختدا بیریان لە لەبیر چوونەوەی ئازیزان دەکردەوە، بیریان لەو یاسا گەردوونیانە دەکردەوە کە بەزۆر بەسـەر مـرۆڤ و گیـانلەبەرو روەکـی ئەم زەویەدا سەپاندوویانەو لەگەڵ هەر لەدایک بوونێکدا مردنێکیـان دەدەنـێ، کۆتـاییەکی تراژیـدی سـەختیان پیشان دەدەنو لە چرکەیەکدا کۆتایی ژیانیان بەزۆر بەسـەردا دەسـەپێنن، دواتـر فڕێیـان دەدەنە ژێـر خـاکەوەو وردە وردەش لەنێـو خۆشەویسـتی و دەروونـی ئـازیزان دەریـان دەهێـنن تـا ئاسـتی بیرچوونەوە، وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبن.

دوو لاو لەسـەر دووگـۆڕی هاوشـێوە خەریـکە ماندوو بوونەکەیان بەکۆتا دێت و بە قومێک ئاوی سـارد لە دەروونەوە ئاسـوودە دەبـن، هەڵدەسـتنە سـەر پێیـان و چـاو لە پانتـایی گۆڕسـتان دەکەن، گـۆڕی ئەوەنـدە کۆنیـان بەرچـاو دەکەوێ بـاران شوشـتونیەوەو لەگەڵ زەوی تەخـت کـردوون، نە کەس دەزانـێ کـێنو نەکەسیشـیان مـاوە بۆیـان بگریەن، ئەم گۆڕە کۆنانە پێدەچێت تەمەنیان سەدان سـاڵ، نـا ئەتـۆبڵێ هەزاران سـاڵ بێـت، دوو کێڵـی

لەبەرد تاشـــراو لە بەرامــبەر یەک وەســـتاون وەک ئەوەی بڵـێ ئـێمەش هەیـن، ئەوە ئـێمە دیرۆکـی ئەو گۆڕســـتانەین و بـــاپیرە هەرە گەورەکـــانی ئێـــوەین، لەبیری مەکەن ساڵ پێچی مێژەرێکەو ئێوەش دێنە لای ئـێمەو وەکـو ئێمەتـان لێـدێت، دوو کێـل کە لە کەللەرەقترین بەرد داتاشـراون سـەدان سـاڵ دەبێت بەدیـار گـۆڕێکەوە ئێشـک دەگـرن، گڵـی گۆڕەکـان رژاونەتە ســـەر زەوی و ئەوان هێشـــتا بەپێـــوەن، گوێیـــان لە دەنگـــی هەمـــوو گریانەکـــانی ســـەر ئەم گۆڕسـتانە بـوەو هەزاران چیرۆکـی هاوشـێوەی ئەم دوو گۆڕە نوێیەیـان لایەو کەچـی نەتـواونەوە، هێندە بەبـێ منەتـی وەسـتاون وەک ئەوەی لە چـاوەڕوانی مردنی ئێمەشدابن، تا لە بەینی خۆیان بمان رزێنن و بمـانکەنە رابـردوو، دوو کێـل، نـا سـەدان کـێلەبەرد لەناو گۆڕستانێکی کۆندا رەگیان لە گەردنی هەزاران مـــردوو ئاڵانـــدوەو دیـــرۆک و چیـــرۆکە ســـەیرو ســـەمەرەکانیان لایەو بەڵام بـۆ کەســـی نـاگێڕنەوە، هەزاران کێـل سـەرە باریـک و بەردینەکانیـان قـوت کردۆتەوەو بێمنەتـانە چاویـان بڕیـوەتە شـیبوونەوەو بەخـۆڵ بـوونی ئەو کەسـانەی مـردن فڕێیـدانە بەر لاقیـان، ئەو بەردانە نـازانن کەسـەکان کـێن، نێرن یـا مـێن باشـن یـاخراپ، بەڵام دەزانـن بـۆ هەتـا هەتـایە

دەبنە ئێشک گریان، ئەو کێلانە توند خۆیان لە زەوی چەقاندوەو پێدەچێت هەرگیز نەلەقیبن.
سەدان داری کۆن ئاسمانی ئەم گۆڕستانەی داپۆشیوە، خۆیان بەسەر گۆڕەکاندا شۆڕ کردۆتەوەو چەوری پێستی مردوەکانیان لێدەڕژێ، هەندێکیان هێندە بە دیار مردووەکانەوە گەڵاو فرمێسکیان وەراندووە پیریەتی بە باڵایانەوە دیارە، قەدەکانیان ئەوەندە گرژ بوون، کەپاڵیان پێدەدەی شانت دەڕوشێنن، رەگیان ئەستوورو هەندێ لە کێلەکانی هەڵتەکاندووە، ئەوەندەش بەناو ئێسکوپروسکی مردوەکاندا رۆیشتون وەک ئیسکیان لێهاتوەو رەنگیان سپی سپی دەچێتەوە، ئەو رەگانە بە سەدانیان لە قەدپاڵی گردەکەوە دەرچوون و وەک گوریسێکی ئەستوور و توند شۆڕبوونەتەوە ناو روبار، لەوێ قوم قوم ئاو دەمژن و وەک ترومپا بۆ گەڵاکانیان دەبەن، هەندێ لەو رەگە ئەستوورانە لە یەکتری ئاڵاون دەڵێی پرچی نازدارن و هۆنراونەتەوە، بەو قەدپاڵەدا شۆڕ بوونەوەو با شلکەیان پێدەکات، هەندێ لەودارانە سیمای کەسەکانیان وەرگرتووە، وەک ئەوەی گیانی مردوانیان وەرگرتبێ و لەگەڵ زیندووەکان بدوێن، شەماڵێکیان وێکەوێ گەڵاکانیان وەک فرمێسک

دەوەرن و وەک دایـک دەلاوێـنەوە، ئەو دەسـتەی ئەودارانەی ناشـتووە ئێسـتا بەتەنیشـت دارەکەوە راکشاوە، ئەگەر سـەرنج لە لقەکانی بدەی بەڕوونی ئەو پەنجە گرژانە دەبینی کە سـەردەمێک گۆلی بۆ دارەکە کردبوو، تا گۆڕی ئازیزەکەی هەتاو لێی نەدا ئێسـتا خـۆی لە تەنیشـت ئەوەوە بـۆتە خـاک پـان بۆتەوەو دەڵێی هەرگیز کەسێک نەبووە خزمەتی ئەو گۆڕانەی کردبێ.

دوو کەس هێنـدە بەخامۆشـی و بێـدەنگی لەسـەر دوو گـۆڕی نـوێ وەسـتاون، بەسێی داکـی رزگـارو دولـبەرو دایکـی دەگەنە سـەر گـۆڕە تـازە بۆیاخکراوەکـان ئاگایـان لێنیـیە، بەسـڵاوی ئەوان بەهۆش خۆیان دێنەوەو سڵاویان وەردەگرنەوە، ئەو رۆژە هیچیـان بـاوەش لە گۆڕەکـان نـادەن چـونکە هێشـتا وشـک نەبـوونەتەوە، بەڵام زۆر بەگەرمـی قەندیل و وەلی دەدوێنن و سـەرو ئاوێکی سارديان دەدەنێ سوپاس و ماندوو بوونیان بەرز دەنرخێنن و پێیـان دەڵـێن هەرگیـز لەچـاکەو دڵسـۆزی ئێـوە دەرناچین، دولبەر کە هێشتا بێدەنگەو زیاتر لە پەنجا رۆژە قسەی نەکردووە چاو لە کراسە خوێناویەکە دەگێـڕێ دەخـوازێ بـۆنی نـازدار بکـا، لەوکـاتەی قەنـدیل و وەلـی خۆیـان کـۆدەکەنەوەو دەیـانەوێ

برۆن تا ئاوێک بەخۆیاندا کەن و جانتا حازر کەن و سبەی بەیانیەکەشی بگەڕێنەوە هەولێر، پەرجوو رودەدات و دولبەر بۆیەکەمجار دێتە قسەو بە قەندیل دەڵێ: کراسەکەم بۆ بگەڕێنەوە.

ئەوانەی لەسەر گۆڕەکەن هەر هەموویان ئاوڕ لە دولبەر دەدەنەوە، سەرسامی دەیانگرێت و لەدوای مردنی رزگار ئەوە یەکەم وشە دەبێت کە دەیدرکێنێ، ئاخر ئەو کەوتبۆ بێدەنگیەکی قوڵەوە لەنێو خەڵوەتی تەنیایی خۆیدا، لەنێو بیرکردنەوە لە ژیانێکی هیچوپوچدا لەمردن دەگەڕا بەڵام نەیدەدۆزیەوە، گۆڕستان پڕ لەمردوو بوو بەڵام هێشتا چاوی دولبەر دەبریسکایەوەو لە ژیاندا بوو، ئازیزەکانی لەبەردەمی بوون لەنێو دوو گۆڕی رازاوەدا خۆیان لە چەندین رەنگ وەرپێچابوو بەڵام نقەیان لێوە نەدەهات و ببوونە رابردوو، خۆ ئەگەر مردنی رزگار نەبا، کۆچی نازداریش وەک رەنگی کێلەکانی کاڵ ببۆوەو خەریکی لەبیرچوونەوە بوو، ئەوەتا دولبەر لەشاری مردوان زیندوو دەبینێ، دوو هاوڕێی دڵسۆز و دوو دایکی جەرگ برژاو، هەموو رۆژ یەخەی خۆیان دادەدڕن و بەڵام کە دەگەڕێنەوە ماڵ لەسەر خوانەکەیان دادەنیشن و جگە لە نووزانەوەی دایکی هەندێ جار پێکەنینیشی گوێ

لێدەبێت، بابی هەروەکو جاران خەریکی کاری خۆیەتی و ددان دەردێنێ و تاقم بۆ پیرەکان درووستدەکا، برایەکەی هەر خەریکی سەعیەو لەگەڵ برادەرەکانیشی دەچێتە دەرێ و خۆشی پۆشتە دەکا، ژیان رانەوەستاوەو خەریکە تەواوی روداوەکان دەبنە رابردوو، بۆیە دولبەر بێدەنگی خۆی خاش خاش کرد، بە هەموانی گوت ئەمن شێت نیم بەڵام مردن دەستم لێدەوەشێنێ و وەفا ئامۆژگاریم دەکا، ئەوەتا روناکیەکانی من بەرد بردنی و ئێمەش خستمانە باوەشی بەردەکانەوە، ئەوە بێمنەتی ژیانە ئێوە دەجوڵێنێ و من بەدەنگ دێنێ، هەست ونەستی من ژەنگ لێیداوەو کەسێ نییە پاکی کاتەوە، هەموو رۆژێک دڵم لە تەنیایی خۆمدا بەردەبێتەوەو دەستێک هەستێک نییە بیخاتەوە جێی خۆی، ئێوە دەزانن کە لە کۆڵان پێکەنینی ئەو منداڵەم گوێ لێدەبێ کە خوشکمی کوشت، ئەمن کاس دەبم، لەوێوە تەنیایی من سەریهەڵدا، چاوم لێڵ بوو هەستەکانم خاش خاش بوون وەک ئەوەی یەک رێژنە گولله بە جەرگمەوەنێن پێم وایە، جاران لەگەڵ خوشکی گەورەم دەچوومە بازاڕو قوتابخانەو ماڵە خزمان، ئێستا بەتەنێ ماومەوەو بەجلی رەشەوە رێگەی

دوورم گۆڕستانە، ئاخر من تەنیا بەرگم رەش نییە وەرن هەناوم پڕ بووە لە زووخاو لەنێو ئازاری ئازیزەکانمدا وردو وردە هەڵدەوەرم، ئەوەتا لەدوای بۆنی نازدار تەنیا بۆنی کراسەکەی رزگارم بۆ مابۆوە، کە پەڵە خوێنی نازدار پەخشی کردبوو و ئەویشتان لێشاردمەوە، دەخوازم لەژیاندا مردن بێمنەت بکەم، ئێستا کە دەزانم هەمومان دەمرین، هەموان دەچینە نێو خاکەوە، ئەوانەی زوو دەڕۆن کەمترین ئازار دەبینن، نازدار کۆستی منی نەدی؟ رزگار هەر خەمی نازداری دی و دواجار چۆ تەنیشتی، بەڵام چونکە من دەژیم خەمی هەردووکیان باریان قورس کردووم، تروسکاییەکم هەبوو ئەویش کوژایەوە، بۆیە لە مردن دەگەڕێم بەڵام بۆم نادۆزرێتەوە.

بەدەنگ هاتنی دولبەر قەندیلی خستە گێژاوێکی قوڵەوە، بەتایبەتیش دەیزانی دولبەر لە دوای مردنی رزگارەوە قسەی نەکردووە، نامەکەی دولبەر کە بۆ رزگاری نووسیبوو شەوی رابردوو خوێندبویەوە، بۆیە زۆر بەخێرایی بەبیری هاتەوە و ناچاری ئاوڕدانەوەی کرد، بەنیگایەک کە لەنێو چاوی دولبەری روانی تێی گەیاند نەک کراسەکە هەرچی لایەتی دەیداتەوە، بەڵام دەبێت کەمێک سەبر بگرێ،

وەلـــی و قەنـــدیل کەلوپەلەکـــانی بۆیاخکردنیـــان کـۆکردەوەو بەرەو ئـاوایی رۆیشـتن، لە رێگـا وەلـی تەنیـا بیـری لای دولـبەر بـوو دەیزانـی لە ئـازارێکی سـەختدایە ئەو تەنیا مـاوەتەوەو کەسـێک نییە بـاری سەر شانی سوک کا، بۆیە بە قەندیلی گوت:

_ ئەو کیژە داماوە خەریکە شێت دەبێت، تشـتەکی لۆ نەکەن بەملەنگۆدادێ.

قەنـدیلیش گـوتی: بەدەنـگ هـاتنی ئەو منـی بێـدەنگ کـرد، هێشـتا سـڕم و هەر لەبیـری ئەودام، نـازانم کراسـەکەی بـدەمەوە یاننـا؟ ئەدی نـامەکەی کە بـۆ رزگاری نوسیوە نازانم با بیری لێبکەمەوە.

وەلـیش گـوتی: کـورە مـارخەرا ئەتـو دەتەوێ چ برێـی؟ نەچـی کـراس و نـامەکەی بـدەیەوە بەخـودای هێنـدەی دی مـات دەبـی، ئەو ئێسـتا پێویسـتی بە کەسێکە هاوکاری بکا رێی لۆ بدۆزێتەوە، بزر بـوەو بیبینێتەوە ئاوەدانییەک بخاتەوە نێو دری، نەک جلکی مردوانی بداتێ.

قەندیل قسەکانی وەلـی زۆر بەهەند وەرگـرت بـۆیە نەیویست بێ بیرکردنەوە وەڵامی بداتەوە.

وەلـی بەدەرفەتـی زانـی گـۆتییە قەنـدیلی: پێمبـرێ ئەوە مانگو قسوورە ئەو کیـژە قسـەی نەکـردووە لـۆ ئەتوی دی و داوای کراسـەکەی لێکردی؟

قەندیل گوتی: مەخسەدت چییە؟
وەلی: هەوکە ماندیمە نازانم با ئاوەکی بە خۆماندا بکەین هەینێ قسەکی دەکەین.
ئیــدی هەردووکیــان بێــدەنگیان هەڵبــژاردوو تــا گەیشتنە بەردەبازەکەو بەسەریدا پەڕینەوەو بەرەو مــاڵ ســەرکەوتن، خۆیــان شوشــت و هەمــوو باسوخواسەکانیان سڕ کرد، هەڵیانگرت بۆ هەولێر و بڕیاریاندا باشتر بیری لێبکەنەوە.

****************

لەدوای مردنی رزگار قەندیل نەهاتبوەوە بەشی ناوخۆیی، چونکە وەلی نەیدەهێشتو هەر لای ئەو بوو، بەڵام بۆ خڕکردنەوەو کۆکردنەوەی پێداویستییەکانی تا بچێتە ژوورێکی دیکە و تێکەڵی هاوڕێکانی بێتەوە بۆ یەکەمجار دەرگای ژووری بەشی ناوخۆیی کردەوە و جانتاکەی داناو لەسەر کورسییەک دانیشت و چاوی گێڕا.

قەرەوێڵەکەی رزگار هێشتا سەرچەف و کتێب و تەنانەت ئەو خاولییەشی لەسەر بوو کە بەبالیفەکەیدادابوو، خۆی لەوێ نەبوو بەڵام یادگاریەکانی بەبەرچاوی قەندیل دەهاتنو دەچوون، بۆنی هەناسەی لەنێو بەتانیەکەیەوە دەهاتە دەرێ و کوڵمەی قەندیلی تەڕ دەکرد، لەسەر رۆخی پەنجەرەکە دوو پەرداخ بەتەنیشت یەکەوە دانرابوونو ئیدی یەک لەو پەرداخانە زیاد بوو، بیجامەیەکی شین بەپشتی دەرگایەکەوە هەڵواسرابوو، لەگەڵ هەر دەرگا کردنەوەیەکدا

رزگاریش دەجولایەوە، ئیدی هەر ئەوەندە جولەو بەس، وەک ئەوەی هەرگیز کەسێک ئەو بیجامەیەی لەبەر نەکردبێ، تەنیاییەک قەندیلی داگیر کردبوو، بیرەوەریەکانی دەجولاندو دەستی خستبووە رابردوویەوە، بیری لەوە دەکردەوە ئەو شەوەی لە شاری یاری بوون رزگار دڵی بە کچێکی هاوشێوەی نازدار کرایەوە کەچی ئەویش بزر بوو، ئەویش رۆشت و بووە رابردوو، داخۆ رزگاری داماو چەند شەوان بەخەیاڵی دیتنەوەی ئەم کچە خەوی زڕابێ؟ داخۆ چ ئومێدو هیوایەک وەک گوڵ لە دڵی رزگاردا کرابێتەوە، کەچی ئەویش رۆشت و نەگەڕاوە، رزگاری داماویش هیچکام لە خەونەکانی نەهاتنە دی و بەردێکی کللە رەق ئەویشی برد.

نامۆیی وەک دێویکی گەورە خۆی پیشاندەدا، هەستی دەکرد نەک هەر لە هەولێر تەنانەت لە ژوورەکەی خۆشی غەریبە، ئیدی کەسێک نییە هاودەنگی بێ و هاوخواردن و نووستنی بێ.

ژوورێک کە هەرچەند مانگێکە ئاوەدان بۆتەوە، بۆتە بەندیخانەو قەرەوێڵەکەی رزگاریش لە گۆڕێک زیاتر هیچی دی نییە، هەستی کرد، ژیان لەم ژوورەدا وەستاوەو یاسکانی گەردوون هێندە بێویژدانە بە کونفە یەکونێک دەتوانێ هەموو

جوانیەکان بباو جگە لە خەم هیچی دی بەجێناهێڵێ، یاساکان ئەو دڵانە دەبەن کە پەیوەستن بە چەندین دڵەوەو لێکیان دەکەن، لەکوێ ئارامییەک هەبێ بەپێی ئەو یاسایانە ئا لەوێ شڵەژانێک درووست دەکەن.

قەندیل بەتەنێو لە دیوێکی دوو قەرەوێڵەیی لەسەر کورسییەک دانیشتووە، لە پشت دەرگاوە بیجامەیەکی شین دەبینێ دەڵێی رزگارەو بەبڕیاری یاساکانی ژیان لەوێ هەڵواسراوە، دەرگایەک ئیدی جگە لەخۆی پێناچێت کەسیدی بیکاتەوە، وەک چۆن دەرگای دڵی خۆی تەنیا بۆ رزگار دەکردەوە، ئێستاش ئەو دەرگایە داخراو هەموو دەرگاکان داخران و رزگاریش دەستی ناگاتە هیچیان.

بەڵام زۆری نەبرد دەرگا کرایەوە، بیجامەکەی رزگار جوڵاو کۆمەڵێک هاوڕێی هاتنە ژوور، پێش ئەوەی قەندیل دەست لە هیچ شتێ بدات ئەوان هەموو کەلوپەلەکانی قەندیلیان کۆکردەوەو بردیانە ژوورێکی دی، تا لە تەنیایدا نەبێ و تێکەڵیان بێتەوە، کەلوپەلەکانی رزگاریشیان بە کتێب و هەموو شتێکەوە خستە ناو ئەو جانتایەی قەندیل هێنابووی، ئیدی قەندیلیان لەم ژوورە دوور خستەوەو دەرگاکەیان داخست، گریانێک قوڕگی قەندیلی گرت، پشتی لە دەرگاکە کردوو گوێی لە

نووزەیەک بوو لە درزی ژێرەوەی دەرگاکە دەهاتە دەرێ، نەیزانی ئەم نووزەیە دەنگدانەوەی ناخی خۆیەتی یان دەنگی جێماوی رزگارە؟ نا نەیزانی نوزەی روحی جێماوی رزگارە یان خەمە کەڵەکە بووەکانی خۆیەتی؟ نوزەیەک بە دەنگێکی نزم ئاوێتە بە هەنسک گوتی لێرەش تەنیایی؟ لەگەڵ ئاوڕدانەوەی فرمێسکەکان رژان و دووا ماڵئاوایی لە ژوورێک کرد، چیایەک خەم تێیدا کەڵەکە ببوو، ئیدی هەموو یادەوەریەکان و بۆن و بەرامەی رزگار و قەندیل و چرپە جێماوەکانیان بۆ هەمیشە بەجێهێشت.

****************

ئێستا بیجامەو کەلوپەلەکانی رزگار لەنێو جانتایەکدان لەنێوان دەستی وەلی و قەندیل لە هاتوچۆدایە، دەیانەوێ بیگەڕێننەوە قەڵادزێ و بۆ هەمیشە رزگار لە هەولێر دوور خەنەوە، جێ پێکانی لە رۆخی قەڵات بسڕنەوەو کورسیەکەی کۆلیژی هەر بەبەتاڵی بمێنێتەوە، هەرگیز نەچنەوە شاری یاری تا هاوشێوەی نازدار برینیان نەکولێنێتەوە، ئەوان ئیدی گەیشتوونە گەراج وسواری ئۆتۆمبێلێکی تەکسی بوون و بەرەو قەڵادزێ دەڕۆن، جانتایەک لەسەر چەمچەی تەکسیەک بارکراوەو با بۆنی کەسێک بە ناو چیاو بەندەن و پێدەشتەکاندا بڵاودەکاتەوە، تادێ هەولێر دوورتر دەکەوێتەوەو بۆنو یادەوەریەکانی رزگاریش تنۆک تنۆک بەسەر جامی ئەو ئۆتۆمبێلانەدا دەڕژێ کە لەدوای تەکسیەکەوە دەڕۆن، بێدەنگیەک سەرنشینەکانی داگیر کردوەو رێگەکە وەک مار باریک دەبێتەوە،

تاسەکان لەجێی خۆیان هەڵیان دەتەکێنێ و بایەکی فێنکیش لە پەنجەرەکانی پێشەوە دێت و بە دواوەدا رەتدەبێ، لەم نێوانەدا گیڤەی با کە بەر جانتاکە دەکەوێ وەکو وشەی ماڵئاوایی دەنگ دەداتەوەو بەگوێی وەلی و قەندیلدا رەتدەبێ، هەڵدەبەزێتەوە خۆ بەهەموو ئەو ئاواییانەدا دەکات کە لە لاریێکاندا هەن، ئیدی لەوێ جێدەمێنێ و بۆ هەمیشە بزر دەبێت، خشەخشی رادیۆ شوفێرەکە ناچار دەکات شریتێکی حەسەن سیساوەیی بخاتە سەر.

ئەسمەرێ گۆ کی بی قاسیدەکم لۆ بکا،
بەچار زێڕێ زەمانی لۆم وە دوو مامەری ڕا بچی
برێنە مامەری مردنی لۆ باشترە لەژینێ نەکو بکەومە دەستی عالەمێ
دەبا بگەڕێتەوە لەدواییێ قەپەک و مام خاران لۆ خۆ بمگێڕیتەوە
بەزەبری خەنجەرێ بمکاتە کابانی مارێ
کارە کۆرپەی گچکۆکەم پێ ڕابژینی لەقەسرێ خاروانێ

کات دەڕواو کۆیەش جێدەهێڵن‌و دەگەنە پێچەکانی هەیبەسوڵتان، تاوێرە گەورەو زەبەللاحەکانی ئەم چیایە کە هەندێکیان خزیون و خۆیان بەرۆخی

شـــەقامەکان گرتـــۆتەوە، ســـەرنجیان رادەکێشـــێ و رقێـــک مێشـــکی هەردووکیـــان دەجـــوێ، خـــۆزگە دەخـــوازن بەردیـــان نەناســـیباو هەرگیـــز کۆلیژێـــک بەناوی زەوی ناسی نەبا، پێچەکانی ئەم چیایە زیاتر لە تاوێرەکانیان نزیک دەکاتەوەو ئەوانیش باشتر لە پێکهاتەکانی بەرد دەگەن، دەزانن خزینی ئەو بەردانە لە هەڵتەکینی چینەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و دواتر دەبێتە مەترسی بۆسەر گیانی گەشتیارو هاوڵاتیان.

شوفێرەکە لە چنارۆک لادەدا، تا پشـویەک هەم بە سەرنشـینەکان و ئۆتۆمبێلەکەشـی بـدات، وەلـی کە دەمـێکە رازێـک لەنێـو دڵـی عاسـێیەو نەیتوانیـوە بیـدرکێنێ، چـونکە بەدرێژایـی ئەم کـاتە رزگـاری لەماڵی خۆیان هێشتبوەوە، تا هەست بەتەنیایی نەکا، بە دەرفەتـی زانـی و هەر کەدانیشـتن بە قەنـدیلی گـوت: هەوکە کـاتی ئەوەیە پێـت بـرێم ئەگەر نەبـیە فریادرەسی دولبەر ئەویش دەڕوا.

ئەم گـوتەیەی وەلـی لەلای قەنـدیل نـامۆ نەبـوو، چـــونکە ئەوکـــاتەی لە رێـــی ســـەرقەبران داکـــی دولبەری دەرفەتی وەرگرت و هاتە نزیکی رێک ئەم قسـەیەی پێگـوت، بەڵام بـۆ دڵنیـا بـوونەوە بە وەلـی گوت:

قسەی خۆتە یان پێیان گوتووی؟

وەلیش گوتی: لۆ لەم ماوە دوور و درێژەدا هەر بەیەکەوە نەبووین، نەخێر قسەی دری خۆمەو لۆ کاتێکی وەک ئێستام هەڵگرتبوو.

قەندیلیش گوتی: هەرگیز بەرامبەر رزگار بێوەفا نابم، بەڵام ئەگەر من ببمە هۆکاری رزگار کردنی کەسێکی دی دیسانەوە هەرگیز دوو دڵ نابم، بەڵام هێشتا زۆر زۆر زوویە، من هیچ ناڵێم ئەگەر دولبەر بەرەو باشــــی رۆی ئەوە تــــاوێرێکی بەقەد ئەو تاوێرەی لەسەر دادەنێم کە رزگاری شێلا، ئەگەرچی دڵیشم واناڵێ، خۆ ئەگەر دولبەریش چاک نەبێت و بەمن چابێتەوە ئەوکات قسە زۆر دەبێت بۆ گوتن.

وەڵامی قەندیل وەلی ئاسوودە کرد بۆیە هیچ پرسیاری دی نەکرد ئەوەندە نەبێت گوتی: هەوکە ژیانمان خڕ بویتە ئەزموون، لۆیە هەندێ جاریش کوردەواری دەرێ لەکێ پسا لەوێندەرێی گرێدەوە، ئەمن لە پشتت دەبم تا گرێ کۆرەو ئەولاتریش .

کە گەیشتنە قەڵادزێ هێشتا خۆر ئاوا نەبوو بوو، بەجانتاوە خۆیان بەماڵی قەندیلیدا کرد، دوای پشوودان و نان خواردن، بڕیاریاندا کەلوپەلەکانی رزگار نەبەنەوە بۆ خانەوادەکەی، بۆیە قەندیل کراسە خوێناویەکەی رزگار و جلە خوێناویەکانی خۆی لە شوێنێکی ناو کەنتۆرەکەی خۆی تەقەت

کرد، دواتر بە خێزانەوە سەریان لە ماڵی رزگاردا کە هەرچەند دەرگایەک لێیانەوە دوور بوون و لەیەک گەڕەک بوون، پێشوازیەکی گەرمیان لێکردن و قەندیل هەستیکرد تا دێ نووزە نووز لەم ماڵەدا کەمتر دەبێتەوە، ئەگەرچی دایکی رزگار چەند جارێک قەندیلی لەباوەش کردو ئاخی هەڵدەکێشا، بەڵام جیاوازییەکە بەئاشکرا هەستی پێدەکرا، کاتێک ویستیان هەستن دایکی رزگار بەچرپە دوو قسەی بە قەندیل گوت و نامەیەکی لە دەستینا، ئەویش نامەکەی هەڵگرت و ماڵئاواییان کرد.

هەر کەیشتنەوە ماڵێ وەلی ماخۆلانی کەوتبووە جەستەی حەزیدەکرد هەرچی زووە بزانێ چی لە نامەکەدا نووسراوە، قەندیلیش لەو خراتر بوو بەڵام دەیویست خۆی بیخوێنێتەوە ئەوجار ئەگەر پێویستی کرد پێیان بڵێ، قەندیل بە وەلی گوت:

با بچنە ژوورێ و پشوو بدەین، هەردوو کیان رۆشتتنە ژوورەکەو قەندیل نامەکەی کردەوە تەنیا ئەوەندەی تێدا نووسرابوو:

(کراسەکەم بۆ بێنەوە، لە تەنیایدا خەریکە دەمرم)

نامەکەی دایە دەست وەلی و وەلیش خویندیەوە و گوتی :

چمگۆ دەرێ لە تەنیایدا دەمرم، ئەلهەقی ناهەقی نییە ئەوەتا ئێمەی پیاو لەنێو کۆلیژو هەولێرو بازاڕان خۆمان لەبیر دەکەین، ئەویش خۆی و خەمەکانی و گۆڕستان.

ئەو شەوە لەنێوان وەلی و قەندیل مشت و مڕێکی زۆر لەسەر ئەم نامەیە کرا، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام بۆیە هەڵیانگرت بۆ سبەینێ و بەقەدەریشیان سپارد.

بڕیاریاندا سبەی دواینیوەرۆکەی سەردانی گۆڕستان بکەن دڵنیابوون لەوەی هەموو هەینیان بە دڵنیایی دولبەرو دایکی دێنە ئەوێ، ئیدی بەئارامی خەوتن و سبەی پیاسەیەکی بازاڕو دووکانی ئەحەی بۆیاخچیان کرد، لەوێ چایەکی وەستا قادریان خواردەوەو قەندیل بە وەستاکەی گوت:

کاک ئەحمەد خەمت نەبێت پشوی هاوین دێمەوە سەر دووکانەکەو وەک جاران بۆت بەڕێوە دەبەم، دڵنیابە منیش کوڕی تۆم و کە بەو جلانەوە دەتبینم زۆر نیگەرانم.

ئەحەی بۆیاخچیش گوتی:

هەڵبەتە کوڕی منی و دوور لە تەمەنت لەگەڵ رزگار جیاوازیتان پێناکەم، وەلیش هەروایەو هەرگیز دڵسۆزی ئەویشم بیرناچێتەوە، چۆن بیرتان دەکەم

ئـاخر ئێـوەو هەمـوو قوتابیەکـان لەمـن زیـاتر پەرۆشـتان بـوو، ئەوە یاسـای بـوون و نەبـوونەو هەموان خۆراکی ئەم ژیانەین، ئەوەتا هەرە ئازیزانت بۆ هەتـا هەتـایە بەجێمـان دێڵـن و کەچـی ئێمە هەر دەشـژین و قەدەرێکـی دی بیرمـان دەچـنەوە، ئەگەر مـرۆ بەرامـبەر سـەختییەکانی ژیـان ئەوەنـدە بەهێـز نەبـا ئێسـتا ئاسـەوارمان نەمـابوو، خەمخـۆری ئێـوە مایەی ئاسوودەیی منە.

ئەحەی بۆیاخچی درێژەیدایەو گوتی:

ئەوەی گرێیە لە دڵی مندا تەنیا حەزەکانی رزگار بـوو کە لەگەڵ خـۆی بـردنییە گڵەوە، ئـاخر جـوانە مەرگ بەر لەوەی جەسـتەی هەلا هەلا بێـت وەک ئێوە دیتتان دڵی هەلا هەلا ببوو، بەزامێکی گەورەوە ئەو دنیـایەی جێهێشـت، هێشـتا برینـی دڵـی خـوێنی لێـدەهات، هێشـتا خـوێنی نـازدارەکەی هەر بەجەستەیەوە بوو، هێشتا تەمی نـامۆ بوون نەتەکی بـوو، تـامی خوێنـدنی شـاری گەورەو کـۆلیژو جلـوبەرگی قوتابیـان و ئەفەنـدیەتی نەکردبـوو جێـی هێشـتین، ئەو رونـاکیەکی لێهەڵهـات بەڵام زۆر زوو ئـاوابوو ئەو هەرگیـز دڵـی مـن و دایکـی نەهێشـاند، زیـانی بەکەس نەگەیانـدو شـایەنی ئەوەش نەبـوو ئاوای بەسەربێت.

کاتێک ئەحەی بۆیاخچی قسەی دەکرد قەندیل و وەلی چاویان پڕ ئاو بوو، دواتر درێژەیدایەو گوتی: دەزانم خەمبارم کردن، بەڵام گرێی دڵمە هەردەبێت بۆ ئێوەی بکەمەوە، هەرگیز لەماڵێ وانیم دەمەوێ ژیان سادە بکەمەوە، پێیان بڵێم ئەوە یاسای ژیانە، کە رەحم بەکەس ناکات، بەڵام قەندیل کوڕەکەم، ئەو دوو عاشقە رۆشتن ئیدی ناگەڕێنەوە ئێوە هەوڵدەن چێژ لە ژیان ببینن، چونکە هەر یەک جار دەژین، لەبیریشی مەکە دەبێت ئاگامان لە هەموان بێت، راشکاوانەش پێت دەڵێم بەسێی داکی رزگاری پێی گوتم کە دولبەری خوشکی نازداری لە گۆڕستان دیوەو هەر چاو لەتۆ دەگێڕێ دەڵێ: قەندیل نەهاتەوە؟ کراسەکەم کراسەکەی نەهێنایەوە؟ ئێمە لە ماڵێ وایتێگەیشتووین ئەو کۆدێکی نهێنی هەیەو تەنیا بەتۆ دەکرێتەوە، با ئەو ماڵە ئەویش لە دەست نەدەن کۆستێکی گەورە دەبێت و هەموان بەرپرسیار دەبین، وەدەشزانین ئەتۆ چەند دڵت پاکە چەند بە دڵسۆزی دێیە پێشێ، هەرگیز ئەو ئێوارەیەم بیر ناچێت کە رزگارو دولبەرو دایکی بوورابوونەوە تۆ چ هەڵوێست و ناوەندیەکی شایستەت ئەنجامدا، هەموو گرێیەکانت کردەوە، بەبێ ئەوەی هیچکام لە

خانەوادەکان توشی گومان بن، بەقسەی مامی خۆت دەکەی سەریێکیان لێدە.

قەندیل هەموو لەشی کردبووە گوێ لەوکاتانەدا یەک قسەی بۆ نەهات، وەلی گوتی:

خارە لۆخۆشمان دامان نابوو هێوارێ لە قەبرستانی بیان بینین، بەباشمان نەزانی بچینە مارێ چونکە ئەمە برادەری رزگاری بووین نەک جوانە مەرگ.

قەندیل هاتە قسەو گوتی: کاک ئەحمەد هەر دەبێت وا بکەین لە تەواوی ئامۆژگاریەکانت گەشتم و زۆر سوپاس، ئەگەر بزانم دەبمە دەوای کەسێک بەتایبەتیش کەسێک لە خۆشەویستانی رزگار بن خۆم دەکەمە قوربانی و پێشتریش لەلای وەلی باسم کردووە هیچ دوودڵ نابم.

ئەحەی بۆیاخچیش گوتی:

هەی ئافەرم کوڕی من بەراستی هەر ئەوەم لێ چاوەڕوان دەکردی.

ئیدی مشتەریەک هاتە دووکان و ئەوانیش بە دەرفەتیان زانی ماڵئاواییان کردوو چوونە پیاسەی خۆیان، نیوەڕۆیەکەی چونەوە ماڵێ و داکی قەندیلی یاپراغێکی دۆڵمەی شاهانەی لەبەردەمی دانان و پێی گوتن جا دەمزانی پێنج شەممەو هەینیان دێنەوە

بۆیە ئەو خواردنەم بۆ کردن چونکە وەلی پێی خۆشە، هەروابێتەوە یەک تورەگە کولیچەشم بۆ کردوون.

وەلیش هەڵیدایەو گوتی: دەستەکانت خۆش بێت پلە گیان هەوکە لەماری مە هەر باسی ئەو دۆڵمەی دەکەم، با پشووی نەورۆزێ بێت بەمارەوە دێین، خەمی قەندیلیشت نەبێت لە هەولێرێ نەمهێشتووە بەتەنێ بێت، بە خودای داکم لەمنی خۆشتر دەوێ.

قەندیلیش گوتی: جا دایە شتێکی دیت پێبڵێم لە ماڵی وەلی تیچمەم خوارد، جارێکی دیش خواردنێکی سەیریان لێنابوو گۆشتی بەرخیان لەناو ماستی کوڵاندبوو، ئەوم زۆر پێ خۆش نەبوو، بەڵام تیچمەکەیان زۆر بەلەزەتە باینجانی دەکوڵن و ناوی پڕقیمە دەکەن ئەوجار بە داوی دەیدوورن، تامێکی تایبەتی هەیە.

ئیدی هەر دەیانخواردوو باسی جۆرەها خواردنیان دەکرد، تا تێر بوون، ئەوجار چایەشیان بەسەردا کردوو هەردووکیان هەستان و چوونە ژوورەکەی قەندیل، سەرەتا لەناو جانتایەکەی وەلی یەک بوتڵ عارەقیان بەدیاری بۆ لالی هێنابوو خستیانە ناو زەرفێکی کاغەزەوەو نیو بوتڵ جنیشیان بۆ خۆیان هێنا بوو لوولیانداو رۆشتنە دەرێ، هەر لە دووکانی

جیرانەکەیان پێداویستییەکانی مەزەیان کڕیو دواتر شۆڕبوونەوە چۆمی، بەهەمان ڕێگای جارانیان ڕۆیشتن کە دەچووە گۆڕستان، لە بەردە بازەکە پەڕینەوەو چوونە ئەو شوێنەی لالی لێی دادەنیشت، دەیانزانی پەرداخ و پێداویستیەکان لە کوێیە هێنایان و خوانیان ڕازاندەوە، بەڵام هیچ پەلەیان نەبوو چونکە هێشتا لالی نەهاتبوو، جۆرەها مەزەیان دانابوو، قەندیل چۆ سەر کانیەکەو ئاوی هێنا ئەویشی خستە ریزی جن و عارەقەکەوە ئیدی لەو کاتانەدا بوو برادەرەکانی لالی دەرکەوتن و سڵاویان کرد، بەر لەوەی قەندیل لە لالی بپرسێ ئەوان گوتیان ئێستا لالیش دەگات لەنادی بوو عارەقی دەکڕی، زۆری نەبرد لەنێو سپیندارەکانەوە لالی بەخۆو تەسجیلێک و باخەڵی فودراوەوە پەیا بوو، کە قەندیل و وەلی دیت خەنی بوو لە خۆشیان سڵاوی کردو دانیشتن چاوێکی بە خوانەکەدا گێڕا زۆری پێخۆش بوو، قەندیلیش گوتی:

لەبیرتە ڕزگاری جوانە مەرگ گوتی قەرزارتین، ئەوە ئەمڕۆ هەمووومان دەعوەتی وین.

لالی تۆزێک بێدەنگ بوو دواتر چاوی پڕ ئاو بوو، بەر لەوەی هەرشتێ بڵێ یان بیکا، دەستی بە دوگمەی تەسجیلەکەیدا هێنا حەمە جەزا بەدەنگێکی

هـێمن گـوتی( جـوتێ پـێڵاو جـوتێ پـێڵاوی بەجێمـاو منداڵێکی سەر لێشێواو) تـا کـاتێکی زۆر هەرسـێکیان بە بێـدەنگی مـانەوە، دواتـر وەلـی ئـارەقەکەی لەبەر دەمی داناو بەبێ ئەوەی یەک کەس ورتەی لێوە بێت سەرو پێکیان تێکرد، بەڵام عارەق نا جنیان بۆ لالی دانا، تەماشایەکی کردوو گوتی:

ئێوە لەوەتەی چوونەتە شـاری موسـەقەف بـوون لەجیاتی شیری شێر ئاوێ دەخۆن، کورینە دەزانم ئەوە جنە بەڵام هەر ئەو پێکەی لەبەر ئێوە دەخۆم بـا منـیش موسـەقەف نەبـم، وەلـی و قەنـدیل زۆر پێکەنین ئیدی دەستیان بە خواردنەوە کردوو قەندیل لە ناوەراستی خواردنەوەی بە لالی گوت: جا لالی گیان ئێمە هێشتا نەچووینە گۆڕستان دەبێت سەرێک لەوێش بدەین بۆیە زوو هاتووین تا زوو بڕۆینەوە، دەبێت بمانبووری.

وەلیش گوتی: راستە کاکە لالی دەبێت ئەوجارەی قسوورمان عەفووکەی.

لالیش گوتی: ئێوە چاوی منن دەزانم دڵسۆزن و پشگیریتان دەکەم کەی کاتتـان تەواو بـوو دەتـوانن بڕۆن، من هەرگیز تەنیا نیم نابینن من و حەمەجەزا هەمیشـــە بەیەکەوەیـــن، دەســـتی بـــۆ دووگـــمەی تەسـجیلەکەی بـردوو زیـاتر دەنگی دایە حەمە جەزا

چریکاندی( لە گۆڕستان شەوی زستان سەر ئەنێمە سەر گۆڕەکەت بەسەرهاتم ئەگێڕمەوە) سەرو یەک پێکی خەستیان هەڵداو جگە لە موزیک و دەنگی حەمە جەزا خوڕەی ئاویش نەدەهات.

ئیدی تا هەینیەکی دی ماڵئاواییان لە لالی کردوو بە دڵێکی ئاسوودەو مێشکێکی سڕەوە بەرەو گۆڕستان بەڕێکەوتن، گەیشتنە نزیکی هەورازەکە دەنگی حەمە جەزا هەردەهات، هێشتا تەواوێکی رۆژ مابوو بەلاکەلاک هەورازەکەیان بڕیو لە کەڵەکەکانیش ئاودیو بوون، کە لە دوورەوە سەیریان کرد هەردووک خێزان ماڵی ئەحەی بۆیاخچی و نووری ددانساز لەوێ بوون.

وەلی بە قەندیلی گوت: هایت لەخۆ بێ با نەزانن خواردیتمانەوە.

قەندیل گوتی: براتم هەر لەخۆڕا جنم بۆ ئەم ئێوارەیە هەڵنەبژارد، خەمت نەبێ جن بۆنی نایە.

گەیشتنە سەر گۆڕی عاشقەکان و سڵاویان کرد، زۆر بەگەرمی وەڵامیان دانەوەو هەر بەپێوە بەرامبەریان وەستان، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەو خەمە قورس و رەنگە پەڕیوانەی چەند مانگێک پێشتر هەبوون وەک تۆز لەسەر دەموچاویان تەکی بوو، نووزە نووز هەر هەبوو بەڵام بێزاری و

ماندوو بونێکی زۆریان پێوە دیار بوو، پێدەچوو لەگەڵ شیبوونەوەی جەستەی دوو لاو خەمەکانیش بۆ خۆیان ببەن و شیکەنەوە، ئەوەتا هزری هەریەک لەوانەی لەسەر گۆڕەکان وەستاون گۆڕاوە، خانە مردووەکان خەریکی زیندوو بوونەوەن و قوژبنە تاریکەکانی دڵ خەریکی روناک بوونەوەن.

وەلی لە دڵی خۆیدا دەیگوت: راستە زەوی لە گۆڕانەکانی فسیۆلۆجی و جیۆلۆجیەکانەوە دروست بووە، ئەو گۆڕانانە کاریگەری لەسەر هەموو پێکهاتەکانی زەوی هەیە.

لەدڵی خۆیدا دەیگوت: ئەو پێکهاتانە بەهۆی گۆڕانە کیمیای و فیزیاییەکانەوە ئاو دەکاتە کلس و چەندین جۆر گۆڕاکاریان بەسەر دێت و دواتر دەبێتە بەرد، وەک ئەو بەردانەی دوو خۆشەویستی بردەوەو وەک ئەو دڵانەی بەرەو بەرد بوون دەچن.

ئەو دەیگوت: زەوی ناسی دەڵێت هەموو مادەکان لەنێو زەویدان لەگەڵ پێکهاتەکانی دی وەک ئاو و هەوا خانەکانیان بەرهەم هێنا، ئێستا ئەو خانانە لە ئەژمار نایەن چونکە وەبەر بوونەوەرەکان کراون، ئەو بوونەوەرانەش تەمەنی دیاریکراوی خۆیان هەیە، دەمرن و ئیدی دێن، بۆیە هەمیشە گۆڕانەکان لە نوێبوونەوەدان، ئەوەتا بەچاوی خۆم ئەو گۆڕانە

خێرایانە دەبینم، ئاخر زانستی زەوی ناسی لە خۆڕا نـــالٚێ: زانســـتی زەوی ناســـی زانســـتێکە وەکـــو زانســـتەکانی فیزیـــا ، کیمـــا ، احیـــا ، بیرکـــاری ، بە شێوەیەکی زاستی لە دیاردە و ڕووداوەکانی زەوی دەکـــۆڵێتەوە کە ڕاســـتەو خـــۆ پەیوەنـــدی بە ژیـــانی بـونەوەرانی ســەر زەویەوە هەیە، بـاس لە چـۆنیەتی دروســـــــتبوونی زەوی و پێکهـــــــاتەی زەوی و جیـــابونەوەی کیشـــوەرەکان و دروســـت بوونیـــان دەکات .

هەرئەوە دەیســـــــەلمێنێ لە جیـــــابوونەوەی کیشــوەرەکانەوە فێــرە جیــا بــوونەوەی خانەکــان و خـــــانە خوێیەکـــــان و ئەنـــــدامانی خێـــــزان و دوورکەوتنەوەیـــان بـــین، ئەو زانســـتە هەرهەمـــوو پێناسەو روداوەکانی وەک خۆی گوتووە رێک وەک خۆی.

وەلی لە دڵی خۆیدا دەیگوت: زانسـت راسـتییەکی حاشـــا هەڵنەگـــرە ئەوەتـــا ئەو گـــردەی لەســـەری وەســـتاوم تـــادێ بە جەســـتەی مرۆڤەکـــان بەرزو بەرزتـر دەبێت، ئێمەش دەبینە چینێک لەو چینـانەی زەوی و دەتـوێینەوە، بەشـێک لە جەسـتەمان دەبێـتە خۆراکی روەک و مارومێرو و بەشەکەی دی دەبێتە

بەرد ئەو بەردەی کەللەی تەنیا لە کەللەی مرۆڤەکان ڕەقتر نییە.

دیسانەوە دەیگوت: ژیانی نێو مندالدانی دایکم بیر نایە، هەروەک لەبیریشم نییە کە ناوکیان بڕیوم، نا مژینی مەمکی دایکیشم بیر نایە، ئەوە دەیسەلمێنێ کە خانەکـــان دەمـــرن و ئیـــدی دێـــن، ئەوەتـــا بە گەورەیش خانەکانی مێشکی مرۆڤ بە ملیاراتیان لێدەمرێ، دواتر خانەی نوێتر درووست دەبن، ئاخر لەگەڵ مردنـــــــی ئەم خانـــــــانە هەنـــــــدێک لە بیرەوەریەکانیش دەمرن، بزر دەبن‌و نامێنین ئیدی جێیان دەگرنەوە، دەشێ مرۆڤیش یەک خانە بێت، راستە لە دنیـــایەک خـــانە درووســـت بـــووە، بەڵام ئەویش خانەیەکی گەورەیەو دەمرێ و بیر دەچێتەوە دواتر ئیدی بەدوادادێ، لە خۆڕا ناگوترێ بەرداشی زەمانە لە هاڕین بەردەوامە، ئێستا دەرکەوت مردن لاوازە، مرۆی بوێر ئەوەیە بەژیان بوێرێ، چونکە ئەوە ژیانە بۆ مردنت دەهێنێ، ئاخر ڕۆژەکانی ژیان لەنێو دەخیلەی مردندا بزر دەبن، وەک بزر بوونی ئەو ئازیزانەی لەنێو دەخیلەی گۆڕەکاندان.

قەندیل لەنێو گومانێکی قوڵدا بوو ئەرکێکی قورس‌و بەرپرســـیاریەتێکی زەحـــمەت نیگەرانـــی کردبـــوو، هەرچەند بیری لە رزگارو نازدار دەکردەوە باوەڕی

نەدەکرد بوبنە رابردوو، بەڵام راستییەک بوو لەبەر چاوی، رێک وەک ئەوەی کە ئێستا دەیبینێ، ئەوەتا دولبەر بەهۆی نامەیەکی خەم ئامێزەوە دەیەوێ دەرگا داخراوەکان بکاتەوە، ئەوەتا ئەوجلە رەش و کۆن و چڵکنەی فڕێداوەو کراسێکی شینی تۆخ و تەنوورەیەکی شینی کاڵی لەبەرە، زۆر لە رەنگی گۆڕەکانی ئەو دوو عاشقە دەچن، جا ئیدی نازانێ بۆ ئەو رەنگانەی هەڵگرتووە تا بێتە ریزی ئەوانەوە یان حەزی رزگارو قەندیلە بەخۆیدا شۆڕ کردۆتەوە؟ بەڵام تۆقە زیویەکەی سەری نوێیەو ئەو شریتە شینەی ناوچەوان و پرچیشی پێبەستووە هەر نوێیە، ئەوەتا خۆشی لە پیس بوون و بەتۆز بوون پاراستووە، بۆیە هەموو ئەو گۆڕانکاریانە، پێمان دەڵێن یاساکانی ژیان ئەگەر قورسیش بن بەڵام هەمیشە دەرگایەک بەکراوەیی جێدەهێڵن، کڵاو رۆژنەیەک دەبێت بۆ روناکی و هیوایەک هەیە بۆ گەیشتن.

لەراستیدا قەندیل لە یەکەم دیتنی دولبەر عاشقی ببوو بەڵام هەرگیز رێگەی بەخۆی نەدەدا بەچاوی عاشقانە سەیری بکات چونکە رزگار لە نێواندا بوو، رزگارێک بە برینێکی قورس کە هەرگیز بۆی ساڕێژ نەدەکرا، بۆیە لەلای خۆی بەردێکی گەورە وەک ئەو

بەردە لەقیوەی بەسەر رزگارداهات لەسەریدانابوو، ئەو دەیزانی رزگار بۆیە نەرمی پیشاندەدا تا لەم خێزانە دانەبڕێ ئەگەرنا وەک خۆی گوتی هەرگیز ناسکی و باڵای نازدار بە هەموو دنیا نادەم.

ئێستا ئەو دەرگایەی لەسەری داخرابوو کرابۆوە تەنها وەڵامێک بەس بوو بۆ چوونە ژوورەوە، ئیدی تا ئێوارەیەکی درەنگ مانەوەو دواتر هەموویان بەرەو ئـــاوایی گەڕانەوە، هەر کە لە کەڵەکە بەردەکـــان ئاودیو بوون، تولە رێیەکە هەموانی ناچار کرد بەریز بڕۆن، دولبەر خۆی گەیاندە قەندیل و گوتی : کراسەکەم؟

قەنـــدیلیش زۆر بـــاش خـــۆی بـــۆ ئەم دەرفەتە ئامادەکردبوو، نامەیەکی پێچراوی وەک هی خۆی لە دەستیناو پێی گوت تەنیا بۆ تۆیە، ئیدی هیچی دیکە نەگــوترا، هەموویـــان لە بەردەبـــازەکە پەڕیـــنەوەو خۆیان بە ئاوایدا کرد.

****************

بـۆیەکەمین جـار بـوو دولـبەر نـامە لە کوڕێـک وەربگرێ، بۆیەکەمین جار بوو دڵی خێرا لێبداو سێ بەشـی رونـاک بێـتەوە، یەکەمـین جـاربوو پەنـجەی کـوڕێکی وێـکەوێ و هەسـت بە ئاسـودەیی بکـا، ئەو پەنـجەیە هێزێکـی نـامۆی تێدا بـوو، جیـاواز بـوو لە هەمــوو ئەو پەنجــانەی بەریکەوتــوون، چــونکە تەزوویەک لە پەنجەکەوە بەنێو دەمارەکانیدا رەتبوو،

تەواوی جەستەی داگیر کرد ئارامییەک و نەرم بوونەوەیەک هزری خاو کردەوە و تەواوی ئەو خانە کۆنانەی کوشت کە ئازاریان دەداو خەویان دەزڕاند.

ئەو گۆڕانەی بەسەریهات پێشتر نەیدیبوو، ئەگەر زوو فریای خۆی نەکەوتبا هەموو هەستیان پێدەکرد، ڕێگەی گۆڕستان و ئاوایی هەر بیست خولەک دەبوو بەڵام بۆ دولبەر هەر درێژ دەبۆوە، نیگای قەندیل زۆر شتی پێگوت بەڵام هەرگیز وەک و گوتنەکانی ناو ئەم نامەیە نابێ، پێشتر کە لە گۆڕستان یان شوێنێکی دی دەگەڕانەوە ماڵ، لەبەردەم ماڵی ئەو کوڕەی نازداری کوشت هەڵوێستەی دەکرد، مۆڕ دەبۆوەو نێوچەوانی گرژ دەبوو، بەڵام ئەم ئێوارەیە نا هەر لەبیریشی نەمابوو، بۆیە هەر کە خۆی بەماڵدا کرد چووە ژوورەکەی خۆی و نامەکەی کردەوە، نووسرابوو:

( لەجیاتی کراسێکی خوێناوی دڵم بۆ هێناوی )

زیاتر لە سەدان جار ئەم ڕستەیەی خوێندەوە، فرمێسکی دەوەری‌و دەیسڕیەوە، بۆیە خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکراو نەیدەتوانی کرانەوەو ڕوناک بوونەوەی سیمای بشارێتەوە، بڕیاریدا جارێ خۆی دەرنەخات‌و وەک خۆی بمێنێتەوە، چونکە لێدانی دڵی

خێرابببوو، خەندەیەک بەشاراوەیی خۆی حەشار دابوو، خەریکە وردە وردە خەمەکانی رابردووی جێیان دەهێشت دەشیزانی تا هەفتەیەکی دی ناتوانێ هیچ بکات، چونکە قەندیل دەچێتەوە کۆلیژو تەنیا پێنج شەممەو هەینیان دەگەڕێتەوە، ئەوەندە نەبێت هەولّدا کاریگەریەکانی ئەو نامەیە دلّرەقی نەکاتو هەموو شتێک بکاتە ئاوێزانی خۆشەویستییەک کە نازانێ لەکوێوە دێ و بۆ کوێی دەبا! خۆشەویستییەک خەریکە وەفاو رابردووی لێدەستێنێ، دەستی لە بینەقاقای ناخۆشیەکانی ناوەو بزە دێنێتەوە سەر کولّمەکانی، ئەو نازانێ ئەو هەستانە چۆن دێن و دەچن، بەلاّم دەرگایەکی کراوە دەبینێ کە روناکیەک لە گەلّی سەرەتاتکێ دەکا، نا هیچ نازانێ جگە لەوەی ئاراستەیەک هەیە دلّی بۆ وێ دەبا، دلّێکی پارچە پارچەی زامدار خوێنی هەلّبەزو دابەزیەتی خەریکە لە قەفەزەی سنگی دێتە دەرێ، ئەو دلّە داگیری کردووە بیرکردنەوەی گەمارۆ داوەو تەنیا ئاراستەی ئەو رستەیەی کردووە کە دەلّێ: (لەجیاتی کراسێکی خوێناوی دلّم بۆ هێناوی).

***************

ئیــدی هەفتەکــان ڕۆژەکــانی قوتــداو مانگەکــان هەفتەکانیان بردوو لەنێوان کارەساتە خوێناویەکان عەشــقێکی نــوێ چــرۆی کــرد، لەنێــوان گــۆڕی عاشــقەکان خۆشەویســتیەکی نــوێ لەدایــک بــوو، دڵرەقــی بەردو ماڵئــاوایی یەکجارەکیــان وردە وردە دەتوانــدەوە، لەنــاو کــۆڵانی نــازداری جــوانە مەرگــدا دەنگــی پێــی کەســێکی دی دەبیســتراو زســتانی ئەو ساڵە بەفرێکی نوێ کۆڵان و دڵەکانی سپی کردەوەو هەستێکی نوێ داگیرســاو خەریکی گەرمکردنەوەی گەڕەک بــوو، ژیــانێکی نــوێ خــۆی هاویشــتە نیــوان خەمە قوڵەکــانەوە، ژیانێــک مەگەر تەنیــا قەنــدیلو دولــبەر بــزانن چ هەســتێکی نــاوازەی لەخۆیــدا حەشارداوە.

ئـاخر زۆر زۆری نەبـرد سـاڵەکان مانگەکانیشـیان قوتدا، ئەوکاتە رەنگی گۆڕی رزگارو نازدار کاڵ کاڵ ببۆوە، بەڵام رەنگی جلەکانی دولبەرو کەسـەکانیان رەنگاو رەنگ ببوون، دڵی رزگارو نازدار توابوونەوە رزیبـــوون و خوێنیـــان تێـــدا نەمـــابوو، بەڵام دڵـــی کەسـەکانیان ژیـابوونەوە خـوێنێکی گەرم هەسـتێکی گەرم ئایندەیەکی نوێ رژابۆ ناوی، چەند سنەوبەرە تـــازە چێنراوەکـــان گەورەتـــر دەبـــوون، کـــۆڕو کۆبـوونەوەی ئـازیزان لەسـەر ئەم گڵکۆیـانە تەنکتـر دەبـوون، چەنـد گـۆڕ گۆڕسـتانەکەی بەرتەسـکتر دەکـردەوە، هێنـدەش گڵکۆیەکـانی نـازدارو رزگـار دوورتر دەکەوتنەوە.

قەنـــدیل خوێنـــدنی تەواو کردبـــوو، هێشـــتا لە دووکانەکەی ئەحەی بۆیاخچی دوو ئیشی نەگرتبوو، بەکونفەیەکونێـک ئەڵـقەی دەزگیرانـی دولـبەری لە پەنجەیـــدا دی، ئەگەر پێشـــتر بە شـــەرمەوە بە کۆڵانەکەیانـدا دەڕۆی ئێسـتا زۆربەی شـەوان بە خانەوادەوە دەچنە ماڵی نوری ددانساز، دووا شـەو کە سـەردانیان کـردن کـاتی ئاهەنگی گواسـتنەوەیان دەسنیشان کرد.

زۆری نەبرد و کاتەکان زۆر بەخێرایی دەڕۆشتن، خانەوادەی وەلی لەهەولێرەوە گەیشتن، هەر ئەوانا

چەند هاوڕێیەکی کۆلیژیشی هاتن، لەنێو گەڕەکی نازداری جوانەمەرگ لە عەسرێکی پێنج شەممەدا بوکوزاوایەک بەبەرگی کوردیەوە لەسەر دوو کورسی دانیشتبوون و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەگەیشتە ئەوسەری شار، بوک بە بەرگێکی سپی ژنانەوەو تارایەکی پەمەیی کاڵ داپۆشیبوو بەڵام سیما جوانەکەی لەژێر ئەم تارایەدا وەک مانگ دەدرەوشایەوە، زاواش بەرگێکی بزووی خورمایی لەبەر بوو، کەڵاشەیەکی هەورامی و پشدێنێکی جورجیەتی مارۆنی، تەنکە سمێڵێکی هێشتبۆوە هەر لە جوامێر دەچوو.

ڕەشبەڵەک کۆلانی بەجوڵە خستبوو، خەندە وەک باران بەسەر ئامادەبواندا دەباری، شەربەت و چوکلیات دەمی هەموانی شیرین کردبوون، شاباش ببووە کێبڕکێی نێو دوو خێزانو لەم نێوەندەدا چاوەشەکان خەنی ببوون، سەر سوێبان و سەربان و تەنانەت قەدی دارتێلەکانیش خەڵکیان پێوەبوو، لالی لەنێو باخچەکانی تەنیشت ئاوایی بەخێرایی دەیخواردەوەو گوێی لە دەنگی دەهۆڵ بوو، پێک لە دوای پێک هەڵیدەدا تا بە ئاهەنگەکە رابگا، جار جار حەمەجەزا لەناو تەسجیلەکەی لالیەوە دەیگوت: (شیلانە زیز بوونت نزیکە مەرگی منە، عەشقی تۆ لە

دڵما دەریایەکی بێبنە، پێکەنین خەندەکەت عەزابی قەبری منننننا).

شەماڵێک بەشنەشن دەنگی زوورڕناو بەندبێژەکەی دەبردوو لەنێوان گۆڕی رزگار و نازدار زایەڵەی دەهات، ئەو دەنگە گڵگۆیەکانی دەبڕی و لەنێو جەستەی دوو عاشقدا بەتاڵ دەبۆوە، فرمێسکی سەر گۆڕەکان وشک ببوونەوە، باڵندەکان زۆر بەبێ ترس لەسەر کێلەکان دەنیشتن، گوڵی ژێر قەدی دارەکان تینوو بوون، پێدەچوو دەمێک بێت ئاونەدرابن، باس و خواسی بەرد و مردنو چیرۆکی عاشقانە خەریکی لەبیر چوونەوە بوون، لەولاشەوە هەر لەناو ئاوایی بریقەی کراسە بە پولەکەکانی کچان ئاوی لە چاوی گەنجەکان دەهێنا، مەمکە تورت و خڕەکانی نێو سوخمەکان لەنێو ئەو رەشبەڵەکەدا هەڵبەزو دابەزیان بوو، پەنجەکانیان توند لە یەکتری ئاڵا بوون و حەزو موچوڕک لەوێوە دەخزایە تەواوی ئەندامانی جەستەیانەوە، سێپێیی تۆزی لە زەوی هەڵدەستاند، خرینگەی بازنی شوشەو زێڕ تێکەڵی یەکتری ببوون، بوکوزاواش کەوتبوونە نێو شاییەوەو هەلهەلەی دایکو کچان دەچۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان، رمبەی دەهۆڵ و کوتانی زەوی دارتێل و سویێبانەکانی دەلەراندەوە، نیگای لاوانی

برسی کەوتبووە بن هەنگوچکی ژنە بە کەفەڵەکان و کەواو کراس و ئاوەڵکراسیان هەڵدەدایەوە و لەسەر نەرماتی سمتیان دەلەرینەوە، حەزەکانیشیان لە سەر ئەو لێوانە دەنیشتنەوە کە بە سووراوێکی تەنک سواغ درابوون، دەستی کچە ناسکو نۆڵەکان لە نێو پەنجەی لاوە خورت و باڵا بەرزەکان وەها دەگوشرا خوێنی بۆ نەدەچوو سپی سپی ببوون، هەندێ جاریش کە شانیان هەڵدەتەکاند عارەقەی گەردنیان دەچۆڕایە درزی سوخمەیانەوە، کەزیەکانیان با دەیبردن و لە سمێڵی پیاوەکانی دەئاڵاند، لچکی ژنان کەوتبووە سەر شانیان و هەندێجاریش بەدەست سەرچۆپییەوە فڕکە فڕکی بوو، پرچی ئەو ژنانە با دەیشەکاندەوە سپیاتی مووی سەرنێوچەوانیان کە خەنەو وەسمەی نەگەیشتبوویە دەرکەوتبوون، چوکلیات لە ژێر پێیان دەفلیقایەوەو منداڵ لیکیان چۆڕابۆوە سەر یەخەیان، نیگای شەیدایانە لە گۆڕەپانی شایدا یەکتریان دەبڕی، هەندێ لەو نیگایانە هێندە برسی بوون وەک تیشکی لێزەر جلوبەرگی کچانیان دادەناو بەروتوقوتی دەبینران، دەهۆڵ و زوڕناش هەرچی وشەی عەیبەیە هەڵیدەڕشتە ژێر پێیانەوە.

لەنێو ئەو کەشە پڕ لە شادمانی و خۆشی پڕژێنەدا کە چەنــدین ســاڵ بــوو ئەو گەڕەکە بەخــۆیەوە نەدیبوو، تازە لالی بەسەر خۆشی خۆی گەیاندبووە نێو رەشبەڵەک و هێشتا نەچۆبۆ ناوشایی و دەستی نــازدارێکی نەگوشــیبوو، نەبــا کەزیەکــی لە ســمێڵی خشــاندبوو، هێشــتا دەنگــی حەمە جەزا لەمێشــکیدا دەزرنگــایەوەو دەیگــوت: (نەماخــانی هەتــا چیرۆکــی عیشــقی ئــێمە دارێــژێ، دەنــا هێشــتا لە کوردســتان دەژین زیـن و مەمێکی تـر). هێشـتا کەس پیرۆزبایی لە بوکوزاوا نەکردبوو، ئاهەنگی قەندیلو دولبەر لە ئەوجی گەرمیدا بـوو، تەواوی سـیماکان خەنـدەیان دەبەخشــییەوە، رمــبەی باگردێنێــک کە لەبەردێکــی سەرسـەختی سـپی داتاشـرابوو، لەبـن قـونی یەک لە دانیشـوەکان خـزی، خلـۆر بـۆوەو ریـنگەی لە تەپڵـی ســەری مێردمنــداڵێکەوە هێنــاو هەر لەوێ گیــانی لە دەسـتدا، ئەو میـرد منداڵە هەمـان ئەو منداڵەی ئەوێ ساڵێ بوو کە بەبەردێکی تیژ کە هەر لە سەری رمی مرۆڤەکـانی نیانـدەرتاڵ دەچـوو هاویشـتیو نـازداری وەک چـۆلەکە خسـتە خـوارێ، لەو شـوێنەی خـوێنی نـازداری تێـدا رژا لە هەمـان شـوێن خـوێن رژایەوە، ئــاهەنگەکە تێــک چــوو، جــارێکی دی بەردێــک لە ســوێبانێکەوە لەقــی و کـۆلانی سـوور کـرد، پرسـە

گەڕەکـی داگـرت، بەڵام ژیـان بەردەوام بـوو، وەک چۆن عاشـقەکان رۆشـتن و عاشـقی دی هـاتن، وەک چۆن خانەکان دەمرن و خانەی دی دێن، وەک چۆن کۆستەکان لەگەڵ لاشەی مردوەکان نێژران و ژیـان رەنگاو رەنگ بۆوە، ئاوا ژیان بەردەوام بوو.

ئەوەی کە گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر هات قەندیل بــوو، ئەو هەرگیــز بەلای زانســتی زەوی ناســی و پێکهاتەکــانی بەردو ئــاو و هەوادا نەچــۆوە، لالــی هێنایە لای خۆی و خەریکی رەنگ کردنی خانوەکـان بــوون، خەریکـی نـوێکرنەوەی دووکانەکـان بــوون، ماڵەکان بوون، مزگەوت و قوتابخانە کۆنەکان بوون، تەواوی شـار بـوون، لەمـاوەی سـێ سـاڵدا دولـبەر کوڕو کچێکی بوو، ناوی رزگارو نازداریان زیندوو کــردەوە، ئەوان رۆشــتن و ئیــدی هــاتن، وەک خانەکانی جەستەی مرۆڤ.

هەمــوو ســاڵێکیش گــۆڕی نــازدارو رزگــارو مێرمنداڵەکەیان بۆیاخ دەکردەوە، دەچونە باخچەکانی پشـتی قەڵات و ئێـواران بەلاکەلاک خۆیـان بەئاوایـدا دەکـردەوە، بەرگـی ئەحەی بۆیـاخچی پـاک ببـۆوەو قەنـدیل و لالـی بەرگـی رەنگـاو رەنگیـان لەبەر بـوو، لەو بەرگـانەی هەمـوو رەنگێکیـان تێـدا بـوو، بەڵام کەس نەیدەزانی چ رەنگن.

# کۆتاییی



قەڵادزێ



هەولێر

## چاپکراوەکانی نووسەر

1- چراکان ناکوژێنەوە..........شیعر
2- ناڵەی چیا پەنایەک بۆ تاشەکان..........کۆمەڵە چیرۆک
3- دلۆپە.......تایبەت بە لاوان
4- سمەجاویدان.......کۆمەڵە چیرۆک
5- جن بۆ خۆیم دەبا.......رۆمان
6- هێلانەیەک لە پەشمەک.....شیعر
7- لەقینی بەردەکان....رۆمان